


# بەشێک لە وتار، دیمانە و وەرگێڕاوەکانی

## هاوڕێ عەلی فەتحی

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی = جوولای ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

١- زۆربەی وەرگێڕە فارسەکان، دەقە مێژووییەکان بەقازانجی خۆیان دەشێوێنن............. دیمانە ..................... ٤
٢- ملوانکە........................................................................................... ١٤
٣- یادی گوڵێکی هەڵوەریو................................................................ ١٩
٤- پارتیزانەکان............................................................................... ٢٦
٥- باب دیلان.................................................................................. ٢٧
٦- شوناسە نەتەوەییەکان بەرەو کوێ هەنگاو دەنێن؟............................. ٣٠
٧- بێدەنگ! قسە مەکە..................................................................... ٣٢
٨- ساپفۆ........................................................................................ ٣٥
٩- دەستەکانت بێنە تا ژیانم بەردەوام بێ.............................................. ٣٨
١٠- مرۆڤێک پڕ لە گەورەیی.............................................................. ٤٢
١١- مۆژدە، مۆژدەی بە شەکیلا دا.......................................................... ٤٧
١٢- لۆرکا........................................................................................ ٥٠
١٣- هێلینی شێواو.............................................................................. ٥٤
١٤- ڕیچۆس و ئەدەبیاتی بەرگری........................................................ ٥٧
١٥- کۆرپەکان بە زمانی دایکیان دەگرین............................................. ٦٢
١٦- لەڕاستیدا تەنیا بە من، دەتوانین پێناسەی کەسێکی‌تر بکەین.................. ٦٦
١٧- مەشخەڵ................................................................................... ٦٩
١٨- ئازادی یا مەرگ.......................................................................... ٧٢
١٩- لە پەنجەرەی ژووری تەنیاییمەوە................................................... ٧٦
٢٠- وەرە پێکەوە بمرین..................................................................... ٧٧
٢١- ئەدەبیاتی چەپ و ئەدەبی بەرگری لە کوردستان یەک ئامانجیان هەبووە.......................دیمانە ............. ٨٤

٢٢- مرۆڤ، هزر و بیر و هەست و ئەوین................................................................... ٨٩
٢٣- بەبۆنەی تاڵیادی سی ساڵەی شەهیدانی وییەن.................................................... ٩١
٢٤- گڕی سەرماوەز و ئاڵای شەکاوە............................................................................ ٩٣
٢٥- ئەدەبییاتی کۆمار...................................................................................................... ١٠٠
٢٦- کۆمار لە ئاوێنەی شێعرەکانی سەردەمی خۆیدا................................................... ١١٠
٢٧- "با" و "ئانارشیسم"................................................................................................ ١١٩
٢٨- گواستنەوەی هزری نەتەوەیی بۆ نێو زەینی کۆمەڵگە.......................................... ١٢٢
٢٩- "کوردستان" و ئەدەبی بەرگری................................................................................ ١٢٨
٣٠- هەڵگەڕانەوە، دوایین قۆناغی ناهومێدی.................................................................. ١٣٦

چەند بابەتی لاپەڕەی فەیسبووک...................... ١٤٠

٣١- کیکی دیموولا.....
٣٢- نازانم باسی کامیانت بۆ بکەم. زۆر دژوارە.....
٣٣- ١٧ی خەرمانان، قەڵای دێموکرات مووشەکباران کرا.....
٣٤- کۆچت ئۆغر، ڕێبازت پڕ ڕێبوار.....
٣٥- وێنەی بەشێک لە کتێبەکان.....



## عەلی فەتحی:

## زۆربەی وەرگێڕە فارسەکان، دەقە مێژووییەکان بەقازانجی خۆیان دەشێوێنن

نووسین بە زمانی نەتەوەیەک کە تا ئێستا خاوەن کیانێکی سەربەخۆ نییە لەوانەیە لە جیاتی خێردانەوە بۆ نووسەرەکەی کێشە و چەرمەسەریشی بەدواوە بێ،بەڵام بە خۆشییەوە زۆر تاکی خاوەن هەڵوێست و چاونەترس لە نێو کورددا هەن کە بێ گوێدانە تەنگ و چەڵەمەکان دەروەستانە بە هانای نووسینی کوردییەوە هاتوون و خزمەتی بەرچاویان بە زمانی خۆیان کردووە.یەکێک لەوخاوەن قەڵەمانە کاک عەلی فەتحی یە.دیارە بەشێک لە کتێبەکانی کاک عەلی چاپ بوون و بەشێکیشی بە شێوەی کتێبی ئیلکترۆنی و پی دی ئێف کەوتووەتە بەردەستی خوێنەران و بەشێکیشیان تا ئێستا ڕۆشنایی چاپیان نەدیتووە. کاک عەلی لەدایکبووی ١٩٦٠، شاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لەو شارە تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٧٩وە تا ساڵی ١٩٨٦ وەکوو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە خزمەت شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە. پاشان بورسی خوێندنی(زەمالە) لەلایەن ئەنستیتۆی کوردەوە پێدراوە و لە وڵاتی یونان سەرقاڵی خوێندن بووە. ماستێری لە بەشی مێعماری (ئارشیتێک) لە دانیشگای پۆلیتێکنیکی ئاتێن وەرگرتووە. ساڵی ١٩٩٤ هاتووەتە وڵاتی سوئێد. ساڵی ١٩٩٧ لە شیرکەتی ئێریکسۆن وەکوو تێکنیسیەن دامەزراوە و تاوەکوو ئێستا بەردەوام ئەو کارە دەکات. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا، بێپسانەوە خەریکی نووسین و وەرگێڕان بووە. چالاکییەکانی پتر نووسینی ڕۆمان و وەرگێڕانی ڕۆمان و سەرچاوە مێژووییەکان لە زمانی یونانییەوە بۆسەر زمانی کوردی بووە.بە مەبەستی زیاتر ئاشنا بوون لە گەڵ بیروڕاکانی چاوپێکەوتنێکی کورتمان لە گەڵی پێکهێناوە و هیوامان بەردەوامیەتی.

### ئا: خەبات ڕەسووڵی

**خەبات ڕەسووڵی**: لە هەر چوار ڕۆمانەکەتدا مێژووی هاوچەرخی شۆڕشی کورد و ئێرانت کردووەتە هەوێنی ڕۆمانەکانت هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناوەرۆکە چیە؟

**عەلی فەتحی**: ئەوە کە ڕووداوەکانی مێژوویی بکرێنە هەوێنی ڕۆمانێک، دیاردەیەکی نوێ نییە. کە سەیری "منداڵانی نیوەشەو"ی سەڵمان ڕوشدی یا "سەمەرقەند" و "لیئۆی ئەفریقایی"ی ئەمین مەئلوف و زۆرانیتر بکەین، دەبینین کە ئەوانیش

ڕەوتی ڕووداوەکانی مێژوویان کردووەتە هەوێنی ڕۆمانەکانیان.

لە ڕۆمانەکانی منیشدا ڕوخسارەکان گرێدراوی ڕووداوەکانی دەوروبەریان لە باری زەمەنی و مەکانین. هەروەها ئەوەی بەلامەوە گرینگ بووە، ئاشناکردنی وەچەی نوێ لەگەڵ سەردەمی کەسوکاری بەرلەخۆی بووە. بەتایبەت ئەو میلیۆن مناڵانەی ئاوارەی هەندەران، یا ئەوانەی لە تاراوگە لەدایکبوونە، بۆیان گەلێک ناخۆشە کتێبێکی مێژوویان بدەیە دەست تا بیخوێننەوە، بەڵام دەکرێ لە قالبی ڕۆمانێکی شیرین و سرنجڕاکێشدا هەمان ئەو مێژووەی بۆ ئەوان بە زمانێکیتر بڵێیەوە.

**خەبات ڕەسووڵی**: هەست دەکەم لە زۆر جێگا ڕۆمان دەبێتە قوربانی مێژوو بە خۆت ئەم باسە چۆن دەبینی؟

**عەلی فەتحی**: زۆر لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم و ڕەدیشی ناکەمەوە. کاتێک ڕوخسارەکان خۆیان نەخشیان لە قەومانی ڕووداوە مێژووییەکاندا هەبێ، ناکرێ تەنیا لەبەر ئەوەی ڕۆماننووسین مەبەستە، ئەوان ونبن و هەڵاوێردرێن. ئەوان خۆیان خوڵقێنەری مێژوو و ڕەوتەکە بوونە.

**خەبات ڕەسووڵی**: ڕۆمانی کوردی کەمتر خۆ لە گێڕانەوەی مێژووی هاوچەرخ دەدات جەنابت ئەم دیاردەیە چۆن دەبینی؟

**عەلی فەتحی**: ڕەنگە ئەو کەمایەسییە بگەڕێتەوە سەر ڕەوتێک کە نووسەرانی کورد ڕەچاوی دەکەن، من بەش بەحاڵی خۆم، باوەڕم بە ڕیالیسمێکی قووڵ لە نووسینەکانمدا هەیە و هەر نووسەرێکیش خوێنەر و موخاتیبی تایبەتی خۆی هەیە. مێژووی هاوچەرخی ئێمە، لەبەر بەرژەوەندی سیاسی ناوچەیی گەلێک زوڵمی لێکراوە. گەلی کورد هێشتا لە قۆناخی ڕزگاریخوازیدا و بۆیە ئەگەر کەسێکیش لەو بارەوە بنووسێ، بێگومان هەندێ لایەنی ڕووداوەکان ناتوانێ وەکوو خۆی باس بکا و ڕەنگە زیان بە بەشێکی جوڵانەوەکە بگەیەنێ. بەڵام من خۆم هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، دەکرێ هەمان ئەو ڕووداوانە لە چوارچێوەی ڕۆمان یا بەسەرهاتێک یا هەرناوێکی لێبندرێ، بێنە بەرباس و ون نەبن.

**خەبات ڕەسووڵی**: تا چەندە لە گەڵ ڕۆمانە جیهانی و کوردییەکان ئاشنایەتیت هەیە و پێت وایە کێ توانیویەتی زیاتر کاریگەری لە سەرت هەبێ؟

**عەلی فەتحی**: بەدڵنیاییەوە منیش وەکوو هەر ئینسانێک، بەر لە نووسین، خوێندنەوە خۆزگەم بووە و ئەگەر ئیغراقم نەکردبێ، لە تەمەنی ١١ - ١٢ ساڵییەوە خووم بە خوێندنەوە گرتووە. چی بەردەست کەوتبایە، یا بەپێی بارودۆخی

هەژاری لێرە و لەوێ کتێب گەلێک وەگیرکەوتایە، لە نووسەرانی کورد و ئێرانی و وەرگێردراوی بیانی و دواتریش یونانی، خوێندوومنەتەوە. ناکرێ بڵێم نووسەرێکی دیار و تایبەت وەها کاری تێکردووم کە تەواوی نووسینەکانی خۆم مەدیوونی ئەو بزانم. لە هەمانکاتدا ئەووش ڕەد ناکەمەوە کە هەرکام لەوانە کاریگەری خۆی لەسەر ڕوح و زەینم داناوە. لە سەردەمێکدا کە گەنج بوومە، ڕۆمانی عاشقانە کاری خۆی کردووە. دواتر شۆڕش دەستی پێکردووە و چی پێوەندی بە بزاڤی ڕزگاریخوازی هەبووە، بەلای منەوە وەکوو پێشمەرگەیەک شیرین بووە. لە سەردەمێکیشدا کە خەریکی خوێندن لە دانیشگا بوومە و تێکەڵاویم لەگەڵ ئەدەبیاتی یونانی هەبووە، بەدڵنیاییەوە ئەویش کارتێکەری قووڵی خۆی هەبووە.

**خەبات ڕەسووڵی**: **تەکنیکەکانی ڕۆماننووسینی جیهانی چۆن دەبینی و پێت وایە تا چەندە توانیوتە لەو تەکنیکانە کەڵک وەربگری؟**

**عەلی فەتحی**: پێشتر ئاماژەم بە دوو نووسەری بەتوانا کرد: ئەمین مەئلووف و سەڵمان ڕوشدی. ئەو شێوازەی کە ئەوان لە چوارچێوەی ڕۆماندا، ڕووداوەکانیان تۆمارکردووە، بەلامەوە جوان بوونە، ڕەنگە زۆر کتێب و بابەتم لە سادقی هیدایەت و ژانپۆلسارتێر و کەسانیتر خوێندبێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پتر ئەدەبیاتی ڕەشیان ڕەچاوکردووە، زۆر کاریگەریان لەسەر من نەبووبێ. لە وڵامی پرسیاری چوارەمدا هەندێ ئاماژەم بەو کارتێکەرییە کردووە، ئەگەر بڵێم هەرکەس خاوەن تەکنیکی خۆیەتی، شتێکی بەناهەقم نەگوتووە. من خۆم لە ڕوانگەی خۆمەوە و بەپێی سەلیقەی خۆمەوە دەنووسم و چ جارێک خۆم نەخستووەتە نێو قالبێکی دیاریکراو. قەرار نییە کە قەڵەمت بەدەستەوە گرت، حەتمەن پێشتر مۆدێلێک هەڵبژێری و ڕێچکەی کەسێک بگرییە بەر. هەر قەڵەمێک بە چاک یا خەراپ خاوەن کەسایەتی خۆیەتی. لاساییکردنەوە نە گونجاوە و نە دەشتوانی جێگای خۆی لەنێو زەین و هەستی خوێنەردا بکاتەوە. قەڵەم دەبێ ڕەها بێ و نووسەریش وەکوو سوارچاکێک ئەو ڕێگەیە بگرێتە بەر کە کورتتر و ڕاحەتترە و سەربەخۆیی خۆیشی لەبیر نەکا.

**خەبات ڕەسووڵی**: **بێجگە لە نووسین کاری وەرگێڕانیش دەکەی چۆن کتێبێک دەستنیشان دەکەی بۆ وەرگێڕان و پێوەرەکانت بۆ ئەم هەڵبژاردنە چین؟**

**عەلی فەتحی**: سەبارەت بە وەرگێڕان، سەرەتا با ئەوەندە بڵێم کە سێ بوارم بۆ وەرگێڕان هەڵبژاردووە کە بریتین لە: کتێبی مێژوویی، ڕۆمان و شێعر.بەدڵنیاییەوە بۆ هەرسێک بوار، ڕوانگەی تایبەتم هەبووە. سەبارەت بە کتێبە مێژووییەکان: هەروەک دەبینن، پتر ئەو سەرچاوانن کە لە سەردەمی باستان لەلایەن یونانییەکانەوە نووسراون و باسی کورد و ناوچەی نیشتەجێیی کوردەکان دەکەن. ئێمە خۆمان بە نووسراو هیچمان نییە و ناچارین کەڵک لە سەرچاوە بیانییەکان وەرگرین.

لەبەرئەوەی خوێنەر و نووسەرانی کورد، خۆیان توانایی خوێندنەوە و وەرگێرانی ڕاستەوخۆیان لە زمانی یونانییەوە نەبووە، ئەو سەرچاوانەیان تەنیا بە زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی خوێندووەتەوە و کەڵکیان لێوەرگرتوون، زۆر جار تووشی هەڵەی گەورە هاتوون. چونکە دەقە فارسی و تورکی و عەرەبییەکانیش وەرگێراوی ئینگلیزی و زمانەکانیتری جیا لە یونانی بوونە. ئەوەش ناشارمەوە، بە ئەزموونێکی دەستم کەوتووە، بەشی هەرە زۆری ئەو وەرگێردراوانە و بەتایبەتی فارسییەکان، تەواو دەستکاری کراون و بەقازانجی نەتەوەی باڵادەست نووسراونەوە، ئەگینا ئەگەر تەحریف نەبێ، چۆن گزنفۆن لە تەواوی کتێبەکەیدا دەڵێ لەشکری یونانی دژی لەشکری بەربەر لە شەڕدا بووە، بەڵام لە وەرگێرانی فارسیدا، ئەوەندەی شەڕەکە لە ناوچە فارسنشینەکان بووە، خێرا دەقەکە گۆڕاوە بەوە کە لەشکری یونانی دژی لەشکری ئێرانی شەڕی کردووە و کاتێکیش شەڕەکە گەیشتووەتە ناوچە کوردنشینەکان، دوبارە قسەی گزنفۆن وەکوو خۆی نووسراوەتەوە و لەشکری یونانی دژی لەشکری بەربەرەکان شەڕی کردووە!!! ئەوە پێماندەڵێ کە بەلای وەرگێری فارسەوە، سەربازانی فارس لەشکری ئێرانین، بەڵام کورد نەک کورد نین، وەک ئێرانیش حیسابی بۆ نەکردوون و قسەکەی گزنفۆنی پێ ڕاستە و بەربەرن. جیالەوە کە ئێجگار هەڵەی زەقیشیان تێدا بەرچاو دەکەوێ. بەواتایەک دەبێ بڵێم تەحریف کراون و هیچیتر. تازە لەو دواییانەدا دەرکەوتووە کە وەرگێردراوە ئینگلیزییەکانیش زۆر جێگای ئیعتبار و باوەڕپێکردن نین، بەڵکوو وەرگێڕاوە ئاڵمانییەکان دروستتر و باوەڕپێکراوترن. لە وەرگێردراوە فارسییەکاندا کە من پتر سەیریان دەکەم، سەرەتا دەبێ بڵێم، لەبەر ئەوەی ناوەکانیان لە ئینگلیزیرا وەرگرتووە و ئەوانیش لە یونانییەوە وەریانگرتووە، ئەو ناوانە بەلایەکی وەهایان بەسەرهاتووە هەر ناناسرێنەوە. یا دەبینی لە دەقی یونانیدا دەڵێ شاری فلان ١٥ ستادیۆ (پێوانەی مەودا لەو سەردەمدا) لە دەریا یا ڕووبار دوورە، کابرای فارس کردوویە بە ١٥٠ ستادیۆ. بیری لێبکەوە کە سبەی‌ڕۆژ کەسێکی کەونارناس دێت و دەخوازێ شوێنی ئەو شارە بدۆزێتەوە، دەبێ چۆن بزانێ ئەو شارە کە هیچ ئاسەوارێکی دیار نەماوە و لەژێر خاکدا نوقمبووە، لەکوێ هەڵکەوتووە. بەگشتی هەڵە لەو بارەوە ئەوەندە زۆرە کە ئیتر بۆ باسکردن نابێ. لەبابەتێک نەگەیشتوون، کابرای وەرگێر هەروا لە یەخەی خۆی کردووەتەوە، چونکە پێش ئەویش وەرگێری ئینگلیسی لێی‌تێنەگەیشتووە، ئیتر هەڵە بەدوای هەڵەدا هاتووە و نموونەم زۆرن. باوەڕ بفەرموو لە دەیان جێگا هێرۆدۆت، گزنفۆن یا ستراڤۆن کە باسی شوێنێک دەکەن، بۆ وێنە دەڵێن ئەو ڕووبارە یا ڕێگایە بەرەو خۆرئاوا دەڕوا، ئەوان لە وەرگێڕاندا نووسیویانە بەرەو خۆرهەڵات دەچێ. کەوابوو لە وەڵامی پرسیارەکەدا دەتوانم بڵێم، خزمەتکردن بە کتێبخانەی کوردی و توێژەر و نووسەرانی کورد، لەمەر دەستپێڕاگەیشتنیان بە سەرچاوەی دروست، واتە وەرگێراوی دەقەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە یونانییەوە بۆ کوردی، ئامانجی سەرەکی من بووە.

لە بەشی وەرگێرانی ڕۆمانەکانیش، هەوڵمداوە، پتر ئەو ڕۆمانانە بن کە لەگەڵ ڕوح و ئازارەکانی کوردی مەینەتچێشتوو یەکتر دەخوێننەوە و کوردیش دەبێ تێبگا کە تەنیا هەر ئەوان نین کە خەبات دەکەن و ژیانیان ناسازگارە، بەڵکوو

خەڵکانی دیکەش لە پێناو سەربەخۆیی و ڕزگاریدا خوێنیانداوە و گیانیان بەختکردووە. پتر ئەو بابەتانەم هەڵبژاردووە کە لەگەڵ نووسین و شێوازی خۆم ڕێکن. لە چوارچێوەی وەرگێڕانی شێعریشدا پتر ڕەچاوی گەشبینیم کردووە. کورد لە قۆناخی ڕزگاریخوازی و بەرخۆداندا و بژاردەکانی منیش لە شاعیرانی یونانی و شێعرەکانیان، پتر لە مایەی خۆڕاگریدا. بەواتایەک ئەدەبیاتی خۆڕاگری و بەرگری مەبەستی من بووە.

**خەبات ڕەسووڵی**: لە وەرگێڕاندا چ ستایلێک ڕەچاو دەکەی؟

**عەلی فەتحی**: لە کاتی وەرگێڕاندا، جیاوازی هەیە لەنێوان بابەتەکاندا. کە بابەتێکی مێژوویی زانستی بێ، وەرگێڕ دەست و باڵی کراوە نییە بەدڵی خۆی چۆنی حەزی لێیە دەقەکە دابڕێژێ. دەبێ ئەمانەتی بابەتەکە پارێزراو بێ، بۆیە وەرگێڕ ناچارە ڕستە بە ڕستە و وشە بە وشەی بابەتەکە وەبەرچاو بگرێ. لە وەرگێڕانی ڕۆماندا، ئازادی پتر لەگۆڕێدایە. بابەتەکە زانستی نییە و وەرگێڕ هەوڵدەدا ئەدیبانەتر بیخاتە بەرچاوی خوێنەر. لە وەرگێرانی شێعردا، ئیتر وەرگێر مانا و مەفهووم و پەیامی شێعرەکە وەردەگرێ و بەشێوە و ستایلێک کە خۆی لێی شارەزایە،

دایدەڕێژێتەوە. لیرەدا ئیتر زمانی ڕەوان و پاراو ڕۆڵی کاریگەری هەیە.

**خەبات ڕەسووڵی**: بەشێک لەو کتێبانەی وەرتگێڕاون باسی مێژووی کۆنی یۆنانە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بەشە لە مێژوو چیە؟

**عەلی فەتحی**: هەرچەند پێشتر وڵامی ئەو پرسیارم تا ڕادەیەک داوەتەوە، بەڵام دەتوانم ئەوەندەی پێوە زیادبکەم کە یونانییەکان، چ وەکوو گەڕیدە، چ وەکوو لەشکری بەکرێگیراو، تەنانەت دواتر وەکوو داگیرکەریش، لە فەترەیەکی زەمەنی دیاریکراودا نەخشی بەرچاویان لە ئاڵوگۆڕەکانی ئاسیادا بەگشتی و مێسۆپۆتامیادا بەتایبەتی هەبووە و ڕووداوەکانیان تۆمارکردوون و بوونەتە سەرچاوەی نێونەتەوەیی بۆ توێژینەوەی مێژوو. دەکرێ بڵێم هیچکام لە گەلانی ناوچە بەقەدرا یونانییەکان بەڵگەی نووسراویان سەبارەت بەو سەردەمە لەدوای خۆیان جێنەهێشتووە. کوردیش کە هیچکات خۆی بە نووسینەوەی مێژووەکەی ماندوو نەکردووە، ئەمڕۆ ناچارە کەڵک لەو سەرچاوانە وەرگرێ. منیش هەر لەو ڕاستایەدا خۆم سەرقاڵی وەرگێرانی دەقە یونانییەکان کردووە، بۆوەی لانیکەم لەو بەشەدا چیتر موحتاجی دەستی وەرگێڕاوە تەحریف کراوەکانی دراوسێیەکانمان نەبین.

**خەبات ڕەسووڵی**: بێجگە لە مێژوو خەریکی وەرگێڕانی شیعریشی ئەم شێعرانە چۆن هەڵدەبژێری بە چ مەبەستێک وەریاندەگێڕی؟

**عەلی فەتحی**: لە شێعریشدا، وەکوو ڕۆمانەکان، پتر ڕوانگەی بەرگری و خۆڕاگریم وەبەرچاو گرتووە. کورد شاعیری زۆرە و شێعریش فراوان، بەڵام من بۆیە ئەو پەنجەرەیەم کردەوە، تا خوێنەری کورد لەگەڵ ئەدەبیات و شێعری یونانی ئاشنا بکەم. ئەدەبیاتی بەرگری ئەوان کە ٥٠٠ ساڵ لەژێر سەیتەرەی تورک و گەلانیتردا بوون، ئێجگار دەوڵەمەندە. هەروەها لەبەر ڕەنگدانەوەی فەلسەفە لە شێعرەکانیاندا، شاعیری یونانی زۆربەی کات شتێکی ڕێئالی و دوور لە فانتازی و خەیاڵی هەیە بە خوێنەر بڵێ. کەسانی ناسراوی وەکوو یورغۆس سێفێریس (براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی)، یانیس ڕیچۆس (خاوەنی زۆرترین بەرهەمی شێعریی لە جیهاندا) ، کەڤافیس، ساپفۆ (شاعیری سەردەمی باستان)، کاترێرینا غۆغوو و کیکی دیمولا و زۆرانیتر، شێعرەکانیان بۆ بەرگری لە خاک و نیشتمان، بۆ مافی ئینسان و پشتیوانی لە هەژار و چەوساوەکان نووسیوە، نەدەکرا لەلای کورد نەناسراو بمێننەوە. با ڕوانگەیەکیتریش لە شێوازی شێعر هۆنینەوە وەبەرچاوبگرین. با هەندێ بچینە نێو دنیای فەلسەفی ئەوانیش کە تەواو لێیشارەزان.

**خەبات ڕەسووڵی**: ئاستی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا چۆن دەبینی؟ و گرفتەکانی بەردەم وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی چین؟

**عەلی فەتحی**: هیچ شتێ ناتوانین موتڵەق بیری لێبکەینەوە. بەدڵنیاییەوە کوردیش وەکوو گەلانیتر، مرۆڤی گەلێک بەتوانای لەو بوارەدا هەیە، سەرەڕای هەموو بێئیمکاناتییەک و نەبوونی نێوەندێکی حکوومی کە بتوانێ پشتیوان و یارمەتیدەر بێ، بەتایبەت بۆ ڕاهێنانی زانستیانە لەو بەستێنەدا. وەرگێڕی کورد، کەسێکە خۆی خۆی پێگەیاندووە. قوتابخانەیەک نەبووە تێیدا پەروەردە بێ. بەڵێ کورد بەرهەمی وەرگێڕاوی هەیە کە قەرە لە قەرەی وەرگێڕاوە جیهانییەکان دەدا، بەڵام کە خاوەن کیانی ئازادی خۆت نەبووی، وەکوو پاڵەی بێ مووچە کەس هەست بە بوونت ناکا.

**خەبات ڕەسووڵی**: بۆچی تا ئێستا ڕۆمانەکانت ڕۆشنایی چاپیان نەدیتووە؟

**عەلی فەتحی**: بەداخەوە خۆم توانایی ماڵیی چاپم نەبووە، کوردیش بەپانەوە ئەوەندە ئەهلی خوێندنەوە و کتێب کڕین نییە، تا بکرێ پارەی کتێبێک بۆ چاپی کتێبێکی دیکە خەرج بکەم. لە باشووری کوردستانیش بەداخەوە ئیمکانی چاپم بەو شێوەیە نەبووە. خۆشم لە خۆرهەڵاتی کوردستان نیم و لەوێ ناژیم تا بتوانم بەرهەمەکانم چاپبکەم، هەرچەند هیچکات دەسەڵاتدارانی ئێران ڕێگە بە چاپی بەرهەمی لەشێوەی نووسینەکانی من نادەن.

ئەوەندەی بۆم ڕەخسابێ لە دەرەوە هەوڵمداوە.

**خەبات ڕەسووڵی**: چەند کتێبت هەیە و تا ئێستا چەند دانەیان چاپ کراوە؟

**عەلی فەتحی**: خاوەن ١٤ کتێبم. ٣ کتێبی مێژوویی، ٥ کتێبی ڕۆمانی خۆم و وەرگێڕاو چاپکراون. ٥ کتێبیش ئامادەی چاپن و چاوەڕوانی مەجالێکم بڵاویان بکەمەوە.

**کتێبەکانم بریتین لە:**

- ئازاری خەونەکان. ڕۆمان
- تەسلیم یا مەرگ. ڕۆمان
- مۆمەکانی سپێدە، ڕۆمان
- بارەگای حاجی ڕەشید. ڕۆمان

**ڕۆمانی وەرگێڕاو**:

- گوڵەبەفرینەی خوێناوی، جەمیل توران.
- بیرەوەری کۆیلەیەک، ستراتیس دوکا.
- ژمارە ٣١٣٢٨، ئیلیا ڤێنیزی.
- ژنی خەیانەتلێکراو، سیمین دوبووار
- پەڕاوی شاراوە، ئاڵبا دێ سێس پێدێس

**کتێبە مێژووییەکان:**

- مێژووی هێرۆدۆت، نووسینی هێرۆدۆت.
- ئاناباس، نووسینی گزنفۆن.
- کورد و کوردستان، کەماڵ بورکای
- جۆغرافیای ستراڤۆن، بەرگی ١٦، نووسینی ستراڤۆن.

**کۆمەڵە شێعر لە شاعیرانی یونانی و شاعیرانیترەوە:**

**پەنجەرەکان**

**خەبات ڕەسووڵی: ژیانی تاراوگە تا چەندە یارمەتیدەر بووە بۆ بەردەوامی نووسینەکانت؟**

**عەلی فەتحی: ژیان لە تاراوگە گەلێک دژوارە. ئینسان دەبێ بۆ دابین کردنی بژێو بەردەوام کاربکا. جیا لە ئەرکی ڕۆژانە و کار بۆ بژیو، ئەگەر کات مایەوە، ئەوجار سەرقاڵی نووسین بی. ئەوەش بۆ کەسێک بخوازێ بەشێوەی پرۆفیشناڵ بنووسێ و چاپبکا، زۆر زەحمەتە.**

**خەبات ڕەسووڵی: بیرەوەری وەک ڕەگەزی سەرەکی ڕۆمانەکانت دەبینرێ هۆکاری ئەوەی کە زۆرت کەڵک لە بیرەوەری وەرگرتووە چیە؟**

**عەلی فەتحی: ئەزموونی ژیان هەمیشە لە ئاوێنەی هزر و زەینی نووسەردا ڕەنگ دەداتەوە، تەنانەت نووسەرانی ناسراوی جیهانیش، لە نووسینەکانیاندا کەوتوونە ژێر تەئسیری ڕووداوەکانی دەوروبەریان. جا چ بگا بە کوردی ماڵوێران کە بەردەوام لەژێر زەخت و گوشار و شەڕ و ئاوارەییدا بووە. نووسەری کوردیش یەک لە ئەندامانی کۆمەڵگاکەیەتی. کاتێک دەبینم تەمەنم پڕبووە لە ئاوارەیی، شەڕ و ماڵوێرانی، گەلێک سروشتییە بەشێوەیەکی ڕێئالیستی ڕووداوەکان لە قالبی ڕۆماندا بێنمە بەرباس. کەوابوو چۆن دەتوانم لە دنیایەکی خەیاڵیدا بیر لە تەکنۆلۆژیای سەردەم بکەمەوە و شەڕی هەسارەکان بکەمە هەوێنی نووسین.**

**خەبات ڕەسووڵی: لە زۆربەی نووسینەکانتدا باسی ژنان و لەدایک بوونی منداڵ و ئازارەکانی لە دایک بوونی منداڵ دەکەی ،ئایا ئەوە عەمدییە ، یان بەرێکەوت زۆر ئەم باسە هاتووەتە گۆڕێ؟**

**عەلی فەتحی: بەڵێ، دەکرێ بڵێم لە هەموو ڕۆمانەکانمدا، تەنانەت لەوانەی وەرگێڕاویشن، ژن ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە. ئەوە دەگەڕێتەوە سەر باوەڕەکانی من سەبارەت بە نیوەی ئەندامانی کۆمەڵگاکەم. بەدڵنیاییەوە ناتوانم چاوپۆشیان لێبکەم، بەڵکوو بەپێچەوانەوە هەوڵدەدەم بۆ دادپەروەرییەک کە ئەوانیش وەکوو پیاوان هەست بە سەربەستی و سەروەری خۆیان بکەن. من کە باسی ئازارەکانیان دەکەم، هاوشان وریایی و خۆڕاگریشیان وێنادەکەم و قارەمانەکانم لەنێو ئەوان**

هەڵدەبژێرم. ئەوان جیا لە ژیانی پڕ لە مەینەتی کۆمەڵگای داخراوی کوردستان، دەبێ سەدان ئازاریتر، جا لە منداڵبوونەوە بگرە تا دەگاتە سەرپەرشتی و بەخێوکردنی جگەرگۆشەکانیان، چیها ئازاریتر قبوڵ بکەن. دەکرێ بڵێم نووسینەکانم ڕاسان دژ بە سیستەمی نادادپەروەرانەی کوردە لە سەدەی ٢١ دا.

**خەبات ڕەسووڵی**: لە زۆربەی نووسینەکانتدا دنیایەکی ڕەش وێنا دەکەی زیندان و هەڵات هەڵات و مردن و خەم و فرمێسک و خوێن پێت وانییە زۆر رەشبینانە دەڕوانییە دنیا؟ یان دنیا بەراستی ئاوایە تەنیا وێنات کردووە؟

**عەلی فەتحی**: ئەوە کە ڕەوتی ڕووداوەکان بەچەشنێک بووە کە زیندان و دەربەدەری و مەرگ و خەمی لێکەوتووەتەوە، خوڵقاوی خەیاڵی من نەبووە. ڕووداوەکان بەو ئاقارەدا هاتوون و منیش وەکوو نووسەرێک نەمویستووە درۆ لەگەڵ قەومانەکان بکەم. با نموونەیەک بێنمەوە: کاتێک ئیلیاس وێنێزیسی نووسەری یونانی خۆی یەک لەو کەسانە بووە کە لەکاتی ڕەشەکوژی ئەرمەنی و یونانییەکان بەدەست تورکەکان، بەزۆرەملی ڕاگوێزراوە بۆ ئۆردوگای بێگاری لە قوڵایی خاکی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان و هەزاران قوربەسەری دیتووە، مەرگی ئازیزانی دیتووە و زۆر ڕووداوی دڵتەزێنی دیکە، ئایا دەیتوانی لە ڕۆمانەکەیدا باسی ژیانێکی پڕ لە بەختەوەری خۆی لە کۆشکەکانی سوڵتانی عوسمانیدا بکا.... بەدڵنیاییەوە نا. چیدیتووە، ئەوەی هێناوەتە بەرباس. منیش و هەمووی ئەوانەی لە ڕۆمانەکانمدا نەخشیان هەبووە، بەداخەوە تووشی خۆشی نەهاتووین و چی بەسەرمان هاتووە، لە نووسینەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە. بەڵام، سەرەڕای ئەو گشتە نەهامەتییانە ورەمان لە جێگای خۆی بووە و بەرەو خۆزگەکان هەنگاومان ناوەتەوە. چی بکەین کە لە سەردەمێکدا ژیاوین و دەژین کە خۆشی باری کردووە و قۆناخ، قۆناخی ڕزگاریخوازییە و دەبێ نرخی بۆ بدرێت.

**خەبات ڕەسووڵی**: ژیانی پێشمەرگایەتی پڕە لە بەسەرهات، جەنابت هەوڵت داوە وەک کەرەسەیەکی خاو کەڵک لەم بەسەرهاتانە وەربگری، یان تێکەڵ خەیاڵت کردوون؟

**عەلی فەتحی**: هەر چرکەیەک لە ژیانی تاکی کورد، خۆی سووژە و کەرەسەیە بۆ خوڵقانی ڕۆمانێک. بەباوەڕی من نووسەر هیچ پێویست ناکا بەدوای بابەتی خەیاڵیدا بگەڕێ. بەڵێ، منیش تاکێکم لەو کۆمەڵگایە. هەموو ئاڵوگۆڕێک بە چاک و خەراپ کاریگەری لەسەر ڕوح و زەینمدا هەبووە و دەیبێ. کاتێک پێشمەرگە بوومە، هەموو ساتێکی ژیانم مەترسییەک بووە بۆ نەمانم، دەی چۆن ئەوە کاریگەری لەسەر نووسینەکانم نابێ. بەردەوام تووشی ڕووداوی سەیروسەمەرە و خۆش و ناخۆش هاتووین. مرۆڤی خاوەن خوو و ڕەوشتی جیاواز بەدەوری یەکترەوە بووینە و ژیانی هەرکامەیان ڕۆمانێک بووە. چۆن دەکرا ئەو مرۆڤانە لەبیربکرێن؟

**خەبات ڕەسووڵی**: بە سەرنجدان بە دنیای ئەمڕۆ کتێب خوێندنەوە هەست ناکەی لە کزی داوە؟یان پێت وایە روو لە گەشەیە؟ بە گشتی چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟

**عەلی فەتحی**: ئینترنێت وەکوو ئامرازێک، باشی و خەراپی خۆی هەیە. بەڵێ کتێب خوێندنەوە لە کەمیداوە. هەڵبەت لای ئورووپییەکان نەریتی خوێندنەوەی کتێب هێشتا خۆی پاراستووە، چونکە وەکوو فەرهەنگ نەهادینە بووە، ئەوان کتێب وەکوو کتێب دەبینن و ئینترنێت وەکوو ئینترنێت، بۆ ڕۆژنامەش بە هەمانشێوە، بەڵام بەداخەوە تاکی کورد هەر بەرلە بوونی ئینترنێتیش کەمتر خوێنەر بووە، جا چ بگا بە ئێستا. ئەو، کتێبی لە ماڵەوە هەبووە نەیخوێندووەتەوە، چۆن ئێستا پارە دەدا و لە کتێبخانەی ئێلێکترۆنیدا دەیخوێنێتەوە!! من لەو باوەڕەدام کە دەبێ پتر هەوڵبدرێت نەریتی بێزاری لە کتێب چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ٢٢ی فێبریوێری ٢٠١٦

---

## ملوانکە

"ئەوان بەرەو بەرزایی هەڵکشان، تا دەستیان بە خاک رابگا"

یانیس ڕیچۆس.

خەمێکی قوڵ دایگرتبوو. هەواڵی مەرگی براکەی ئازاری دەدا. زۆر مناڵ بوو جێی هێشتبوو. دوای دەیان ساڵ تەنیا بۆ کاتژمێرێک توانیبووی چاوی پێی بکەوێتەوە.

لە سەر گاشە بەردێک دانیشتبوو و سەیری گەڵیەکەی خوارەوەی دەکرد. لاپەڕەی بیرەوەرییەکانی نێو زەینی خۆی هەڵدەداوە. هەستی دەکرد لەو سی ساڵی دواییدا رووداو گەلێک قەوماون و براکەی لێیان بێبەش بووە. هەرجارێ هەناسەی حەسرەتی هەڵدەکێشا، بەهۆی شنەبای ئەو سەرە بەرەو شیوی خواروو بڵاوەی پێدەکرا.

ئازاد لەولاتر چاوی تێبڕیبوو. تێگەیی کە ئەو دوور دەڕوانێ و لە خەیاڵدا گەڕاوەتەوە دواوە. لێی‌نیزیک کەوتەوە. دەستێکی لە سەر شان دانا.

* کاکە، ئەوەندە خەفەت مەخۆ، ژیانە و کۆڵێک ئازار و مەینەت...
* دەزانم ئازادگیان. غەدرە، غەدرێکی گەورە. برای بچووکم بوو. ئەو کاتەی بەجێم‌هێشت و رووم لە پێشمەرگایەتی کرد، ئەو مناڵ بوو. دوای سی ساڵ چاوم پێی‌کەوتەوە، ئەویش تەنیا بۆ یەک کاتژمێر...

* هەستە با پیاسەیەک بەرەو داوێنی خوارەوە بکەین. کانیاوێکی خۆشی لێیە. ئاوێکی فێنک بە ڕوخسارتدا بکە و دڵنیام نەختێک دێیەوە سەرخۆ. باوەڕ بکە سەبارەت بە ژیانی خۆم بدوێم، هەموو ئازارەکانت لە بیر دەکەی.

یەکەمجار بوو هەستی کرد وەکوو سکرتێر لەگەڵ پارێزەرەکەی قسە ناکا، بەڵکوو برای بچووکی خۆی لایەتی و پێکەوە بە مەبەستی گەڕان لە قەڵا دەرکەوتوون و هاتوونە شاخ.

* یانی ئازاد گیان، تۆ دەخوازی من خەمەکانی خۆم فەرامۆش بکەم و بیر لە کاروباری سکرتێری نەکەمەوە و گوێ لە ئازارەکانت بگرم؟

ئازاد وەکوو خووی هەمیشەیی، قاقایەکی لێدا.

* ئەی باشە برای گەورەم بۆ چییە. خاڵە خاڵە بۆوەیە چوێلەکانم بۆ بگرێ. ئەگەر بە قسەی من بێ، خەمەکانی خۆت وەلا دەنێی، سکرتێریش بمێنەوە بۆوەی بە چاکی گوێ لە ئازارەکانی من بگری.

لە سەر کانی و تەواوی ڕێگادا، ئازاد باسی ژیانی خۆی کرد.

* کاکە، ئەگەر ژیان بە من قەرزدار نەبێ، من دەینداری ئەو نیم. دەبێ ڕۆژێک نووسەران لە سەر ژیانی من و ئازادەکان بنووسن. چیرۆکی ئێمەمانان پڕن لە تابلۆی بێدەرەتانی...

ئازاد وێدەچوو کەسی خۆی دۆزیبێتەوە!. وردەوردە چووە نێو گۆمی مەندی ژیان. بەوپەڕی متمانەوە باسی ژیانی خۆی دەکرد. بنەماڵەیەکی هەژار، وەکوو هەزاران بێدەرەتانی نیشتمانەکەمان، ئەوە سەرەتا و کۆتایی بەسەرهاتی چیرۆکی ئەو بوو.

قاقا و پێکەنین بۆ ساتێکیش لێی دوورنەدەکەوتەوە.

* ئازاد، تۆ ئەوەت باشە، ئەگەر باسی ئازارەکانی خۆیشت دەکەی، بزە و پێکەنینت لێنابڕێ!

* کاکە، لەو ڕۆژەوە کە لەدایکبوومە، ژیان دەخوازێ پێمپێبکەنێ، بەڵام بە پێچەوانەوە، من بە قاقاکانم ئەوم بەزاندووە و ئیزنم نەداوە هومێدم لێبستێنێ. ئەگەرچی هەموو خۆشییەکانی لێم زەوت کردووە...

ئەوان ئیتر بەردەوام پێکەوە دەبوون. پێوەندی سکرتێر و پارێزەر شتێکی تەواو ڕواڵەتی بوو. ئازاد نەک هەر بە چەک، بە روحیش پاسەوان و خەمخۆری برای گەورەی بوو. بە واتایەک عاتیفەی خۆشەویستی، بەسەر ئەرکی پاسەوانێتیدا زاڵ ببوو. سکرتێریش ئەو کاتە هەستی بە شادی دەکرد، ئەگەر کارێکی کردبا ئازاد شادبێ. ئازاد لە هەموو سەفەر و دیدار و سێمینارەکان لەگەڵ برای گەورەی بوو، تەنانەت بۆ تاوێکیش ئامادە نەبوو جێیبهێڵێ. سکرتێر ئەگەر بۆ دیدارێکی

کەسایەتی‌یەکانی باشووری کوردستان چووبا و ئازادی لەگەڵ نەبووایە، ئەوان خێرا دەیانپرسی، کوڕە خوێنشیرین و لێو بەبزەکە بۆ نەهاتووە؟ لە نهێنی‌پارێزی‌دا کەسێکی کەموێنە بوو. لە باری خوێندەواری‌یەوە تا پێنجی سەرەتایی خوێندبووی، بەڵام ئینسانێکی ورد و ژیر بوو. زۆر سەرکێش، هەردەم ئارەزووی دەکرد ئەگەر ڕۆژێک بمرێت، وەکوو قارەمانێک بمرێت. شۆخ و شەنگی‌یەکەی لای هاوڕێیانی، خۆشەویستی کردبوو. زۆر زوو ببووە جێگر پەل و بەوەش نەوەستابوو خێرا وەکوو سەرپەل پلەی بەرزکرابۆوە. کارلێهاتوو بوو و چۆن بە قاقاکانی ژیانی بەزاندبوو، بە لێهاتوویی و جوامێریشی ترسی یەخسیر کردبوو. سەرەڕای گشت ئەوانەش بە سنوورەکانی هەڵسوکەوتی خۆی دەزانی.

* ئازاد، هیچ دەزانی زۆرجار بیر لە تۆ دەکەمەوە، بەو تەمەنە کەمە، چۆن دەتوانی ئەو گشتە زانیارییەت هەبێ.
* کاکە، منداڵی گوندم... قاقا و پێکەنین هەمیشە هەوێنی وڵامەکانی بوون.
* باشە منیش وەکوو تۆ گوندیم...
* ئاخر زانیاری‌یەکانی ئێوە زیاتر نووسراوی سەر کتێبەکانن، بەڵام من لەگەڵیان ژیاوم.

ئازاد لە ناسینی سروشتدا، زۆر شارەزا بوو. بۆ نێوی دار و دەوەن، گژ و گیا و گوڵ و باڵندە و پەلەوەر و ئاژەڵ و چی دیاردەکانی سروشت هەبوون، خۆی قامووسێکی زیندوو بوو. بەو خاکی‌بوونە یا بەقەولی خۆی گوندی بوونەی، ڕۆژ بەڕۆژ جێی خۆی لەنێو دڵی برای گەورەیدا کردبۆوە.

* ئازاد گیان، ئەی بیرێک لە پێکهێنانی ژیانێکی هاوبەش ناکەیەوە، پێم ناڵێی کەی نازدار حەیرانێک دەدۆزییەوە؟
* هههههه.... کاکە ئەویش نۆرەی خۆی دێ.
* کەست دۆزیوەتەوە یان نا؟

ئازاد هەرجارێ ئەو پرسیارەی دوایی لێکرابا، بە پێکەنینەوە خۆی لە وڵامدانەوە دەپاراست. ئەو پێیوابوو جارێ هێشتا وەختی درکاندنی ئەو نهێنییەی ژیانی نەهاتووە.

------

گەلێک جار لەگەڵ پێشمەرگەکانیش بەرەو قووڵایی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی زێدی خۆی دەچۆوە. شارەزای چیا و شیو و دەشتەکان بوو. هەرکات دەگەڕاوە، کۆڵێک ئاوەدانی لەگەڵ خۆی بۆ قەڵا بەدیاری دەهێنا.

شەو لەگەڵ سکرتێرەکەی دانیشتبوون.

* کاکە، هیچ دەزانی هەرکات دەچمەوە ناوچە، دڵم دەکرێتەوە. ئاخ چەند خۆشە لە نیشتمانی خۆت بەسەربەستی بژی...
* هیچ شک لەوەدا نییە ئازادگیان، بەڵام با لەو قسەیە گەڕێین، لەو سەفەرەمدا تەلەفوونێکی جوانم بۆت هێناوە...

* هههههههه، کاکە ئەوە نییە تەلەفوونم هەیە، زۆر باش کار دەکا.

* نا ئیدی زەمانی ئەوانە بەسەرچووە. کەس نادۆزییەوە شتی وای پێبێ. منیش دەخوازم براکەم تەلەفوونێکی جوانی پێبێ. با بەقەولی خۆت فیتوویەکانی بۆت دەنێرن، جوان بن. ئەگەریش چوویەوە ناوچە وێنەی بەدڵی خۆت بگرە...

ئازاد ناوی نووکە و پەیامەکانی نابوو فیتوو و سیگناڵی فیتووشی بۆیان دانابوو. هەرجارێ پەیامی بۆ دەهات، دووبەدوو کۆڵێک بەو دەنگی فیتوویە پێدەکەنین.

خێرا سکرتێر هەرای لێدەکرد:

* ئازاد بگەیێ فیتوویە، نەکا نازدارحەیران بێ.

ئێوارەیەک خێرا چووە لای برای گەورەی.

* کاکە، ئەوە پێشمەرگەکان بە مەعمووریيەت دەچنەوە ناوچە، دەخوازم ئیزنم بدەی منیش لەگەڵیان بچم.

* ئازاد، ئەرکی تۆ ئەوەیە لای من بی، باشە هیچ دەزانی وەختێک دەچییەوە ناوچە، من تەواوێک تەنیام، پاشان هاوڕێیان چۆنە پەسندی چوونەوەی تۆیان کردووە؟

* کاکە تۆ خوا لێم تێکمەدە. زۆریان لەبەر پاڕاومەوە منیش لەگەڵیان بم، ئەوان گوتوویانە ئەگەر کاک خالید ئیزنت بدا، دەتوانی رەگەڵ تیمەکەمان بکەوی.... ئەگەر خۆشت دەوێم بێدڵیم مەکە و با لەگەڵیان بچمەوە.

* ئازاد گیان، ناخوازم بێدڵیت بکەم، بەڵام هەرجارێ دەچییەوە من تەواوێک نیگەرانی دامدەگرێ، تێدەگەی؟

* نا نا بەڵێن بێ زۆر زۆر وریا بم و ئاگام لەخۆم بێ.

* دەی باشە، ئێستا کە بەڵێنت داوە، منیش ئیزنت پێدەدەم.

ئازاد دەستی بۆ جانتاکەی خۆی برد. ملوانکەیەکی مێخەکیی دەرهێنا بۆ لای سکرتێری راداشت.

* ئەو دیارییەم با لای خۆت بێ. زۆرم دڵ پێوەیە.

* ئەوە چییە؟ نەکا نازدار حەیرانێک بۆی دروستکردبی!

ئازاد سەری لەقاند و بزە لە سەر لێو نهێنی دڵی درکاند. برای گەورە تێگەیی.

* تێگەیشتم. قەولم پێتدابوو نازدار حەیران بدۆزییەوە، خەرجی شایییەکەتان وەستۆی خۆم بگرم. لە سەر بەڵێنی خۆم سوورم، بەڵام بەو شەرتەی زۆرت ئاگا لە خۆت بێ، ئاخر تۆ زۆر سەرکێشی...

* با بێمەوە، بە تێر و تەسەلی باسی دەکەم. هەتا دێمەوە کاکە تۆیش دەبێ زۆرت ئاگا لە خۆت بێ، نەکەی بهێڵی دوژمن زەفەرمان پێبەرێ.... با دوایی نەڵێن خەتای ئازادبوو...

* ئازاد گیان نیگەرانی من مەبە، من نیگەرانی تۆم گوندییە سەرکێشەکە!

ئازاد رۆیشت و سکرتێر ملوانکەی مێخەکی لەنێو دەستیدا راگرتبوو و بە نیگەرانییەوە سەیری رۆیشتن و دوورکەوتنەوەی ئازادی کرد.

-----

١٦ی خەرمانان بوو، کاتژمێر ٦ی ئێوارە. لە نێوخۆی وڵاتەوە پێوەندی گیرا. تەلەفوونی سکرتێر زەنگی لێدا.

* بەڵێ فەرموو...

*... کاکە بەداخەوە خەبەر خۆش نین. کورەکان بەسەر بۆسە و کەمیندا کەوتوون، شەهیدمان هەیە. ئازاد ئالی و ئەمیر نستانی شەهید بوونە. هاوڕێیانی دیکە بەسلامەتی دوورکەوتوونەوە... بەداخ... نا...پێوەندی پچڕا.

سکرتێر دەستێکی بۆ ملوانکەی مێخەک برد. لە پێش خۆی دانینا. ئەو ملوانکەیەی ئازاد لە سەفەری پێشتردا لە خۆشەویست و نازدار حەیرانەکەی بەدیاری وەریگرتبوو. برای گەورە بە لەدەستدانی برای بچووک، دیسان لە سەر کورسیلەی کۆنی هۆڵی چۆلی سینەمای ژیان دانیشت. فیلمی سەر پەردەی سینەمای زەینی ئەوجارە، سەربردەی ئازاد بوو: ئازاد و سەردەمی منالی، پێشمەرگایەتی، عاتیفە، سەرکێشی، قارەمانخوازی، قاقا، فیتوو، ملوانکە، نازدار حەیران، پاسەوانی و دیمەنی سەفەرەکان، لەگەڵ دوایین دیدار و پاڕانەوە بۆ گەڕانەوە، هەرهەموویان پەردە بە پەردە نمایشکران.

کاتێک وەخەبەر هاتەوە، هەستی بە بەرامەی مێخەک کرد و شوێنەواری دەنکە مێخەکەکان لە سەر دەست و پەنجەکانی نەخشیان بەستبوو.

لە ژمارە ٦٨٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## یادی گوڵێکی هەڵوەریو

تەمەنی پتر هەڵکشا. جیا لە قادر، ئەوجار سمایلیش بوو بە دۆستی گیانی بە گیانی ئەو. هەرسێک خاوەن شێوازی ئاخاوتنی هاوشێوە، تەواو شنۆییانە. دوو وێژە هەردەم لە رستەکانی گفتوگۆیاندا بەدیدەکرا: هەتی، گۆتم.

ئینقلابی ئێران شای رووخاند و دەسەڵاتی شارەکان کەوتە دەست خەڵک. لەو نێوەدا سمایل مەولوودنیژاد چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرت.

- هەتی سمایل، گۆتم ئەو تفەنگەت لە کێندەرێ هینایە؟
- هەتی شەهاب، مەگەر نازانی بوویتمە پێشمەرگە.

کە شەڕی نەغەدە دەستی پێکرد، سمایل خێرا بەرەو بەرەکانی شەڕ چوو. لەوێ شەهید بوو و جەنازەی هاتەوە. شەهاب لە هەموو کەس پتر رووخا. تەنیا قادری شوان مابوو، دڵی پێخۆش بێ.

زۆری نەخایاند قادریش دەستی لە شوانی‌یەتی هەڵگرت و چەکی پێشمەرگایەتی لە شان کرد.
ئێوارەیەک تووشی هەڤدوو دەبن.

- شەهاب، گۆتم سبەینێ بەرەو رەزاییە(ورمێ) دەچین، وەختەکی هاتمەوە خەبەری خۆشت بۆ دینم.
- هەتی قادر، ئاگات لەخۆت بی... چاک تفەنگ باوێی. ئەو نارنجۆکەش لەوێ بتەقینە. دەستی بۆ نارنجەکی نێوقەدی قادر راداشتبوو.

سێ رۆژ دواتر هەواڵی شەهید بوونی قادر و کۆمەڵێک پێشمەرگە گەیشتەوە شاری شنۆ. جیهانی رۆئیایی شەهاب دیسان شێوا. دوو برینی بەژان روح و جەستەیان ئازار دەدا.

سێپتامبری ١٩٨١، خۆرهەڵاتی کوردستان سەرەڕای گشت نەهامەتی‌یەکانی، ئەوەندە خاکە ئازادکراوەی ژێردەسەڵاتی

پێشمەرگەش کە هەیبوو، کەوتەبەر پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و جاشەکانی خۆماڵی و هاوردە. دوایین مانگی هاوین، لە ئێوارەیەکی خەماویدا شاری شنۆش دوای بۆکان داگیر کرا. خامۆشی ناوچەی شنۆی داگرت. ئێمەش لە ناوچەی لاجان گیرساینەوە و بنکەکانمان دامەزراند. تەنیا هومێدمان ئەوجار پتر بە شۆڕشگێڕانی نێوخۆ بوو. هێزەکانی پیشمەرگە، تەشکیلات و شانە نهێنییەکان پێویست بوو دووبارە رێکبخرێنەوە. بنکەی کۆمیتەی شارستانی شنۆ لە گوندی شاوەلێڕا گوێزرایەوە بۆ دێی کانیباخ لەسەر رێگای مەهاباد - پیرانشار. لە جێگای حوسێن مەدەنی، بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستان رادەستی رەحیم محەممەدزادە کرا.

یەکەم جەولەم سەردانی شار و ساغکردنەوەی شانە نهێنییەکان بوو. شانەی "قوڵتی هەڵمین" کاراترینیان. شەهاب بەناوی نهێنی "شێتۆ" و ئۆمەری بەرپرسیشیان بەناوی "باخچە". بەهمەن و سولەیمان و مارفائاغا و رەحمان، ئەوانیش ئەندامی چالاک.

شێتۆ وەکوو هەمیشە هەدادانی نەبوو. ئەو ئیتر جیا لە ئەرکە پێئەسپێردراوەکان، چاوساغیی پێشمەرگەکانیشی وەستۆی خۆی گرتبوو. سەرلک و سەرپەلەکان، زۆربەیان دەیانناسی. سەید لەتیف، قاسم، برایم باشوو و کەریم شاشان و سەید عەلی و چەندێکیتر.

شێتۆی کۆڵنەدەر، شەدە لەسەر، شەو و رۆژ چالاکی دەنواند. لە یەکێک لە دیدارەکاندا، بەو زاراوەی شیرینی باسی فەرماندەیەکی جاشە هاوردەکانی دەکرد:

• کوڕم من تۆ چاک دەناسم. هەست و شعوورت باش دەنرخێنم. دەشزانم تۆ و گەنجەکان لەو شارەدا چیدەکەن، هەندێ لەسەرخۆ بن، ئەو حکوومەتە بۆ گاڵتە نابێ...

شێتۆ گوێی بەو وردە ئامۆژگارییانە نەدەبزووت.

رەحیم محەممەدزادە، بەرپرسی کۆمیتەی شارستان بەپێی راپۆرتەکان ئاگاداری هەموو هەڵسووکەوتەکانی تەشکیلاتی نێوشار دەکرا. زۆرجار داوای لە من کرد چاوی بەو شێتۆیە بکەوێ. تامەزرۆی دیتن و ناسینی ئەو بوو.

ئێوارەیەکی ساردی زستان لە گوندی کانیباخڕا بەرەو ناوچەی شنۆ وەرێکەوتین. دۆڵی بابەسەن نوقمی بەفر ببوو. گوندی قاڕنێمان دەرباز کرد. بەتەنیشت پێگەی دوژمن لەسەر چیای قەڵاتمارانڕدا ئاودیو بووین و گەیشتینە ناوچەی شنۆ.

هێزەکانی پێشمەرگە خێرا تەواوی دێیەکانی ئەوبەرەی رووباری گادەریان تا نیزیک نەڵۆس خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. کادرەکانیش دەستبەجێ بەرەو شوێنی چالاکییەکانیان وەڕێکەوتن.

لە گوندی کۆنەقەڵا چاوەڕوانی هاتنی شێتۆ بووین. پاشنیوەڕۆ شەهاب دەستێک کەواپاتۆڵی مرادخانی لەبەر، لێمان وەژوور کەوت. وەکوو هەمیشە شەدەی لەسەر بوو. رەحیم نەیدەناسی.

• کاک رەحیم ئەوەش شێتۆ کە ئەو هەمووە ئارەزووی دیداریت دەکرد.

شەهاب و رەحیم تەنیا چارەگە سەعاتێک یەکتریان بینی. شێتۆم بەڕێکردەوە.

• عەلی گیان، ئەو شێتۆیە بەڕاستی لەبەردڵانە. هەست دەکەم مرۆڤێکی ئازا، بەورە و نیشتمانپەروەرە. هیچ دەزانی پشتیوان و برایەکت بە من ناساند.

• کاکە گیان، جارێ چیت دیتووە. بەڕاستی ئێمە گیانێکمان دەگەڕێتەوە بۆ بوێری شەهاب. ئەوانی دیکەش لە شانەی قوڵتی هەڵمێندا بەڕاستی هەریەکە و ئوستوورەیەک لە خۆڕاگرین. ئەوە ئۆمەر(باخچە)، ئەوە بەهمەن و رەحمان و مارفاغا و سولەیمان. ئەگەر ئەوانە نەبن ئێمە هیچمان بۆ ناکرێ.

هێرشەکانی رێژیم چڕتر ببوون. ئێمەش ناچار بووین بنکەکانمان بگوێزینەوە بۆ ناوچەی سەرشاخان و لە گوندی بابەکراوێ نیشتەجێ بین. لەنێو شار سەرەڕای گیرانی بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزب، بەو حاڵەش چالاکیی شانە نهێنییەکان پتر لە پێشوو بوون و ئەو بۆشاییەیان پڕکردبۆوە.

هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لەپێش بوو. پێویست بوو چەند عەمەلیاتێک جێبەجێ بکرێن. هێزی پێشمەرگە دووبارە لە گوندەکانی هەردوو بەری چۆمی گادەر دامەزران. بەشی یەکەمی چالاکییەکان بۆ نێو شار داندرابوون. دوو رۆژ پێشتر خۆم دەنێو شار کێشا. ئەندامانی حیزب وەکوو هەمیشە تەواوی پلانەکانیان یەک بەدوای یەکدا جێبەجێ کرد. ئەندامانی شانەی قوڵتی هەڵمین لە هەرسێ پلانی نێو شاردا سەرقافڵەی بوێری بوون. شەهاب و بەهمەن و ئۆمەر نەخشی سەرەکیان گێڕا. نیوەڕۆی رۆژی هەڵبژاردن لە دێشەمس و قەرەسەقەل دەیان چەک کەوتە دەست پێشمەرگە. سەرکەوتنێکی مێژوویی تۆمارکرا. شار و دێ و چیا دەستیان وێکدا.

چەند مانگ تێپەڕی. رەوتی ئاڵوگۆڕەکان خێرا بوو. بەهمەن ئیمکانی مانەوەی پتری لەنێو شاردا نەما و هاتەدەر و چەکی پێشمەرگایەتی لە شان کرد. سولەیمان، ئەویش بەهەمان شێوە لەگەڵ زیبا هاتنەدەر. ئۆمەر و شەهاب(باخچە و شێتۆ)

مابوونەوە. مارفاغا ڕووی لە شاری ورمێ کرد و دواتر لە بنکەی گۆڤاری سروە دامەزرا.

مانگی دیفاع لە ئازادی دەستی پێکرد. ڕژێم بە هەموو هێزییەوە پەلاماری پاشماوەی ناوچە ئازادکراوەکانی دا. بەهمەن بامرووەت، خۆشەویستی هەموومان لە چیاکانی سەردەشت شەهید بوو. ئەو لەگەڵ لکێکی هێزی کێلەشین بۆ پاراستنی ئەو ناوچەیە چووبوو. فەترەیەک دواتر لە گوندی بابەکراوێی ناوچەی سەرشاخان کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستان و هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرە گیرا. دوای ئەو کۆنفڕانسە من چوومە بنکەی فرستەندەی رادیۆ دەنگی کوردستان لە گەورەدێ.

- کاک ڕەحیم ماڵاواییت لێدەکەم و لێتتان دوور دەکەومەوە. بەو زووانە ئۆمەر و شەهاب دێنەدەر. ڕێزیان لێنێ، کەسانی بەوەجن. ئەوان ئەرکی نیشتمانی خۆیان بە زیادتریشەوە بەجێگەیاندووە...
- دڵنیابە کەسی برا.

دوای ڕۆیشتنم، شەهاب کۆڵەپشتی لەپشت، خۆی گەیاندبووە سەرشاخان و بەدوای ئەویشدا ئۆمەری خۆشەویست. شەهاب هەرچەند لە بنەماڵەیەکی دەستڕۆیشتوودا، بە ناز و نیعمەتەوە گەورە ببوو، بەڵام خێرا خۆی لەگەڵ ژیانی پێشمەرگایەتی و شاخ ڕێکخست. خێرا پتەوترین دۆستایەتی لەگەڵ ڕەحیم دامەزراند. هەم پێشمەرگەی نیزامی بوو و هەم کادرێکی لێهاتووی تەشکیلاتی. هاوینی ١٩٨٥، لە دەوری دووهەمی سازماندەهی هێز و کۆمیتەی شارستان، گەلێک چالاکی نواندبوو. دواتر، لەبەر کارلێهاتوویی وەکوو جێگری لکی کوردنیژاد دیاریکرا.

ئەو سەردەمە دەفتەری سیاسی لە گەورەدێ بوو. شەهاب لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی کێلەشین بە مەبستی پاراستنی دەفتەر هاتبووە ئەوێ. دوای ماوەیەکی زۆر لە یەکتر دابڕان و ئاخر دیدارمان لە شاری شنۆ، ئەوە یەکەم چاوپێکەوتنی دووبارەمان بوو. چەند جارێک لەگەڵ شەهاب و خەجیج مەعزووری و خالید عەزیزی و زیبا سەرووەری لە دەوری یەکتر کۆبووینەوە. من هەمیشە لە چارەنووسی شەهاب نیگەران بووم. دەمزانی شێتۆی من خۆی بە ئاو و ئاگردا دەدا. ڕاوێژێکم لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندی کرد. ئەوکاتە بەرپرسی ڕاگەیاندنی حیزب بوو. پێشنیارم پێکرد، ئیزن نەدا شەهاب بگەڕێتەوە کۆمیتەی شارستانی شنۆ و هێزی کێلەشین، بینێرێتە بنکەی فرستەندەی ڕادیۆ بەمەسەڵەحەتترە. دوکتور شەرەفکەندی پێشنیارەکەی منی پێ گونجاو بوو و پەسندی کرد.

- شەهاب گیان، ئەگەر داوایەکت لێبکەم، بەقسەی برای خۆت دەکەی؟
- هەتی گۆتم با ئەوەڵ بزانم چییە.

• لەسەر پێشنیاری من و پەسندی دوکتور شەرەفکەندی، بەمەسڵەحەتە نەگەڕییەوە کۆمیتەی شنۆ و لە رادیۆ دەستبەکار بکەی.

لەجێوە هەڵبەزییەوە. دەتگوت زوڵمێکی گەورەی لێ دەکرێ. نەختێک دەفکرەوە رۆچوو و لەنەکاو قاقایەکی لێدا.

• هەتی ئەمن چلۆن دێمە رادیۆ. ئەمن گۆتم دەبی شەڕ بکەم. ئەمن دەبی لەگەڵ قادر میرزایی و قاسم عەزیزی و سەدیق رۆستەمنیژاد بچم پایەگای بگرم... ئەدی... گۆتم هەردەچمەوە....

شەهاب گەڕاوە بۆ کۆمیتەی شارستانی شنۆ. لەو ماوەیەدا ئۆمەریش لەبەر بارودۆخی نالەباری ژن و منداڵەکانی ناچار ببوو گەڕابۆوە شاری شنۆ و کونجی تەنیایی و خەفەتی هەڵبژاردبوو. رەحمانیش لە ژاراوەی باشووری کوردستان ژیانێکی ئەوتۆی نەبوو و هێزەکانی ئەمنیی عێراق گشت رۆژێ بەربینگیان پێدەگرت. ئەویش لە رووی ناچاری گەڕابۆوە شار. سولەیمانیش بۆ هەمیشە ئاوارەی هەندەران بوو.

بەهاری ١٩٨٦، رێژیمی کۆماری ئیسلامی وەتەنگ دێ و شەو و رۆژ خەریکی دامەزراندنی پێگە و بنکەی نیزامی و دروستکردنی جادەی ئەمنی لەسەر سنوور دەبێ. جادەی بەرەو دۆڵی بێمزورتێ و دەڤەری نازدارداغی لێدەدا و بۆ پاراستنیشی کۆمەڵێک جاش و پاسدار تەرخان دەکا. پێشمەرگەکانی هێزی کێلەشین بە رێگای خواکورکدا بەرەو شنۆ وەڕێ دەکەون. لەسەر چاوەی گەڵی گادەران دادەمەزرێن. کۆمەڵێک جەولەی سیاسی ـ نیزامیی نوێ جێبەجێ دەکەن. سەرکەوتنەکانیان سنووری باوەڕی مرۆڤ دەبڕن. لەخۆبووردەیی هێزی کێلەشین دەبێتە سەرتیتری هەواڵەکانی رادیۆ دەنگی کوردستان. لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا دەنووسرێ.

پێشمەرگەکان شوناسایی هەموو ئەو بنکە و پێگە نوێیانەی دوژمن دەکەن. بۆ ئەو مەبەستە لە نازدارداغی کۆدەبنەوە و پلانی پەلاماردان بۆ سەر هێزەکانی دوژمن دادەڕێژن، بە چەشنێک کە سەرکەوتنەکان کەموێنە بن. لەسەر چەند خاڵێک رێککدەکەون:

١- بە پێچەوانەی شێوازی پێشوو، ئەوجار پێویست بوو کاتژمێر پێنجی سەرلەبەیانی پەلامار دەست پێبکەن، بۆوەی دوژمن غافڵگیر بێ، چونکە هەمیشە پێی وابووە پێشمەرگە تەنیا بەشەو هێرش دەکا.
٢- هەر لک و پەلێک شوێنی دیاری خۆی هەبێ.

٣- لکی کوردنیژاد، دەستپێکەری هێرش بێ.

کـاتژمێر دووی نیوەشـەو، پێشـمەرگە بـەرەو شـوێنە پێئەسـپێردراوەکان وەڕێ دەکـەون. بەرلـە سـەعات پێـنج هـەموویان دادەمـەزرێن. راسـت ئـەو کـاتژمێرە، بەشـی فەرمانـدەیی لەسـەر لووتکـەی چیـاوە فـەرمانی پـەلامار دەدا. زۆر ناخایـەنێ سەنەگەرەکانی دوژمن یـەک بـەدوای یـەکدا دەگیـرێن و تـەنیـا ٤٥ خولـەک تێدەپـەڕێ ٧ پایـەگای دوژمـن دەکەونـە ژێـر دەسەڵاتی پێشمەرگە.

دوایـین سـاتەکانی تـەواو بـوونی ئـەو عەمەلیاتـە، شڵەژانێک بـەدی دەکـرێ. رەحیم محەممـەدزادە بـە نیگەرانیـیـەوە بـە بێسیمەکەی دەپرسێ:

- ئەلۆ، عادل...
- فەرموو گوێم لێتە.
- چ باسە، شڵەژانێک بەدی دەکرێ.

کاکە، سەدیق... حاتەم. (حاتەم فەرماندەی پێشووی هێزی نحۆ لە ناوچەی ورمێ بـوو و چەنـد سـاڵێک پێشتر لـە دەڤەری شنۆ شەهید ببوو).

رەحیم و هاوڕێیانی تێدەگەن کە سەدیق رۆستەمنیژاد شەهید بووە.

- عادل لەسەر خەتم. تکایە بە پێشمەرگەکان بڵێ خۆیان لە کۆکردنەوەی دەسکەوت بپارێزن.

عادل ئەوجار دەنگی تەواوێک دەشڵەژێ. دەیویست شتێک بڵێ و نەیدەتوانی و تاسابوو.

- عادل چ قەوماوە، دەنگت نییە. نیگەرانین.
- نازام چی بڵێم. ش... ش... ش... شەهاب
- دەبڵێ بزانم شەهاب چی لێهاتووە؟
- شەهابیش حاتەم.

خەمێکی قووڵ جەستەی رەحیم و فەرماندەکان دادەگرێ. دوو کەس لە بەوەجترین پێشمەرگەکان، شەهاب سەییادیفەڕ و سەدیق رۆستەمنیژاد شەهید دەبن. عەمەلیاتەکان تەواو و پێشمەرگەکان جەنازە لەسەر شان بەرەو لووتکەی فەرماندەیی داوێنی چیا دەگرنەبەر و هەڵدەکشێن. کاتێک دەگەنەوە کێویک خەم و پەژارە لەگەڵ خۆیان دێننەوە. رەحیم یادگارییەکانی شەهاب هەڵدەگرێ: سەعاتی دەستی، کارتی پێشمەرگایەتی و وێنەی خۆشەویستەکەی شەهاب. کادری دەرمانی برینەکانی جەستەی کەریم محەممەدزادە (ناسراو بە خولخوولە) دەپێچێت. کەریم دەنگی وەی لێنایە.

• ئەرێ کاکی برا تۆ کە شانت برینداره و گوللە کەوانەی کردووە و شێویلکەی خوارەوەتی تەواو تێکشکاندووە، هەر نالێی ئاخ.. وەی... ئۆف. قادر فەتحی لێی دەپرسێ.

کەریم لەبەر برینی زاری هیچ وڵامێک ناداتەوە.

• کاک قادر، دەکرێ بڵێی کوێ لەشی کەریم ساغ ماوە. خۆ ئەو بێچارەیە لە شەڕەکانی پێشووشدا هیچ شوێنێکی جەستەی نەماوە کونکون نەبووبێ. باوەڕ بکە مێژووی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان بەقەرا ئەو چیایەی رووبەڕوومان بە کەریم دەیندارە.

گشتیان وەڕێ دەکەون. دوژمن ٩٨ کەس کوژراوی دەبێ و کارتەکانیان دەکەوێتە دەست پێشمەرگەکان. وەک دواتر باسکرا تەنیا یەک کەسیان نەجاتی هاتبوو.

کاروانێکی دووردرێژی شۆڕشگێران لەو ساڵانەدا سەریان نایەوە یان لە هەژاریدا بەدەم خەم و حەسرەتەوە ماڵاواییان کرد. شانەی نهێنی قوڵتی هەڵمین بەداخەوە پشکی شێری بەرکەوت. تۆ بڵێی رۆژێک لە رۆژان، جیلی نوێ سەیری وێنەکانی بەهمەن بامرووەت، شەهاب سەییادیفەڕ، مارفئاغایی یا عومەر پردئابادی و سەدیق رۆستەمنیژاد و قاسم عەزیزی و کەریم خولخولە و زۆرانی دیکە بکا، بڵێی بەسەرهاتی سەید لەتیف و کەریم شاشان و زۆرانیتر بخوێنێتەوە و چەشنی ئەوان بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی تاکەکەسی، لە خەمی رزگاری نیشتماندا بێ؟!

لە ژمارە ٦٨٩ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

# پارتیزانەکان

ڤێنیزێلۆس زێرڤێئاس

بۆ هەرکەسێ،
تەنیا جارێ زەنگوڵەی کلیسا دەزرینگێتەوە
هەرکەس لە ژیاندا تەنیا جارێک
دەبێتە خاوەن دایک.
هەناسەی مرۆڤ، تەنیا جارێ لە ژیاندا دەوێستێ و دەکوژێتەوە.
خۆشاوی عەشقیش، تەنیا جارێ دەخورێتەوە.
من یەکەمجار ئەوەم لەوێ دیت، لە ڕەوەزەکان، لەسەر چیاکانی کاریچە،
دڵم لەجێوە بوو بە هەزار پارچە.
بیرێک بە خەیاڵمدا هات و تێپەڕی:
کە چۆن قورس و قایم ڕادەگیرێ،
فەرمانی عەشق و بەختەوەری!
هەڵبەت خەراپی ئەوجۆرە خەیاڵانە لەوەدا،
لەدەست دەردەچن و باردەکەن و زۆر خۆناگرن،
هەڵدەکشێن و بەرەو بەرزایی دەڕۆن و دەفڕن.
ئەوکاتە من دەمێنمەوە، بەدیار ئازارێکی قورس و بەژان
چونکە بەبێ هیچ شادییەک،
دەبێ ئەوجاریش دەربازبم لە گەردەلوول و تۆفان.

ڤێنیزێلۆس زێرڤێئاس

تێبینی: شاعیر یەکەمجار چاوی بە پێشمەرگە (پارتیزانەکان) کەوتووە کە لە چیاکانی ئاوایی کاریچە وەسەرکەوتوون. ئەو پارتیزانە یونانیانەی توانیویانە ناوچەکە لەژێر دەستی فاشیستەکانی ئیتالی دەربێنن و رزگاری بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## باب دیلان

باب دیلان(ڕۆبێرت ئالێن زیمێرمەن) گۆرانیبێژ، موسیقیدان، شاعیر و نووسەری ئەمریکایی، ٢٤ی مای ١٩٤١ لە مینێسۆتای وڵاتی ئەمریکا لەدایکبوو. ساڵی ٢٠١٦ وەکوو براوەی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل هەڵبژێردرا.

ناوبراو لە کاتی چوون بۆ قوتابخانە، خۆڕسک ژەنینی گیتار و سازی دەمی فێربوو. دواتر ئامێرەکانی پیانۆ و گیتاری دەکار کرد. شێوازەکانی هونەری ئەو ڕۆک ئان ڕۆڵ، فۆڵک، کادری و بلووز بووە. ساڵی ١٩٥٩ رووی لە دانیشگا کردووە. ناوی هونەری خۆی لە شاعیری بریتانیایی خەڵکی وێلز، بە ناوی دیلان تۆماس وەرگرتووە.

زۆر کەس باب دیلان پتر وەکوو ژەنیار و گۆرانیبێژ دەناسن و گوێ نادەنە بەشی ئاهەنگسازی ناوبراو. هەڵبەت کاتێک گوێ لە گۆرانیچڕینی ئەو دەگرین، بۆمان دەردەکەوێ کە بەو تواناییەی گۆرانی دەڵێ، شێعریش دەهۆنێتەوە، بە هەمان توانایی شێعر هۆنینەوەش، تارەکانی ئامێری مۆسیقا وەدەنگ دێنێ.

گۆرانییەکانی باب دیلان پڕن لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و عاشقانەی شاعیر. هەڵسوکەوتی ئەو پتر شاعیرانەیە تا شتێکیتر. گۆرانی "وەکوو بەردێکی جاڵەوەبوو" گۆڕانێکە لە شێوازی سترانبێژی ئەودا. دیلان لێرەدا، ژیانی کەسێک دەباتە ژێر پرسیار و ڕەخنەی لێدەگرێ.

لە سەردەمی خوێندن لە دانیشگا، زۆربەی وەختی خۆی تەرخانی گۆرانیچڕین لە قاوەخانەکان کردووە. لە ڕاستیدا هەر ئەو کاتە بووە کە خۆی وەکوو باب دیلان ناساندووە. دوای ساڵێک دانیشگای جێهێشتووە و پیشەی سیرکی ڕەچاوکردووە. جارێک لە ڕێگای سەفەر بۆ شیکاگۆ پەشیمان دەبێتەوە و بەرەو نیۆیۆرک دەگەڕێتەوە. هاتوچۆی گەڕەکی گرینویچ دەکا. ئەو سەردەمە ژمارەیەکی زۆر هونەرمەندی ڕووناکبیری بێکار لەوێ دەژیان و ڕۆژانی پشوو لە قاوەخانەکان لە دەوری یەکتر کۆ دەبوونەوە گۆرانیان دەگوت و کڵاویان دەگێڕا و پارەمەتی ماڵیان کۆ دەکردەوە. باب دیلانیش هەمان کاری کرد تا بۆ یەکەمجار ڕۆژنامەی نیۆیۆرک بابەتێکی لەسەر بڵاوکردەوە. باب ناسرا و کۆمپانیای کۆلۆمبیا فرسەتێکی پێدەدا و کاسێتێک لە گۆرانییەکانی تۆمارکرد و دایە بازاڕ.

دانانی گشت کارەکانی باب دیلان لە چوارچێوەی شێوازێکی تایبەت و دیاریکراودا کارێکی هاسان نییە. سەرەتا کاری لەسەر موسیقای خۆماڵی ئەمریکایی کرد (فۆڵک - وشەیەکی یونانی بەواتای خەڵک). دواتر شێوازەکانی بلووز و راکی رەچاوکرد. توانایی باب لەوەدا بوو سنووری نێوان ئەو شێوازانەی هەڵگرت. یەک لە خاڵە ئەرێنییەکانی سترانبێژی باب ئەوە بوو کە گێڕانەوەی بەسەرهات و مەبەست بەدەنگی خۆی، زاڵ بەسەر موسیقادا بێ. ئەو بەو چەشنە توانی روونتر پەیام و مەبەستەکانی بە بیسەرانی بگەیەنێ. هەڵبەت لە رەخنەش بێبەش نەبووە. کاتێک لەجیات گیتاری کلاسیک، گیتاری ئێلێکترۆنی دەست دایە، بەتایبەت لە وەختی چڕینی سترانی "بەردی جاڵەوەبوو"، خەڵکی هۆگری خۆی هاواریان لێهەستا و ناسناوی "یەهوودا"یان لەسەر دانا. ئەو یەهوودایەی بەپێی رەوایەتەکان خەیانەتی لە مەسیح کردبوو. خەڵکانێک لەو باوەڕەدا بوون کە ئەو لەبەر گۆڕینی ئامێری گیتار، خۆی وەکوو لەشفرۆشێکی موسیقی ناساندووە. بەشێک لە هۆگرانی روویان لێوەرگێڕا و پێیان وابوو خەیانەتی لە موسیقی کردووە. دیارە باب بەو کارەی دەریخست کە دەکرێ ئاڵوگۆڕ لە ئامێر و شێواز و سەبکەکانی موسیقیدا بکرێ. هەڵبەت ئەوەش بڵێین کە ئەو گۆرانییەی دوایی ناوبراو، یەک لە پڕفرۆشترین گۆرانییەکانی بوو.

باب ساڵی ١٩٦٢ ئیتر بەتەواوی کەوتە نێو جیهانی سیاسەت. بەتایبەت کە لە رێپێوانی گەورەی رەشپێستەکانی ئەمریکادا بەشدار بوو و دوای وتاربێژی مارتین لۆترکینگ، ئەویش گۆرانی گوت. باب دواتر سیاسەتی وەلانا و ئەوجار لە شێعرەکانیدا پتر هەست و سۆزی عاشقانە بەدیدەکرا.

وەڵام لای بایە و
نهێنییە و لە دڵی ئەو دایە
چەندە پێویستە رێگای دژوار بپێوێ
تا وەک مرۆڤ سەیر کرێت کەسێ؟
کۆتری ئاشتی چەند دەریا پێویستە دەرباز بێ
تا لە کەنارئاوێک وەحەسێ؟
تۆپەکانی شەڕ چەند جار بهاوێژرێن،
بەر لەوەی کۆتاییهێنان بە وێرانکاری بڕەخسێ؟
وەڵام لای بایە و
نهێنییە و لە دڵی ئەو دایە.
چیا چەند ساڵ دەتوانێ سەربەرز بێ،
بەر لەوەی نووقمی ئاوی دەریا بێ؟
مرۆڤ چەند ساڵ دەتوانێ بژی،

**بەر لەوەی سەربەست و ڕەها بێ؟**
**مرۆڤ چەند جار دەتوانێ ڕوو وەرگێڕێ،**
**لە ئاست نەهامەتی، بێخەیاڵ، بێوەفا بێ؟**
**مرۆڤ چەند جار دەبێ سەر هەڵبڕێ،**
**تاکوو ئاسمانی شینی لێ دیار بێ؟**
**دەبێ مرۆڤ چەند گوێی هەبێ،**
**تا گوێی لە گریان و هاوار بێ؟**
**چەندە خەڵک پێویستە بمرن،**
**تا تێبگەین و مردنیان لە زەیندا تۆمار بێ؟**
**هاوڕێم،**
**وەڵام لای بایە، نهێنییە و لە دڵی ئەو دایە.**

**باب دیلان**

**لە ژمارە ٦٩٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦**

---

## شوناسە نەتەوەییەکان بەرەو کوێ هەنگاو دەنێن؟

لە حەفتاکان، بەتایبەت لە گەرمەی شۆڕشی باشووری کوردستاندا، ژمارەیەکی زۆر کوردانی گەرمێن روویان لە خۆرهەڵاتی کوردستان کرد. ئەو سەردەمە خۆرهەڵاتی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی پاشایەتیی پەهلەویدا، هەم لە باری سیاسی ـ نیزامی و هەم لە باری فەرهەنگییەوە کەوتبووە بەر هێرش. زمان و کولتوور بەرەو فەوتان دەچوون. یەک لە دیاردە سەیرەکانی ئەو سەردەمە، ناولێنانی منداڵەکان بوو. ئەگەر منداڵێک لە دێ یا شارە بچووکەکان لەدایک ببا، خێرا ناوێکی عەرەبییان لەسەر دادەنا. ناوەکان لە ناوچە سوننینشینەکان وەبیرهێنەرەوەی خەلافەتی ئیسلامی سەردەمی دوای پێغەمبەر بوون. وەکوو عەلی، عومەر، ئەبووبەکر و عوسمان، ئەگەریش ئەوانە نەبان، ئیتر قادر و مەولوود و چی و چی. لە شوێنە شیعەنشینەکانیش ئەوە رەزا و کازم و تەقی و نەقی. تا ئێرە بەشی کوردی داماو بوو. فارسەکان بەڵام، جیا لە ناوە مەزهەبییەکانی وەکوو رەزا و کازم و بە واتایەک دوازدە ئیمامی خۆیان، بۆیان هەبوو ناوە فارسییەکان، بەتایبەت ناوی پاشاکانی پارس لە منداڵەکانیان بنێن. لەگەڵ ئەوان، کۆمەڵگەی کوردیش پارساویی ببوو و لاسایی ئەو نەریتەی دەکردەوە و لە شارە گەورەکان ناوی منداڵەکانیان بەپڕانی دادەنا کامبیز و کوروش و پەرویز و چی و چی و ئەوەشیان بە نیشانەی بەرزبوونی کلاس و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان دەزانی و بە ناوی منداڵانی دێ و شارۆچکەکان پێدەکەنین و بە چاوی سووک سەیریان دەکردن.

راست لەو سەردەمە، هەروەک باسم کرد، لە حەفتاکاندا، بە هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییانی باشوور بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان، شۆڕشێکی فەرهەنگیشیان لەگەڵ خۆیان بە دیاری هێنا. ئێمە کاتێک گوێمان لێدەبوو منداڵەکانیان بە ناوەکانی ئازاد، نیشتمان، سەربەست، پشتیوان، زاگرۆس، شنۆ، مەهاباد، کانی، چیا، باخەوان بانگ دەکران، حەسرەتی بۆرە ئازادییەک هەڵیدەگرتین. زۆری نەخایاند و شۆڕشی گەلانی ئێران دژی دەسەڵاتی پەهلەوی بووە هۆی رووخانی فەرمانڕەوایی ئەو بنەماڵەیە و کوردی خۆرهەڵات پشوویەکی وەبەرهاتەوە. "رێنێسانسی ناو" دەستی پێکرد. ئەو منداڵانەی لەو سەردەمەدا لەدایک بوون، بەپڕانی ناوی کوردییان لێنرا. بە واتایەک درێژەدانی رێنێسانسی فەرهەنگیی ئەو دیو بوو. خێرا عومەر و عوسمانەکان جێی خۆیاندا بە گۆران و شۆڕش و هیوا و کۆسار و ئاژوان و... هتد.

سەدەی بیست تەواو بوو و پێمان نایە نێو سەدەی بیست و یەک. دوای تێپەڕینی سی و چەند ساڵێک لەپاش شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بارودۆخی ئێستای کوردستان لە هەر دوو بەشی باشوور و خۆرهەڵات بەڕاستی جێی تێڕامانە. ئەو حکوومەتەی هەموو هەوڵی خۆی دەدا، ئیسلام بەسیاسی بکا و بۆ دەرەوەی سنوورەکانی بنێرێ، دەکرێ بڵێین تا رادەیەکی زۆر بە ئامانجەکانی گەیشتووە. با لە پێشەوە سەیری باشووری کوردستان بکەین. ئێستا لە

نێوەندی بازرگانی پێتەختی هەرێمی کوردستان، واتە لە هەولێر وەکوو گەورەترین شاری ئەو بەشەی نیمچە سەربەخۆ، دەبینین وەچەی نوێ کە لەوێ رۆژانە سەرقاڵی کار و کاسبین، بەپرانی خاوەن ناوی عەرەبین و عومەر و مستەفا و ئەبووبەکر و هتد ئاشکراترینیانن. زمانی تابلۆی سەر شوێنە گشتییەکانیش کوردییەکی شێواو و سەقەتە و پاشوەچوونی تەواو بە رەوتی گەشەی زمانییەوە دیارە. واتە دەتوانم بڵێم، رێنێسانسی فەرهەنگیی ئەو بەشە، لە سایەسەری پەرەگرتنی ئیسلامی سیاسی، بۆ فەترەیەکی نادیاری زەمەنی فت بووە. بەڵام، لەو بەشەی‌تر، واتە لە خۆرهەڵاتی کوردستان، لەژێر زەختی دەسەڵاتێکی نگریستر لەوەی پێشوو کە بەهەموو ئامرازێکی شەڕ، هەوڵ بۆ تواندنەوەی نەک زمان و کولتووری کوردی، بەڵکوو رگەزی کوردیش دەدا، کورد سەرقاڵی پاراستنی مەوجوودییەتی خۆیەتی. کورد تێدەکۆشی زەخت و مەترسیی دەسەڵاتی حکوومی لەسەر خۆی کەم بکاتەوە و بە درێژەدانی خوێندن و نووسینی کوردی بە شێوەی نافەرمی و هەروەها ناولێنانی منداڵ و گەڕەک و جێگەی کار و شوێنە گشتییەکان رێنێسانسی فەرهەنگی لە دەڤەری خۆی بەهێز و زیندوو رابگرێ.

ئەوەی لێرەدا جێی پرسیارە ئەوەیە کە، داخوا کورد هەرتەنیا لەژێر هەڕەشەی مەترسیی تێداچووندا، هەست بە بوونی خۆی دەکا و بەها پیرۆزەکانی خۆی دەپارێزێ و وەبیری دێتەوە خاوەن زمانی کوردییە و کولتووری تایبەت و دیاری خۆی هەیە؟! ئیدی ئەگەر رۆژێک لە رۆژان رزگاربوو، پێویست ناکا خۆی زیاتر بە پاراستنی شوناسە نەتەوەییەکانییەوە ماندوو بکا؟! یا ئەوەمان بۆ دەرناخا کە لە راستیدا ئەو هەموو خوێن و خەباتە بەخۆڕاییە، چونکە هەرکە رزگاریمان هات، خۆمان بە دەستی خۆمان ئەوە دەکەین کە دوژمنەکانمان گەرەکیانە بیکەن. ئەگەر قەرار بێ چارەنووسی داهاتووی کوردستانێکی سەربەخۆ، تەراتێنی وێرانی بەها نەتەوەییەکانمان بێ، ئێستێ بۆچی ئەو گشتە خوێنە بۆ رزگاربوونی دەدرێ. دەنا چۆن دەبێ لە کوردستانێکی نیمچەسەربەخۆدا، ئەوەی ئەمڕۆ هەمانە، بڕەوی ناوی عەرەبی، گۆرانی فارسی، سەمای تورکی، ردێن و بەها نامۆکان بە کولتووری کوردی دەیان‌جار پتر لەو سەردەمی بێ کە ژێردەستە بوو. تۆ بڵێی خەباتی باکوور و خۆرئاوا و خۆرهەڵاتیش لە گشت بوارێکدا بە مەبەستی پاراستنی کولتوور و زمان و شوناسەکانمان هەر تا ئەو ساتە بێ کە سەربەخۆ دەبین و ئیدی دواتر بە هێزە فەوتێنەرەکانی جیرانمانی دەسپێرین! بەڕاست جێی داخە. ئەو گشتە قوربانییە لە پێناو چیدا؟ چ پێویست بەو هەموو ماڵوێرانییە دەکا، باشتر نییە هەر لە ئێستاوە خۆت لەنێو میللەتانی نەیاری دراوسێتدا بتوێنییەوە، بۆ دەوێستی تاکوو سەربەخۆ بی. لە ژێردەستەییدا کوردی تۆخ، لە ئازادیدا ئیهمالکەری شۆخ!! بە بڕوای من، ئەوانە کۆمەڵە پرسیارێکن کە هەر تاکێکی کورد لەسەرییەتی بەدوای وڵامەکانیاندا بگەڕێ.

لە ژمارە ٦٩١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

## بێدەنگ! قسە مەکە...

**عەزیز نەسین**

بێدەنگ! قسە مەکە، شەرمە

زۆری لێمەڵێ!

لە کۆتاییدا بێدەنگ بوو.

بێدەنگی ئاڵتوونە و قسە زێوە.

یەکەم وێژەکانی لە منالییەوە گوێم لێبوون

هەرکات گریابام، پێکەنیبام، کایەم کردبا

خێرا دەیانگوت: "بێدەنگ"

لە قوتابخانە، لەوێش نیوەی راستییەکانیان لێم شاردەوە.

پێیان گوتم: بە تۆ چی، بێدەنگ بە!

یەکەم کچ کە ماچم کرد، ئەوەی عاشقی ببووم، بۆ ئەویش، پێیان دەگوتم:

وشیار بە لای کەس باسی نەکەی، و سسسس... بێدەنگ بە!

بێدەنگ بە، قسە مەکە، وا بزانە لاڵی...

ئەوە حاڵی من بوو، تا تەمەنی بیست ساڵی.

ئەرێ... قسە بۆ گەورانە

بێدەنگی بۆ منالانە.

خوێنم لەسەر پیادەڕۆی شەقام دەدی

"بە تۆ چی؟" پێیان دەگوتم،

"کێشە بۆ خۆت ساز مەکە"

دواتر جێگر بەرپرسی قوتابخانەکان، ئەوانیش هاواریان دەکرد:

"لووت لە هەموو شتێ وەرمەدە، وا بنوێنە لە هیچ تێناگەی، بێدەنگ بە"

زەماوەندم کرد. بوومە خاوەن کۆشێک منالّ.

هاوژینەکەم خاتوونی ماڵ، ژنێکی گەلێک ڕێزدار بوو، دەیزانی بێدەنگ بێ، عاشقی کار بوو

دایکەکەی ئافرەتێکی تێگەیشتوو بوو، بەردەوام پێی دەگوت: بێدەنگ، کڕ بە.

ساڵانی کەبیسەش، دایک و باوکم، دراوسێکان، گشتیان ئامۆژگارییان کردم:

"خۆت لە هیچ شتێ هەڵمەقووتێنە، هیچت نەدیوە، وا بنوێنە، هیچ... بێدەنگ بە"

ڕەنگە لەگەڵ ئەوان شتێ کە مایەی بەغیلی بێ لە گۆڕێدا نەبوو،

لەگەڵ دراوسێکان، ئەوەی ئێمەی یەکگرتوو کردبوو، بێدەنگی، کڕ بە بوو.

تۆ بێدەنگ، ئەو بێدەنگ، سەرێ بێدەنگ، خوارێ بێدەنگ

بێدەنگی تەواوی ماڵەکان، لە بینا چوارگۆشەکان

بێدەنگی شەقامە قائیمەکان

بێدەنگی ڕێگا و کۆڵانە هاوتەریبەکان

هەر هەموومان زمانی خۆمان قووت دابوو.

گشتمان زمانمان هەبوو، دەنگمان لێبڕابوو

بۆیە، کۆمەڵەی "خامۆشەکان"یشمان تۆمار کرد

پۆلێک، زۆرێک کۆ بووینەوە

تەواوی شار، هێزێکی مەزنی تەیار، بەڵام کەڕ و لاڵی بێدەمار!

هەڵبەت ژمارەیەکیش سەرکەوتنمان مسۆگەر کرد

گەیشتینە ئامانج

بە میداڵ خەڵات کراین

هەموو شتێک، زۆر لەوە زیاتر.

فرە هاسان، تەنیا بە بێدەنگی

ئاخ، هونەرێکی سەیرە بێدەنگی

بۆیە، ژنەکەت فێربکە، بێدەنگ بێ، مناڵەکەت، خەسووت

ئەگەر کاتێکیش هەستت کرد پێویستە قسە بکەی، زمانت لە بنەوەڕا ببڕە

ئەویش بێدەنگ بکە

بیبڕە لە ڕیشە و ڕەگەوە

بیهاوێ بەر دەمی سەگەوە.

یەکەم ئەندامی بێکەڵکی جەستەی تۆیە، لەو وەختەوە ناتوانی کەڵکی پێویستی لێوەرگری

ئەگەر ئەو کارە بکەی، تووشی خەونی ترسناک نابی، شک و گومانەکان، خەمەکانت دەڕەونەوە،

ئیتر شەرم لە ناڵەکەت ناکەی، رزگاریت دێت لە دەست بوغزێ کە قسە بکەی.

بێ ئەوەی قسەیەکت کردبێ، بڵێی: "هەقتانە، منیش وەکوو ئێوە بیردەکەمەوە"

ئاخ! چەندە حەزم دەکرد هەی قورمساغ.

گوتبێتت تاکە قسەیەک

بوویەتە زۆربڵەیەک

بەدرۆ دواندن بۆ فریودان، لەجیات گوتنی قسەیەک،

زمانت ببڕە. هەرچی خێراتر بیبڕە.

کاتێکی زۆرت بەدەستەوە نییە

ببە بە لاڵێک.

وەختێک هیچ ناوێژی، باشترە بوێر بی و زمانت ببڕی و دەری هاوێژی.

بۆوەی لە پلانەکاندا، لە خەون و خەیاڵەکاندا، کارچاک بم

زمانم لەنێوان هەنیسکدان و رق ئەستووریدا رادەگرم

چونکە پێموایە، ساتێ دادێ، ئیتر خۆم ناگرم

دەتەقم، ترسم نامێنی، هومێدوار دەبم و هەر چرکەیەک گەرووم پڕ دەبێ لە پیت، سرتە، بوغز، گریان و هەنیسک کە پێمدەڵێ:

قسەبکە!....

**شێعری عەزیز نەسین، یانیس ریچۆس لە تورکی‌یەوە وەریگێڕاوەتەوە سەر یونانی.**

**وەرگێڕانی لە یونانی‌یەوە**

**لە ژمارە ٦٩٢ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦**

## ساپفۆ

ژنە شاعیری یونانی کە لە سەدەی حەوتەمی بەر لەدایکبوونی مەسیح ژیاوە. یەکەم ژن بووە کە پێبەپێی هەستە کەسێتییەکانی، نهێنیترین هەستە شاراوەکانی لە شێعرەکاندا بەیان کردووە. بەپێی کۆمەڵێک سەرچاوە، ئەو، شێعرەکانی لە ٢٦٠٠ساڵ پێشدا نووسیوە. خۆی هاوسەدەی سۆلۆنۆس (یاسازانی یونانی) و بەختوننەسر و جێرمیا بووە. پلاتۆناس(ئیفلاتوون) ئەو خاتوو شاعیرە وەک خواژنی شێعر دەناسێنێ. کاتولۆس بە ناوی ساپفۆی پیاو ناوی دێنێ. تاتیانۆسی ئاسووری پێی دەڵێ: رووسپی، دێوانەی عەشق، کەسێک کە رەفتاری لە شێعرەکانیدا رەنگیان داوەتەوە. ماکسیمۆسی تیرۆسی دەنووسێ: "ساپفۆی روخسار جوان، چونکە بۆخاتری جوانی، شێعری بەهەست و سیمای ژنانە کە ئەو خاتوونە هەیبووە، سوقرات حەزی کردووە بەو ناسناوە بیناسێنێ، هەرچەند کورتەباڵا و رەشتاڵەش بووە". لە یەکێک لە شێعرەکانیدا دەڵێ: دەستەکانی نەگەیشتوونەتە ئاسمان، چونکە کورتەباڵا بووە. لێرەدا پرسیارێک هەیە، ئاخۆ باسی جەستە و روحی کردووە یا لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ جیهانی کاکێشان، خۆی بچووک دیتووە. لە زۆربەی دۆزراوەکانی باستانیدا، روخساری ئەو ژنە، هاوتای ئەفرۆدیت جوان بووە. ساپفۆ لە هەڵبەستەکانیدا زۆر گرینگی بە خۆشەویستی و ئەوین لەنێوان ژنەکان داوە و زۆربەی کێشەکانی بۆی خوڵقاون، سەبارەت بە هاوجنسگەری ئەو شاعیرەیە بووە. ساپفۆ منالی بنەماڵەیەکی ساماندار و ئەشرافی، لە گوندی ئێریسۆسی دورگەی لێسڤۆس لەدایکبوو. هەر بەو بۆنەوە، ئیمڕۆ بە ژنانی هاوجنسباز دەگووترێ لێسڤییەن(لێزبییەن). لەسەر چۆنیەتی پێوەندییەکانی ساپفۆ لەگەڵ ژنان و کچان زۆر شت گوتراوە. دەگێڕنەوە کە بۆخاتری حورمەتێکی کە بۆ ئەفرۆدیتی هەبووە، فێرگەی گۆرانی و موسیقی دامەزراندووە. کچانی قوتابی لە بۆنەی ئایینی میتیلینییەکاندا بەشدارییان کردووە. روون نییە کە پێوەندی ئەو لەگەڵ قوتابییەکانی، هاوجنسگەری یا پیشەیی یا هەردووکیان بووە. لە هەرحاڵدا، ئاسەوارێک لە پێوەندی ماموستا و قوتابی یا مرید و مراد لە شێعرەکاندا بەدی ناکرێ.

کۆمەڵێک لە توێژەران دەڵێن ساڵی ٥٢٦ی پێشزایین لەدایکبووە و ئارتوور ویگالی ئەمریکیش پێی وایە ساڵی ٢٦١ دروستترە. دورگەی لێسڤۆس تا سەد ساڵ بەر لە سەردەمی زێڕینی پێریکلیس، نێوەندی ئەدەبی و فەرهەنگیی یونان بووە. ساپفۆ دوو یا سێ برای هەبووە: خاراکسۆس، لاریخۆس و رەنگە ئۆریغیۆس. ساپفۆ لە زۆر شێعردا باس لە پێوەندی عاشقانەی خاراکسۆس لەگەڵ دووریخا، واتە ژنە دەوڵەمەندی شەرابفرۆش دەکا و دەیداتە بەر تانە و تەشەر. خەڵکانێک دەڵێن کە ساپڤۆ جارێک مێردی بە کێرکیلاس، بازرگانی خەڵکی دورگەی ئاندرۆس کردووە. بە باوەڕی توێژەرانێک،

زانیاریی مێردکردنەکەی جێی گومانە. بەڵام کاتێک خۆی ناوی کچەکەی لە شێعرەکانیدا دێنێ و دەڵێ: "کچێکم هەیە بەناوی کلاییس...". شک و گومانەکان دەڕەوێنێتەوە. ساپفۆ ئامێری چنگی ژەنیوە و گۆرانی چریوە، بۆوەی باسی عەشقی خۆی بکا. لە شێعرەکانیدا، ئەو لەگەڵ گوڵ، وەنەوشە، کەزی درێژ، خەندە و بزەی لێو و خوێنشیرینی دەدوێ.

هەست دەکەم ئەو پیاوە هاوتای خواکانە
لە بەرامبەر تۆ دانیشتووە
شەیدای روخساری جوانە و گوێی هەڵخستووە
بۆ خەندە
بۆ ئاواز
بۆ دڵسۆزی تۆ
چونکە شیرینن
گفتەکانی تۆ
---
دڵم لەنێو هەناومدا
چەند بە خورپەیە
کاتێک بە خێسەوە سەیرت دەکەم
وشەکان لێم دەتۆرێن و
زمانم تەواو بەستەیە
----
لەنەکاو بڵێسەیەک لەشم دادەگرێ
چاوەکانم هێزی دیتنی تۆیان لێدەبڕێ
بە گوێیانم جیا لە دەنگت،
هیچیتر نابیسترێ و
هەموو شتگەلێ بە تاریکی خوو دەگرێ
----
لەش ئارەقاوی، وەلەرزە کەوتووە
رەنگم وەک گیای ویشکهەڵگەڕاوی لێهاتووە

تۆفانێکە لە شێتایەتی

لە کاتی مەرگ و بێهیوایەتی

---

هەسارە لە دەوری مانگ تروسکە تروسکیانە

جاوبڕکێیان لەنێو تریفەی مانگەشەوا، مایەی تێداچوونیانە

مانگ بەڕێوەیە و حەودالّی نیسێ و تارماییەکانە

بە ڕووناکی زێڕینی خۆی سەرقالّی وێرانکردنیانە

بەسەر فێنکایی جۆیبارا

سرتەی شنەبا دێ

بەنێوان گەڵای سێوەکانا

بە جووڵەی پەلکەکانا

خەو کۆتایی دێ.

لە ژمارە ٦٩٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٥ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## دەستەکانت بێنە تا ژیانم بەردەوام بێ

دڵدارەکەم
تۆم دۆزییەوە ئەی دڵدار لەنیو زەردەخەنەی تەواوی ئەو رۆژانەی دادێ
چونکە بەر لەوەی تۆ بێیە نێو ژیانم
ئازیزم، گەلێک ژیابووی لەنێو خۆزگە
و خەونەکانم.
دواتر باران دایکرد
لەسەر شووشەی پەنجەرەی هەڵماوی،
ناوی تۆم تۆمارکرد.
بۆیە،
شەوی سامائی پڕ ئەستێرە، ژوورەکەمانی داگرت
منیش هەروا دەستەکانی تۆم راگرت.
ئیتر ژیان بۆ هەمیشە بووە خاوەنی باوەڕ و ئاسمان
قژەکانیشت چەشنی شەو، رەشی قەتران
لەدەمیشتدا بەهارێکی کامڵ وەک
هەناسەیەکی قووڵ جێیگرت.
هەموو شتێ لەو جیهانە دەیتوانی بوونی بێ دڵدارەکەم!
کاتێ زەردەخەنەت بۆ من بێ
لە کەمترین ساتێ لەگەڵ تۆدا
دەتوانێ ژیانی منیش تەواو کامڵ بێ.
ئازیزەکەم تۆ بە خۆبەخشینت ئاشنابووی
بە تەواوی خۆت بەخشی و
لە پشکی خۆت بێپەروا بووی
ئەگەر خۆبەخشینیشت تەواو بوو،

تەنیا بە دڵڕفێنییەوە مابووی.

ڕۆژێک چاومان بەیەکتر دەکەوێتەوە

ئەو کاتە خاوەنییەتی گشت شەو و

گۆرانییەکان بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە

حەزم دەکرد، بەدەنگی بەرز بانگت بکەم:

خۆشەویستم!

بە هەموو هێزمەوە.

ئەوەندە بەرز بیڵێمەوە

کە هیچ خەونێک، خەونووچکە نەیباتەوە

هیچ هیوایەک، مەرگ ئاوڕی لێنەداتەوە

بەڵێ، خۆشەویستم، بەر لەوەی شاد بم

بەدیدارت

من چاوەڕوانی تۆ بووم، هەمیشە چاوەڕوانت

کاتێک یەکەمجار هەڤدوومان بینی،

لەبیرتە؟

دەستەکانت بەوپەڕی نیانی بۆ من رادا

وەک ئەوەی منت ساڵانێک ناسیبێ،

تۆ بووی گۆمانت لادا

منت دەناسی، چونکە بەرلەوەی بێیە نێو ژیانم

ساڵانێک ژیابووی لەنێو خەونەکانم،

لەخەیاڵدا

ئازیزەکەم، من شتێک زۆر زیاتر لە ئەوین

دەینداری تۆم

من گۆرانی، هیوا و ئەسرین قەرزداری تۆم

گەرەکم بوو ناوت بێنم و هاوار بکەم، ئەی خۆشەویست!

بەهەموو هێزمەوە

وەستاکارانی سەر داربەندەکانیش بیبیسنەوە

تا دۆستایەتی خۆر بکەن

خەڵووزوانانی گەمی، ئەوانیش پێی بزانن

گشت گوڵەباخەکان پشوویان نوێ بکەنەوە

بەهار بیبیسێ و خێراتر وەڕێکەوێ

مناڵان گوێیان لێبێ و لە تاریکی نەترسێن

و قامیشەکان بۆ رۆخەکان بیڵێنەوەو

سێ گۆشەکانیش بەگوێی پەرژینی باخی دادەنەوە...

ئەوەندە بەهێز هاواربکەن

کەهیچ خەونێک، خەونووچکەن ەیباتەوەو

هیچ ئاواتێک مەرگ نەیقۆزێتەوە

زەمان گوێی لێبێ و دەست لە یەخەی تۆ بکاتەوە،

خۆشەویستم،

.... لەنێو خۆشەویستیماندا چڵەدارێک

پاساریيەک و

ئامێرێکی فیسارمۆنی رەنگدەداتەوە.

رۆژ باش دراوسێییەکان

سەیری هۆوەی بکەن، ئەوەتا...

خۆشەویستەکەم لەو گۆشەیە

سەیرکەن وەک بەهار بەڕێوەیە

سەیرکەن ئەو گەنجە جوامێرانە

کە بەشەنە چاویان لە ئێمەیە

کیژۆڵەکان، ئەوانیش لە پشت سەریانن

دەسکەنەی گزینگی خۆریان پێشەیە

ببینن، چۆن گشتیان دەڕواننە ئێمەو

چاوبرکێیان هەگبەیە.

رۆژ باش

رۆژ باش هەر هەموو خوشک و برایانی

لێرەو لەوێ

وەرن دڵدارەکەم بە ئێوە بناسێنم

پێم بڵێن، جوانە یان نا؟

ئا خوشک و برایان!

ئەوم وەک ژیان و گۆرانی خۆشدەوێ.

لەوەش تێپەڕی

ڕۆژ باش ئاسمان، ڕۆژباش خۆر، ڕۆژ باش بەهار،

وەرن دڵدارەکەم بە ئێوە بناسێنم

ڕۆژ باش بەختەوەری.

تاسۆس لیڤادیتیس

لە ژمارە ٦٩٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

## مرۆڤێک پڕ لە گەورەیی...




زەین دەفتەرێکە ڕووداوەکانی ڕەوتی ژیانی تێدا تۆماردەکرێ. بەتێپەڕینی ژیان لاپەڕەکان دەکەونە سەر یەک و تۆزی فەرامۆشی دایاندەپۆشێ. هەندێک ڕووداو هەن، چەندێک زەمان دەربازبێ، بە نمەبارانێکی یادکردنەوە، ڕوحیان وەبەردێتەوە و زیندوو دەبنەوە. لەو نێوەدا، یادی ساتەکانی پێکەوەبوون لەگەڵ کاک نەبی قادری، وەکوو پارچە هەڵبەستێکی نیشتمانییە و چەشنی سرودێک لە زەینمدا بەردەوام دەخوێندرێتەوە.

من لە تەمەنی مناڵیمەوە کاک نەبی قادریم دەناسی. هەردووکمان خەڵکی شاری شنۆ بووین. شارێکی بچووک، خاوەن خەڵکێکی خزم یا ناسیاوی هەڤدوو. کەس ئاغاوەتی و دەوڵەمەندبوونی خۆی بە فەخر نەدەزانی، تاکوو خۆی لە کەسە هەژارەکان بەگەورەتر بزانی، هەڵبەت ئەو سەردەم. مناڵانی هەژار و ساماندار وەکوو یەک دەژیان. ڕاست لەو زەمەنەدا کاک نەبی لە قوتابخانە ماموستام بوو. ئەو باشترە بڵێم هاوتەمەنی برای گەورەم بوو. ئەوان سەر بە جیلێک، کە شەش کلاسیان خوێندبوو، بەڵام بەقەرا دیپلۆمی دەورانی ئێمە بەسەواد بوون. کاک نەبی دواتر درێژەی بە خوێندن دا و واوەتریش دانیشگای تەواو کرد و خاوەن بڕوانامەی لیسانسی تاریخ و جۆغرافیا بوو.

**بۆ گەورەیی ئەو مرۆڤە، تەمەنێک دەگەڕێمەوە شنۆی ئەو فەترە. لە زمان عەولا دەگێڕمەوە کە ئەویش وەکوو من کوڕە هەژارێک بوو:**

- دایکم جلوبەرگی هەمووومانی بە دەرمان ڕشاندبوو بۆوەی چی زیندەوەری تێیدا بکوژرێن. بۆنی دەرمانەکە زۆر ناخۆش بوو.



سەرچاوە
Serchawe

خۆیشم بە بۆنەکەی قەڵس بووم، جا چ بگا بە کەسانی دەوروبەرم. چوومە قوتابخانە. کاک نەبی ماموستامان بوو. کاتێک هەستی بە بۆنی جلوبەرگەم کرد، خێرا گەورەیی خۆی نواند. بانگی کردمە لای خۆی و بەبیانووی قسەکردن ڕایکێشامە گۆشەیەک، بۆئەوەی منداڵەکانی دیکە هەستی پێبکەن، مەبادا دوایی بمشکێننەوە و ببمە مایەی گاڵتەجاڕی. کاک نەبی بەدەم قسەکردنەوە، شووشەی عەتری لە باخەڵی دەرهێنا و هێندێکی بە کەواکەمدا کرد و نەختێکی دە سەرو گوێلاکم هەڵسووت. خۆیشم هەستم بە بۆنێکی خۆش کرد. ناردمییەوە سەر جێگاکەم و درێژەی بە دەرس گوتندا.....

- ئا... عەبدوڵا، ئەو کاتەی تۆ قوتابی کاک نەبی بووی، منیش قوتابی فیروز بووم. من لە تۆ هەژارتر بووم. کەواکەم دڕاو بوو و کاتێک لە کلاس لەگەڵ منداڵەکان دانیشتبووم، فیروز بانگی کردم و لەبەرچاوی منداڵەکان، هەم لێیدام و هەم لە کلاس دەریکردم و گوتی: جارێکی دیکە بۆت نییە بە لیباسی دڕاو و پینەکراو بێیەوە قوتابخانە! جاری دواییش لەبەر ئەوەی پانتۆڵی کوردیم دەبەرکردبوو، دیسان دەریکردم و گوتی: دەبێ بە شاڵواری عەجەمی بێیەوە، دەنا بڕۆ لەجیاتی خوێندن گوێلکەوانی بکە! هەڵبەت مرادیش لەو باشتر نەبوو. ئەویش بێسەوادی خۆی بە لێدان و کوتانی ئێمە دەشاردەوە...

کاک نەبی ماموستایەتی وەکوو ئەرکێکی ئەخلاقی، چەشنی دەینێک لەهەمبەر منداڵانی شارەکەی سەیردەکرد. خۆزگەی ئەو پێگەیاندنی ئێمە بوو، نەک مووچەی دەسەڵات. ئەو بە هەر ئاکار و کردەوەیەکی، پاراگرافێک لە مرۆڤایەتی لە مێشکی ئێمەی منداڵدا تۆماردەکرد. کەسێکی باوەڕ بەخۆ بوو و متمانەی بە خەڵکی دەوروبەری هەبوو و هەست و بۆچوونی خۆی بە کرداری هێمنانە لە کێڵگەی زەین و بیری لایەنی بەرامبەردا دەچاند.

لەگەڵ عومەر حەمیدی ساڵەکانی کۆتایی خوێندنمان تێپەڕدەکرد. ئەو دەمە ئیتر، کاک نەبی ماموستای دەرسی جۆغرافیا بوو. زۆری هەوڵدەدا چەندی دەکرێ زانستمان سەبارەت بە جیهانی دەوروبەرمان پتروپتر بێ، بەڵام ئێمەی گەنجی خولیای چوار نمرەی قبوڵی، کوا گوێمان بەو ئامۆژگارییانە دەبزووت! ڕۆژی تاقیکردنەوە لەگەڵ عومەر پێکەوە دانیشتبووین. کاک نەبی لەسەر جێگای خۆی دانیشتبوو و نیوەنیوە سەیری دەکردین. عومەر جاروبار دەستی بۆ کتێبی جۆغرافیا دەبرد و جوڵەکانی زۆر ئاشکرا بوون. کاک نەبی بە ئەسپایی نیزیک کەوتەوە. عومەر مەجالی شاردنەوەی کتێبی بۆ نەما. کاک نەبی کتێبەکەی لە عومەر وەرگرت و لە پێشی دانا:

- عومەر ئەوە خەریکی تەقەلووب کردنی؟ بەرمزەیەکی لەسەر لێوان بوو.

عومەر نیگەران و ترساو لەوە کە لە کلاس دەربکرێ، سەری دەبەر خۆی نا.

- سەرت هەڵێنە! پێم ناخۆشە تەقەلووب دەکەی، بەڵام مادام ناخوازی ئەو درسە فێربی و حەزت لێنییە، ها ئەوە کتێبەکە و بەدڵی خۆت لەبەری بنووسەوە.

عومەر لەبەر خەجاڵەت بوون، کتێبەکەی لە کەشێوی مێزەکەی بەردەممان نایەوە و هەستا و دەرکەوت. دوای تاوێک چاوم پێیکەوتەوە، هەستی بە شەرمەزارییەکی زۆر دەکرد و پێیوابوو ئەو زوڵمی لە کاک نەبی کردووە.

یەکدوو ساڵ دواتر کاک نەبی، وەکوو شارەداری شاری شنۆ دیاریکرا. قوتابخانەمان بێ ئەو ماموستا گەورەیە مایەوە و ئەوجار کەمتر چاومان پێیدەکەوت. ڕۆژەکانی سەرەتای کاری ئەو بوو. بەهەڵکەوت تووشی باسێکی خۆمانەی نێوان ئەو و یەک لە عەمەلەکانی شارەداری بووم. دەروێش حوسێن نەیدەزانی بە چ ناوێک بانگی کاک نەبی بکا. پێشتر فێرببوو بە شارەدارەکانی پێشتر لە کاک نەبی بڵێ ڕەئیس.

- ڕەئیس دەتوانم بڕۆمەوە؟ دەروێش وسێن ڕووی لە کاک نەبی کرد.
- دەگەڵ کێ قسەدەکەی دەروێش وسێن؟
- دەگەڵ جەنابت.
- دەروێش گیان، من نە جەنابم و نە ڕەئیس. ناوی من نەبییە. خەڵک بەناوی کاک نەبی بانگم دەکەن و تۆش هەروابکە!
- ئاخر جەنابی کاک نەبی پێمعەیبە...
- نانا... کاکە گیان، ناخوازم جارێکی دیکە نە جەناب و نە ڕەئیسم گوێلێبێ.

شۆڕش دژی ڕژێمی پاشایەتی پەهلەوی لە شارە گەورەکانی ئێران دەستی پێکردبوو. شارە بچووکەکەی ئێمەش، شنۆ دەبوایە ڕەگەڵ ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان بکەوێ. کاک نەبی سەرقافلەی جوڵەی خەڵک سەرەکیترین نەخشیگێڕا. هەڵبەت زۆر لەوە پێشتر ڕەگەڵ شۆڕشی کوردستان لە هەردوو دیوی سنوور، لە باشوور و ڕۆژهەڵات لە پێوەندیدا بوو و من دواتر بە هەڵسوکەوتەکانی ئەوم زانی. چەند مانگێکی خایاند و بە دامەزرانی کۆمیتەی ناوچەی حیزبی دێموکرات، کاک نەبی ئەرکی بەرپرسیاریێتی وەرگرت. ئێمەش کۆمەڵێک لە قوتابییانی ئەو ڕەگەڵ لافاوی شۆڕش و حیزبایەتی کەوتین، ئەوانەی خۆی پەروەردەی کردبوون. زۆری نەکێشا خۆمان لە چیاکان دیتەوە. گەرمای ئەو ڕۆژەم لەبیر ناچێ کە ئارەقەی ڕەش و شینمان دەرکردبوو و لەگەڵ کاک نەبی و ماموستا مەلا محەممەدی عوسمانی و ئازادی کوڕەگەورەی کاک نەبی بەرەو شێخ ئایش لە پیرانشار دەچووین. ئازاد هەراسی بە کاک نەبی هەڵگرتبوو و کۆمەڵە پرسیارێکی لەسەر وەزعی حیزب هێنابوە گۆڕێ، کە باوکی وەکوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەبوایە وەڵامیان بداتەوە. کاک نەبی حیزبەکەی خۆی خۆشدەویست و باوەڕی

پێیەهبوو و ئازادیش جگەرگۆشەی ئەو بوو و نەدەکرا جوابی نەداتەوە. باس لەسەر قەومانی ڕووداوێک بوو.

- بابە، هەمووتان دەزانن چ باسە، بەڵام ئەتۆ هیچ ناڵێی.... بەداخم
- نانا ئازاد گیان بەداخ مەبە. تۆ ڕۆڵە دەبێ ئەوە قبوڵ بکەی کە من ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی حیزبم. نەزەرم بە هێند وەردەگیرێ. خۆ ناکرێ هەرشتێک قەوما خێرا بێم هاتوهاوار سازبکەم. دەبێ قسە لەجێی خۆیدا بکرێ و زانیاری ڕاستیش بە خەڵک بدرێ. کار بە ئیحساسات و هەڵچوون جێبەجێ نابێ.....

لەو کاتەشدا هەم ئەرکی باوکایەتی و هەم ماموستایەتیم بەو مرۆڤەوە دیت. سەردەمی قوتابخانەی وەبیر هێنامەوە. شانازیی ئەوەم پێبڕابوو هەم لە قوتابخانەی خوێندن و هەم لە قوتابخانەی شۆڕش لەگەڵ کاک نەبی بم.

ساڵی ١٩٨٥ منیش وەکوو خوێندکار بورسی خوێندنم لە وڵاتی یونان پێبەخشرا. بنکەی دەفتەری سیاسی لە گەڕەدێ بوو. سەردانی کاک نەبیم کرد. لە ژوورێکدا لەلای کاک فەتاح کاویان و کاک مستەفای قازی دەماوە.
- فەتحی ئەوە بورسی خوێندنت وەرگرت، دەبێ شیرنیمان بدەیەی! کاک فەتاح داوای کرد.
- جا باشە عەلی چکارەیە شیرینی بدا بە ئێوە فەتتاح! هەتا ئەمن لێرە بم، عەلی هیچکارە نییە. ئەوە منم دەبێ شیرینی بدەم بە ئێوە، کە عەلی برام بۆ خوێندن دەچێتە دەرەوە....

وای لەو گەورەیییەی بەو ئینسانەوە دیت. لەو غەریبیەیە و لەو دوورییەی لە شار و بنەماڵەم، چۆن توانی ئەو خۆشەویستییەم پێببەخشێ کە هەست بەبێکەسیم نەکەم! لەبەر گەورەیی نواندنی ئەو، لەجێوە فرمێسک دەچاوانم گەڕا. هیچم پێنەگوترا، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە لەقوڵایی دڵمدا عەشقێک پشکووت و گوتم: گەلێک سپاس گەورەم...

دوایینجار گوێم لە دەنگی بۆوە. ئەو کاتە بوو کە بەداخەوە حیزبی خۆشەویستی کاک نەبی و قوتابییەکانی ئەو، واتە خەجیج مەعزووری و قادر وریا و قادر ڕەسوڵیان و عەوڵا سەیدا و عومەر حەمیدی و چەندێکی دیکە تووشی دابڕان هاتبوو. کاک نەبی هەمووکمان، لە وڵاتی دانمارک دەژیا و نەخۆشی شێرپەنجە بڕستی لێبڕیبوو. عومەر حەمیدی لە کوردستانڕا هاتبوو و شەوێک لە شەوان بە تەلەفوون قسەمان لەگەڵ کاک نەبی کرد.

- کاک نەبی چۆنی؟ دەمانزانی بەهۆی نەخۆشییەکەی زۆر ناژی.
- زۆر باشم عەلی گیان، تۆ چۆنی؟ دەنگی تەواو کز ببوو.

- کاک نەبی گیان، جارێ لەگەڵ عومەر قسە بکە، دوایە من قسە دەکەم...
کاک نەبی ئەو شەوە دیسان وەکوو ماموستایەک داوای برایانەی هەبوو.
- کوڕینە! دەبێ ئەو دوو باڵەی حیزب یەک بگرێتەوە. دەبێ کار بۆ ڕزگاری ئەو کوردستانە بکەین. نەکا هەست بە ماندووبوون بکەن.....

لەگەڵ عومەر دەستمان بە گریان کرد. کاک نەبی بۆ هەمیشە جێی دەهێشتین و داوای لە ئێمەش دەکرد نەبەزین... دەک ڕوحت شاد گەورەم. چەند ڕۆژێکی خایاند و بۆ هەمیشە ماڵاوایی کرد.

کەسی برا! هیچ دەزانی عومەریش لە وڵاتی غەریبی سەری نایەوە، هیچ دەزانی قادریش بەدەم نەخۆشییەوە پێوەندی لەگەڵ هەموومان بڕایەوە، هیچ دەزانی حیزبەکەت دوبارە بە ئازاری دوولەتبوونی دیکە تلایەوە؟

گەورەم سەری کڕنۆش بۆ هەموو گەورەییەکانت. تۆ ئەبەدییەتت بۆ خۆت دەستەبەر کرد. لە دڵماندای و ئەگەر بیست ساڵیش بەسەر کۆچتدا تێپەڕبێ، قادر و خەجیج و عەلی زۆر هەن ڕێز لە هەست و بیرت بگرن و تۆیان لەبیربێ. بخەوە ئازیز، پیاوە مەزنەکە خەوی خێرت بێ....

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## مۆژدە، مۆژدەی بە شەکیلا دا

نیوکاتژمێر بەر لە هاتنی میوانەکان گەیشتبوومە ژووری مەراسیم. سەیرم کرد جیا لە ئاڵا و ئارمەکان، وێنەی یەک لە شەهیدانی تەقینەوەی بەر درگای قەڵای دێموکرات لەسەر مێزێک داندرابوو. چاوم بە کیژێکی خەمبار کەوت. لەتەنیشت مێزەکە راوەستابوو. سڵاوم کرد و دەستم لەنێودەستی نا.

* خانمە جوانە چۆنی؟
* باشم، زۆر سپاس. من شەکیلام، کچی شەهید عەلی قۆیتاسی.

تەزوویەک بە لەشمدا گەڕا. سەری کرنۆشم دانەواند و گەرم لە باوەشم گرت. بەڵێ ئەو کچی شەهیدێک بوو. ئەو شەکیلا بوو کە دوو رۆژ پێشتر بەسەرهاتی ژیانیم تا رادەیەک بیستبوو.
مەعمووریەتی کاری من، بەخێرهێنانی میوانەکان دیاریکرا.
هەستێکی قورس روحمی داگرتبوو. خەڵک پۆل پۆل دەستیان بە هاتن بۆ مەراسیمەکە کرد.
- روحی شەهیدان شادبێ...
پیر و گەنجم بەردەوام دەدیت، خەفەتبار بەرەو ژوورەکە دەچوون.
نیو کاتژمێری خایاند. ژووری پرسە پڕ لە خەڵک بوو، لە هەموو چین و توێژێک. دیسان وەبیر ئەو رستە جوانە، بەڵام حەسرەتبارە کەوتمەوە:

" ئەوجاریش شەهیدەکان لە دەوری یەکتر کۆیانکردینەوە".
دێموکراتە لێکدابڕاوەکان، کۆمەڵە چەند کەرتەکان، چەپ و راست و ئایینـدار و بێ ئایینـەکان، کورتی ببڕمەوە کوردە بەهەستەکان بەپانەوە هاتبوون.

لە پشت میکرۆفۆنە رەنگاوڕەنەکان کۆڵێک وتار پێشکەش کران و پەیام خوێندرانەوە، هەرکام بە ئەدەبیاتی تایبەتی خۆی. کۆماری ئیسلامی ئێران مەحکووم کرا و وەکوو تاوانباری سەرەکیی تەقینەوەکانی بەردەرکی قەڵای دێموکرات لە کۆیە دەستنیشانکرا.

نۆرە گەیشتە شەکیلا. ئەو جوانکیلە خەمبارەی کاتژمێرێک پێشتر دیتبووم. بێدەنگییەکی سەرنجڕاکێش ژوورەکەی داگرت. شەکیلا لە پشت میکرۆفۆن بوو.

ـ من شەکیلام، کچی عەلی قۆیتاسی. سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ هەموو ئێوە هاوڕێیانی باوکی شەهیدم.

ئینسان نەیدەزانی سەیری شەکیلای خەمبار بکا یا گوێ لە وشە پڕلەهەستەکانی بگرێ. ئەو هەشت ساڵان، لەگەڵ دایکی ڕێگای تاراوگەنشینیی گرتبووەبەر. کاتێک قسەی دەکرد، سیمای هەشت ساڵ لەوە پێشی باوکی، هێشتا لە مێشک و خەیاڵیدا دەهات و دەچوو. ئەو بە سۆزێکی پڕ لە هەست لەگەڵ باوکی دەدوا. فرمێسک و خەم تێکەڵ بە ئاخاوتنی ببوون.

ـ باوکم هەموو تەمەنی خۆی لەپێناو ئازادی و سەربەرزی کوردستاندا فیدا کرد. باوکم درێژەدەری ڕێبازی شەهیدان بوو. ئەو خۆی تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان کرد.

کاتێک هەناسەی پڕ لە حەسرەتی هەڵکێشا، بەدەم هەنیسکی گریانەوە، دووبارە دەستی بە خوێندنەوەی پەیامەکەی کرد.

ـ باوکم تاجی ئیفتیخارە بە سەرمەوە..

بە بیستنی وشەی تاج، بۆ ساتێک بیرم لە شاجوانەکانی جیهان کردەوە. هەستم کرد شاجوانی من، شەکیلاکانن، مناڵانی بێبەشکراو لە سۆزی دایک و باوکەکانن.... ئاخ شاجوانەکەم شەکیلا، تاکەی مەرجی شاجوانیی کیژانی نیشتمانم، دەبێ بێکەسبوون بێ؟! هەموو میوانانی نێو ژوورەکە کاتێک فرمێسکی شەکیلایان بینی و گوێیان لە تاجی ئیفتیخار بوو، ئەسرین لە چاوانیاندا قەتیس ما. شەکیلا درێژەی بە پەیامەکەی دا. یەک ڕستەی گوت کە خۆی لە خۆیدا ڕۆمانێکی پڕ لە تراژێدیا بوو و بارتەقای قورسایی هەموو ڕۆمانەکانی جیهان. نزایەک بوو بۆ هەڵتەکاندنی کورسیلەی هەموو خواکانی نیهان. خۆزگەیەک لەنێو دڵ و دەروونی هەموو هەژارەکان.

ـ مردن و سەرشۆڕی بۆ ئەوانەی بێباوکیان کردم.

شەکیلا بە ئەسپایی، بێماڵاوایی، ڕۆیشت.

خێرا دوای ئەو نۆرەی موژدە هات. ئەویش شاجوانێکیتر، ئەویش کچە شەهیدێکیتر.

ـ من موژدەم. من نوێنەری راسپێردراوی ئێوەم. بەناوی هەموو ئێوە ئازیزان دەخوازم چەپکەگوڵێک پێشکەش بە شەکیلا بکەم و موژدەیەک بە خەڵات.

ژوورەکەم وەکوو دەریایەکی تۆفانی کەوتەبەرچاو. هەستەکان شەپۆلیان دەدا. لەگەڵ شەکیلا گریان و لەگەڵ موژدە، چاوەڕوانی موژدە.

ـ من لێرە دەخوازم بە شەکیلا بڵێم، چۆن خاکی کوردستانمان هەموو ڕۆڵەکانی نیشتمان لە باوەش دەگرێ، چۆن حیزبی دێموکرات بۆ ئێمە ماڵێک بوو، باوک و دایک بوو، بۆ من و هەموو کچ و کوڕە شەهیدەکان، بۆ تۆش شەکیلا گیان، هەروا دەبێ. بۆیە دڵگران مەبە. تۆ وەک خۆت گوتت شانازی بکە کچە شەهیدی، شەهیدێک بۆ حیزب، شەهیدێک بۆ کوردستان، کە ژیان و گیانی بەخشی...

بە مـوژدەی مـوژدە، دەریـای شـەپۆلاوی سـاڵۆن هێوربـۆوە. موژدەی کچە شـەهید، وەکـوو شـاجوانی دوێنێـی کچە شـەهیدەکان، دەسکێ گوڵی پێشکەش بە شەکیلا کرد و لە ئامێزی خۆیدا لاواندییەوە.

پرسیارگەلێک لە دڵ و زەینی ئێمەی دژبەرانی هەڤدوودا بۆ جارێکیتریش دووپات بوونەوە:

دابڕان و پەرشوبڵاوی ئێمـەی کـورد تـا کـەی؟ بەتـایبـەت ئێمـەی پێشڕەوی خـەبات بـۆ رزگـاریی نیشـتمان! دەبـێ بـۆ شـاجوانە بێنـازماوەکانمـان، بـۆ وەچـەی داهاتوومـان، لـە دەفتـەری مێـژوودا چ بنووسـین؟ ئـاخۆ، تـەنیا شـەهیدەکانمان لـە یـەکتر کۆماندەکەنەوە؟

لە ژمارە ٦٩٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٤ی جانێویری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# لۆرکا

ئاوریلی ١٩٣١ دامەزرانی جمهووری ئیسپانیا و کۆتایی سیستەمی پاشایەتی ڕاگەیەندرا. ژێنرال فرانسیسکۆ فرانکۆ دژی ئەو گۆڕانە هەڵوێستیگرت. ساڵی ١٩٣٦ کودتای وەڕێخست و تووشی شکستهات. شەڕی نێوخۆیی ئیسپانیا دەستیپێکرد. وڵاتانی ئوروپایی، ٢٠ی ئاگوستی ١٩٣٦ پەیمانی ‹‹خۆتێهەڵنەقوتاندن ›› لە کاروباری ئەو جمهوریيە تازە دامەزراوەیان ئیمزا کرد، واتە ڕاست ٢٠ ڕۆژ دوای کودتای نیزامی فرانسیسکۆ فرانکۆ، تەنیا بۆوەی یارمەتیی بە سەرکەوتنی جمهوریيەت نەدەن و پشتی فرانکۆ بگرن. نیو میلیۆن ئیسپانیایی کوژران. نازییەکانی ئاڵمان و فاشیستەکانی ئیتالیا یارمەتی فرانکۆیاندا و ناوبراو ساڵی ١٩٣٩ دەسەڵاتی حوکمڕانی دەستەبەرکرد.

فرێدریکۆ گارسیا لۆرکا، شاعیر و نووسەری ئیسپانیایی، هەروەها نیگارکێش و ژەنیاری پیانۆ، لاینگری جمهوری تازەدامەزراوی ئیسپانیا بوو. لۆرکا دەیزانی کە بێدەنگی کۆمەڵگای جیهانی و سەرهەڵدانی فاشیزمی فرانکۆ، وڵات چۆن تووشی نەهامەتی و وێرانیدەکا. ئەو بە زمانی شێعر و شانۆ دەنگی ناڕەزایەتی خۆی دەربڕی. ئەو لە نیزیکەوە دەیدیت هەرکەس لەگەڵ فرانکۆیە، دوژمنی جمهوریيەتە. بەردەوام گوێی لە دروشمی فالانژەکان دەبوو، کاتێک هاواریان دەکرد:

"هەرکەس بەرگی نیزامی لەبەردا نەبێ، با جلی ژنانە بپۆشێ."

لۆرکا هەڵسوکەوتی فرانکۆی دیتبوو و گوێی لە فەرمانی ئەو ببوو کە گوتبووی:

"بەرلە جێبەجێکردنی حوکمی تیرباران و سێدارە، من داوای لێبووردەیی هیچکەس پەسند ناکەم."

**لۆرکا پێشبینی ئەو داهاتووە تاریک و ڕەشەی کرد و نووسی:**

**ئەوان سواری ئەسپە ڕەشەکان دەبن،**
**ئەو ئەسپانەی ناڵەکانیشیان ڕەشن.**
**پەڵەکانی جەوهەر و مۆم**
**لەسەر باڵتۆکانیان دیار و گەشن.**

ئەوان ئەگەر ناگرین، لەبەروەیە
لەجیات مێشک، قوڕقووشمیان لە سەریاندا جێگرەوەیە.
ڕوحیان لە کەوڵی بۆیاخکراوە
ئەو ساتەی دێن بە ڕێگاوە.
تاقمێکی پشتکووڕن و شەوانە
بگەنە هەر شوێنێ،
بێدەنگییەک دەخوازن،
وەکوو شیرەداری ڕەشهەڵگەڕاو،
ترس و سامێک،
چەشنی لەرزینی بچووکترین دەنکە لمی بەرئاو.

دواتر، تەنیا لە دەڤەری باسک بە هەزاران کەس ئیعدامکران. دیسان وەدەنگ هات:

مەرگ،
بەژێر دارزەیتوونەکاندا تێدەپەڕی و
پەیتا پەیتا و بەردەوام
پەنجەی قورقووشمیی خۆی
ڕادەداشت و
قوربانیی خۆی دەستنیشان دەکرد.

ئەو بۆ عەشق، بۆ منداڵ، بۆ سروشت دەینووسی. هەرچەند وایدەنواند کە زۆر سیاسی نییە، بەڵام هەڵسوکەوتی لەمەر ناعەداڵەتی و دۆخی نالەباری سەردەم بەجۆرێک بوو، فالانژەکانی فرانکۆ بۆیان قبوڵ نەدەکرا. شێعرەکانی ئەو وەسەر زاری منداڵە هەژارەکانی گەڕۆکیش کەوتبوون.

ڕوحی هەژارانی بەلاوە گرینگ بوو و بۆ دوای مەرگیشی خۆزگەی بۆ چەوساوەکان هەبوو:

ساتێ دەمرم
پەنجەرەی هەیوان واڵابێ.
مناڵێک پرتەقاڵ دەخوا،
لە پەنجەرەی بەرهەیوانەوە دەیبینم.

وەرزێڕێک گەنم دەدروێ،
لە پەنجەرەی بەرهەیوانەوە دەیبینم.
کاتێ دەمرم،
پەنجەرەی بەرهەیوان دامەخەن!

لۆرکا لە سەردەمێکی گونجاودا هات و بێوەخت ڕۆیشت. ئەو دەیگوت هەر شاعیرێکی ڕاستەقینە، شۆڕشگێڕێکە. سالوادۆر دالی سەبارەت بەو دەڵێ:

لۆرکا دەیتوانی چی لە دڵیدا هەبوو یا بیری لێدەکردەوە، بە لاساییکردنەوە، بە گۆرانیگوتن یا بە جوڵە و نمایشکردن دەریببڕێ. تەنانەت چۆنییەتی مەرگی خۆی، ساتی ناشتنی، جەنازەی چۆن شۆڕدەکرێتەوە، چەند ڕۆژ دوای مەرگی ڕوخساری چۆن دەبێ، هەرهەمووی نمایشدەکرد. ئەو هەرچەند بە سیما جوان نەبوو، بەڵام کاتێک جوڵەی سەیر و هونەریی دەکرد و پێدەکەنی، جوانییەکی کەموێنەی بە ڕوخساری خۆی دەبەخشی. هەرکات هەستیدەکرد بە هەڵسوکەوت و جووڵەکانی، توانیویەتی بینەر تەواو ڕازی بکا، شادی و خۆشی هەست و ڕوحی دادەگرت.

لۆرکا خۆیشی دەیگوت، بەدەگمەن کەنینم بە پێشهەستەکانم دێت. ساڵی ١٩٣٥ بە دۆستی خۆی، کارلۆس مۆرلای گوتبوو: کە بیر لە مەرگ دەکەمەوە، ترس دامدەگرێ، نەک لەبەر ئەوەی دواتر چی دەقەومێ، ئەوە بەلامەوە گرینگ نییە. تەنیا ئەو هەستە ناخۆشە، کە نابێ ئیتر بمێنم، ئەوە ئازارم دەدا، ئەوە کە دەبێ ماڵاوایی لە خۆم بکەم، ئاخر من خۆم خۆشدەوێ.

لۆرکا پێشبینی مەرگی خۆی کردبوو:

دیتم منیان کوشت
قاوەخانەکان گەڕان، گۆڕستان و کلیساکانیش
بەرمیلەکانیان هەڵدڕی، گەنجە و دۆڵاپەکانیش
دەستیان بۆ سێ ئیسکلێت برد
کە ددانە زێڕەکانیان بدزن
بەڵام منیان نەدۆزییەوە.
منیان نەدۆزییەوە؟
نا... منیان نەدۆزییەوە.

بەرەبەیانیی ١٨ی ئاگوستی ساڵی ١٩٣٦، ئەو سەردەمەی ئەو عاشقی ژیان بوو و تەنیا ٣٨ ساڵی تەمەن تێپەڕکردبوو، بەدەست فاشیستەکانی ئیسپانی لە داوێنی چیاکانی سیرانوادا تیرباران کرا. دەگوترێ لەنیزیک گوندی ‹›ویزنار›› لەژێر دارزەیتوونەکاندا نێژراوە. بەڵام جەنازە و گۆڕی لۆرکا هیچکات نەدۆزرانەوە. هەست و پێشبینی‌یەکەی وەڕاستگەڕان و لە شێعرێکیشدا ئاماژەی پێکردبوو

لە ژمارە ٦٩٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٢ی جانێویری ٢٠١٧

---

# هێلینی شێواو

## نیکۆس کارۆزۆس

لە ژووری ئاشپەزخانە دانیشتبووم و سەرقاڵی نووسین. دەنگی قاڕەقاڕی دوو قشقەڵە دەهات. لەسەر داربەڕووی بەر پەنجەرەکەم شەڕیانبوو. پاش تاوێک بە سەرکەوتنی یەکیان کۆتایی هات. قشقەڵەی سەرکەوتوو لەسەر دارەکە مایەوە و ئەوەی دیکە بەرەو دارستانی ئەوبەر جادە فڕی.

قشقەڵەی سەرکەوتوو هەر لەو ڕۆژەوە دەستی بە کۆکردنەوەی چینە و پووشوپەڵاش کرد. چەند ڕۆژ دواتر هێلانە ئامادەبوو و تێیدا دامەزرا. دیاربوو جووتی خۆیشی دۆزیوەتەوە. زۆری نەخایاند کورک بوو. دیسان قاڕەقاڕی ئەو سرنجی ڕاکێشام. یەک لە بێچووەکان کاتی فڕین کەوتبووە خوارەوە. لە چیمەنی بەر پەنجەرە دەخولایەوە. دایکی هاواری لێهەستابوو و وێدەچوو هەستی بە بوونی پشیلە لەو دەوروبەرە کردبێ. یەک دوو بیسکویتم هاویشتە بەردەم جوجکەکە. دایکی هات بۆلای و خەریکی خواردن بوون. جاروبار لەسەر چیمەن فێری فڕینی دەکرد. هەرهەمووی ئەو دیمەنانە بەلامەوە جوان بوون. سۆز، ترس و دڵەڕاوکە، بەرپرسیاریەتی و کۆڵێک ئەزموونی دایک بۆ بێچووەکە.

دوو ساڵە لەگەڵ ئەو قشقەڵەیە دراوسێم. جاروبار دێتە سەر لێواری پەنجەرەی ماڵەکەم. دەزانم برسییەتی و بە یەک دوو لەتکە بیسکویت ڕازی دەبێ. یەک دوو مانگ لەوە پێش دیسان لەسەر دار شەڕە دەنووکی لەگەڵ قشقەڵەیەکی دیکە هەبوو. هەستمکرد ئەوەیتر دەخوازێ هێلانەکەی داگیربکا. ئەوەی دراوسێم، بێگانەی ئیزن نەدا و دار و هێلانەی پاراست. ئەمڕۆ بەهەڵکەوت دووبارە لەبەر پەنجەرە وێستابووم. سەیری دەرەوەم دەکرد. بەفرێکی زۆر کەوتبوو. قشقەڵەی هاوڕێم، زۆر بە حەسرەتەوە دەیڕوانییە هێلانەکەی. بەفری لەسەر بوو و بۆ حەسانەوە نەدەبوو. بەدەست خۆم نەبوو، خەفەت دایگرتم. ئاخ چەند ناخۆشە ماڵت داگیربکرێ، لافاو بیبا یا بەفری قورس درگات لێبگرێ. بژی لە هەیوان و پەسیوان، لەبەر دوکان و سەرشەقام، لە کۆڵان و نەدیوان، وەکوو کۆچەر، ئاوارە و دەربەدەر. تاراوگەنشین لە هەندەران بی، حەسرەتباری مەوتەنی بەر تیغی خەنجەران بی. بەڵێ ئاوا خۆم هاتەبەرچاو، بیرەوەری ژیانی ٣٥ ساڵ دووری زیندوو بوونەوە، ئەوانەی لە زەینمدا قەتیس مابوون چەشنی پەنگاو.



سەرچاوە Serchawe

پارچە بیسکویتێکم هەڵداشت و قشقەڵەی هاوڕێم هاتە بەر پەنجەرە. لەبەرخۆمەوە لەگەڵی کەوتمەڕاوێژ.

گوێ بگرە دراوسێکەم! هیچ دەزانی جیاوازی من و تۆ لەچیدا؟ هێلانەی تۆ لەسەر داربەڕوویە، لەسەر لێواری شەقام، لەتەنیشت وێستگەی پاس و لەبەر پەنجەرەی ماڵی من. نە کەس بەردێکت تێدەگرێ، نە کەس بە تفەنگ سێرەت لێدەگرێ. نە فڕۆکە بۆمبارانت دەکا، نە دوژمن تۆپباران و نە کەس سەرت دەبڕێ. نە ناسنامەت پێویستە و نە پاسپۆرتت حەوجەیە، نە سنوورێک بەفەرمی دەناسی و نە دژە ئایین و ئایدیات هەیە. لە دراوسێیەتی تۆ، منم خاکم داگیرکراوە، سنوورم بۆ ڕاکێشراوە، ماڵم لێشێوێندراوە. ئەوە منم دەربەدەرم، ٣٥ ساڵە سەوداسەرم. دەزانی بۆ؟ بۆ مافێکی ئینسانی، بۆوەی ئازادبێ ژیان و گیانی. کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانە بێ کە لەودا باڵندەی هاوڕەگەزی تۆیش خاوەن دار و هێلانە بێ. هەرچەند ئەمڕۆ ماڵەکەت بە بەفر داگیرکراوە، بەڵام لەبیرت بێ تەنیا ڕۆژانێک بۆ بەهاری گەرم و گەڕانەوە و دامەزرانت ماوە. تۆ هەرکات حەزبکەی دەگەڕێیەوە هێلینی خۆت، هەر ئەوەندە کە بەفر بتوێتەوە. بەڵام بۆ من چی؟ کەی وەرزی ئازادی دەگەڕێتەوە؟ هیچ دەزانی بەهار و پاییزەکان دێن و دەڕۆن و لەجیات بەفر و بەستەڵەک، تەمەنم بەدەم زریانی زەمەن کورتدەبێتەوە؟ بەڵام مەلی دراوسێ، بۆوەی هومێد بەرنەدەم، درگای ڕۆحم بۆ خۆزگە دوورەکان واڵاکردووە و بەو پارچە شێعرەی نیکۆس کازانزاکس کە لەڕاستیدا بۆ تۆ گوتراوە، پاراوی کێڵگەی تینووی هەستەکانم دەکەم. دراوسێ بچکۆلانەکەم گوێ بگرە!

## باڵندەکان چێژەی داوی خواکان

وەگەڕێ!
گەڕانەوەت موعجیزەیە.
وەگەڕێ بە چاوی تیژبینت
بەهۆی داگەڕانی بەرەو ژێر، بە لاجایینگی گڕگرتووی پڕ لە تینت
بۆ مەوتەنی دڵگیرت وەگەڕێ.
هەرچەند هەست بە ڕووخانت دەکەی و
جەهەننەمێک هۆکار بووە
هەرچەند سینەت پڕ لە سۆزە و
هەنگاوەکانت بێداهاتووە.
بەڵام،
داربەڕوویەک بەو زستانە
لە کونجێکی ئەو دارستانە

بە بوونی تۆوە ئاوەدانە.
کەوابوو بەپەنجەی حەسرەتی ڕابردوو،
لە گوڵخونچەکان گۆرانییەک بچنە و
وەگەڕێ!
گەڕانەوەت موعجیزەیە.
نیکۆس کارۆزۆس

لە ژمارە ٦٩٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٥ی فێبریوێری ٢٠١٧

---

# ڕیچۆس و ئەدەبیاتی بەرگری

وشە تەنیا وەکوو خۆی خاوەن مانایەکی ئەوتۆ نییە، ئەگەر هەڵگری مانا و مەبەست لە شوێنی گونجاودا نەبێ. بەردی بناخەی ڕستەیە و پێکهێنەری قەوارەی نووسراوێکە. هەڵبەت مەبەستم لە لایەنی بێدەنگیی ئەوە، وەختێک لەسەر ڕوخساری سپیی کاغەز خۆی دەنوێنێ. مرۆڤ وشە دەکا بە ئامراز، بۆ دەربڕینی سۆز، هەروەها گەیاندنی زانیاریی و بەگژداچوونەوەی خامۆشی بیر و هزر. وشە لە زەمەن و تەمەندا و بەقەیاسی بالاّی ڕووداوەکان داگژاوەتە تاریکی، داگیرساوە وەکوو مۆم، بلێسە یا خۆرێک بووە پڕ لە ڕووناکی، هەڵبەت بەباری ئەرێنی خۆیدا و ڕەنگە لە نەرێنیبوونیش بێبەش نەبووبێ. ئەگەر سەیری مێژووی عومری وشەبکەین، ئەوەندەی یەخسیری حەز و مەیلی چەوسێنەر بووە، هێندەش هەوێنی سەرهەڵدانی خەیاڵ و خۆزگەی نووسەر و مرۆڤی دڵ پڕ لە سۆزە. بە واتایەک، ئیمپراتۆری گشت وەرزەکانی هەست لە ژیان و جیهاندا.

زۆر نەتەوەی بندەست زمان و پەنجەی نووسەرانیان کردووەتە مێعرابی کڕنۆش و خەون و نزای ئەوانیان تێکەڵ بە ژیان و گیانیان کردووە. بۆ سەربەستی، بۆ خۆبوون و ڕێگەی هزری شێعر و سروودەکانیان ڕەچاوکردووە. زۆرێک لەو خامە بوێرانە، بە دەنگ و وشەیان بەگژ نەهامەتییەکاندا چوونەوە، جیا لە کۆمەڵگای خۆیان، سنووره دەستکردەکانیشیان دەربازکردووە. ئەوانە وەکوو مانگ لە شەوی تاریکی خەڵکانی دیکەشدا، ڕووناکییان بە ڕێگا و هزر بەخشیوە. یەک لەوانە، کە لە نووسیندا سالارێکە، ناسراوی گەلانیتر سالانێکە، بەردەوام دەیخوێنمەوە و لەبەرخۆمەوە دەیڵێمەوە، یانیس ڕیچۆسی یونانییە. ئەو کەسەی مرۆڤایەتی دەیناریەتی.

یانیس یەکی مای ١٩٠٩ لە شارۆچکەی مۆنێمڤاسیای دەڤەری لاکۆنیا لەدایکبوو. ناوبراو ٨١ ساڵ ژیا و لە ١١ی نوامبری ١٩٩٠ لە شاری ئاتێن کۆچی دوایی کرد. شاعیر و نووسەرێکی ڕیالیست.

یانیس ڕیچۆس شاعیر و نووسەریناسراوی یونانی و جیهانی، لەباری فکرییەوە لە بەرەی چەپدا بوو. ساڵی ١٩٣١ کە تەنیا بیست و دوو ساڵی تەمەن تێپەڕکردبوو، وەکوو ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی یونان وەرگیرا. ساڵی ١٩٣٤ یەکەم دیوانە شێعری خۆی بەناوی "تراکتۆر" بڵاوکردەوە و ئیلهامێک لە شێعرەکانی ولادیمیر مایاکۆفسکی بوو. دووهەم دیوانی ئەو بەناوی "ئەهرام" لە ساڵی ١٩٣٥دا بڵاوبووەوە و لەودا پارسەنگی نێوان باوەڕ بە داهاتوو و ناهومێدی تاکەکەسیی خستە بەرباس. ساڵی ١٩٣٦ شێعری "شینگێڕیی"ی نووسی و دواتر، واتە ساڵی ١٩٥٠ ئەو شێعرەی لەلایەن ئاهەنگسازی ناسراوی یونانی و

جیهانی، میکیس تیۆدۆراکیس کرا بە سروودی نەتەوەیی یونان. نیزیک بە تەواوی بەرهەمەکانی ناوبراو وەرگێڕدراونەوە بۆ سەر زۆربەی زمانەکانی دنیا. خاوەن ١١٧ دیوانی شێعر و ڕۆمان و شانۆنامە و بەرهەمی وەرگێڕدراوە.یەک لە پێنج شاعیری گەورەی سەدەی بیستەم بوو. سەردەمێک تووشی نەخۆشی سیل هات و لە ئاسایشگای "ڕەستگاری" مایەوە و لەوێ بوو بەهۆگری مارکسیسم و تێڕوانینی چەپگەرایانە. ئەو ڕوح و هەستی شۆڕشگێڕانەی خۆی ئاوێتەی شێعرەکانی کرد.

یانیس ڕیچۆس لەنێوان ساڵەکانی ١٩٤١تاکوو ١٩٤٥ کە شەڕی دووهەمی جیهانی لەگۆڕێدا دەبێ و خاکی یونان بەدەست نازییەکانی ئاڵمان داگیردەکرێ، وەکوو پارتیزان دەبێتە ئەندامی "بەرەی ڕزگاریی نەتەوەیی".دواتر، ساڵەکانی ١٩٤٦ تا ١٩٤٩ ڕەگەڵ جووڵانەوەی چەپ بەدژی فاشیزم دەکەوێ. ساڵی ١٩٤٨ دەگیرێ و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ئۆردووگاکاندا زیندانی دەکرێتو ئیزنی نووسینی پێنادرێت، بەڵام کۆڵنادا و بەنهێنی شێعرنووسین درێژە پێدەدا. ماوەیەک بۆ دوورگەکانی لیمنۆس، ماکرۆنیسۆس و ئایۆ ئێڤستراتۆس دووردەخرێتەوە. ساڵی ١٩٥٦ سەردانی یەکیەتی سۆڤییەت و کوبادەکا. ڕیچۆس لە سەردەمی هاتنە سەرکاری حکوومەتی دیکتاتۆری سەرهەنگەکان لە ١٩٣٦دا، دووبارە دەکەوێتەوە بەر گوشار و تووشی دوورخراوەیی دبێو سەرەتا بۆ دوورگەی یی‌ئارۆس و پاشان بۆ دوورگەی لێرۆس دەنێردرێ. ناچاردەبێ ڕەوتی هۆنینەوەی شێعرەکانی بگۆڕێ و شێوازی سوریالیستی بگرێتەبەر. ساڵی ١٩٣٧ کۆمەڵە بەرهەمی "گۆرانی خوشکم" دەخوڵقێنێ و ١٩٣٨ "پەیمان و ئاشتی بەهار". لەو دوو بەرهەمەدا بیرەوەرییەکانی تاڵی سەردەم بە زمانی شێعر دێنێتە بەرباس.

یانیس زۆربەی شێعرەکانی ئەلێکساندرۆس بلۆک، نازم حیکمەت و ڤلادمیر مایاکۆڤسکی وەرگێڕاوە سەر زمانی یونانی. لە یەکییەتی سۆڤییەت خەڵاتی لێنینی پێبەخشرا. هەرچەند لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بووە، بەڵام خۆی بوو بەشاعیری هەژار و چەوساوەکان. ناسراو بوو بە شاعیری دەیەی سی. کۆمەڵە شێعرەکانی "ڕۆمیۆسینی - ڕوحی شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی یونانییەکان" "١٩٤٧ و" موسیقای ڕووناکی مانگ" ١٩٥٦ کە بەرهەمی سەردەمی زیندان بوونە، بڵاودەکرێنەوە. نۆ جار بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل پێشنیار دەکرێت و پێی نادرێت.

**پابلۆ نێرۆدا، شاعیر و سێناتۆری نوێخوازی شیلیایی و براوەی خەڵاتی نۆبێل لەوبارەوە دەڵێ:**

**"ئەو پتر شایانی ئەو خەڵاتەیە، بەڵام نایدەنێ، چونکە شاعیرێکی چەپە."**

**لوویس ئاراگۆن، شاعیر و ڕۆماننووسی سووریالیستی فەڕانسەوی سەبارەت بە ڕیچۆس دەڵێ: "ئەو مەزنترین شاعیری سەردەمی ئێمەیە."**

**پابلۆ نێرۆدا هەروەها دەڵێ:**

"ڕازی نیم شێعرەکانم لەگەڵ شێعری هیچ شاعیرێک جیا لە یانیس ڕیچۆس هەڵسەنگێندرێن."

**یانیس خۆی لەمەر نەهامەتییەکانی بەسەری هاتووە دەڵێ:**

"پێموایە مرۆڤی سزانەدراو هیچ کات لەژیانیداتێ ناگا سنوور بەزاندن چ مانایەکی هەیە. لە بەر ئەوەی ژیان پڕە لەمەمنووع کران، فێربووم بەشێعر ئەو سنوورانە ببەزێنم..."

**هومێد بەرنادا و گەشبینە بە داهاتوو و هاواردەکا:**

"دڵنیام سایەمان بەسەر هەموو کێڵگەکانەوە دەبێ
بەسەر دیوارە گڵییەکانی ماڵی هەژاران
بەسەر گشت شوێنیکی گەورە ماڵان
کە لە داهاتوو دادروست دەکرێن...
تاڵی یەکانوە شادی دەگەڕێن
خوشک و برایەتیمان دەگەشێتەوە
خۆشحاڵ دەبێئەو جیهانەی تازە لەدایک دەبێ...."

**با بزانین یانیس ڕیچۆس، شاعیری ئەدەبیاتی بەرگری، سەرەڕای ئەوەی خاوەن هەست و بیر و ڕوحێکی سەرکێشە، سەبارەت بە ئاشتیش چۆن دەدوێ:**

"ئاشتی"

خۆزگەی منال ئاشتییە،
هیوای دایک ئاشتییە،
ڕازو نیازی دڵدارانی ژێر سایەیدارەکان،
ئەویش هەر ئاشتییە.
ئەو باوکەیشەو درەنگان دەگەڕێتەوە و
زەردەخەنە یەکی مەزن لە چاوەکانیدا دەدرەوشێتەوە،
بەزەمبیلی پڕ لە میوەی دەستیەوە،

بەئارەقی نێو چاوانیەوە،
ئارەقەیەک وەک و شەونمی سەرپۆ ڕەگیا
کە لەبەرپەنجەرە لەسەرمان بەستوویەتی،
ئەویش هەر ئاشتییە.
ساتێ کەبرینی کوانەکانی ڕوخساری جیهان نامێنێ و
لە قووڵکەکانی گوللە تۆپ وخومپارە دا،
دارو گوڵ دەچەقێندرێ.
لە نێو دڵە سووتاوەکاندا
یەکەم خونچەی هیوا سەر دەردێنێ و
شەهیدانی شوەر دەسوڕێنەوە سەرتەنیشت و
حەساوە دەخەون و گلەییان نامێنێ،
دڵنیان خوێن یان بەفیڕۆ نەچووەو بۆ ئاشتی بووە،
ئەویش هەر ئاشتییە.
بەرامەی جەمی شەو، ئەویش ئاشتییە.
ئەو کاتەش هەروەها کەسەیارە لە ڕێگا دادەوێستێ و
ئیتر مەترسی ڕێگرییەک لەگۆڕێ دانییە.
ئاشتی ئەو دەمەیە،لە درگا دراوەو
واتای هاتنی دۆستێکە،
یا کەلێنی هەمیشە ئاواڵەی پەنجەرە و
مانای هەبوونی ئاسمانێکە،
کەیارمەتیدەر دەبن، چاوەکانمان زەنگۆڵە ڕەنگینەکانی ئە و ئاسمانە ببینن و
جێژن بگرن و شاگەشکە دەبن،
ئەوەش خۆی ئاشتی و سوڵحێکە.
ئاشتی پەرداخێکشی ریگەرمە و کتێبێک
لە دوایوە خەبەر هاتنی منالێک.
ئاشتی ئەوساتەیە، گوڵە گەنمەکان وەر دەسوڕێنەوە،
بە یەکتر دەڵێن: ئەها ڕووناکی، تیشک!
تاجی خۆریش لەو ساتەدا لێ وڕێژ بووە لە گزینگ،
بەڵێ ئەوەش هەر ئاشتییە.
ئەودەمەی زیندانەکان دەکرێنە کتێبخانە
ئەو ساتەی گۆرانی ماڵەو ماڵ، لەشەو دا دەزرینگێ تەوە
ئەووەختەی مانگی بەهار لەبن هەور دەردەکەوێ، دەدرەوشێتەوە
وەکوو چۆن هەموو ئێوارەی شەمۆیەک، لەدەللاکی،
کرێکارێک سەر وڕوخساری پاک کردبێتەوە،

بەڵێ ئەوەش هەر ئاشتییە.
کاتێ ڕۆژ تەواو بوو،
هیچ ڕۆژێک بەبەتاڵی دەرباز نەبوو،
نەمامی نیشتمان لەشەو دا،چرۆی داو
ڕۆژێکی پڕ بەهرەی تێپەڕاندو خەوێکی بەرهەقی کرد،
تۆش هەست دەکەی خۆر بەباقەتیشکێ
خەم و خەفەتی لە کەلێنە شاراوەکانی ڕۆژگار ڕاکرد،
ئەوەش ئیتر ئاشتییە.
ئاشتی، حاسڵاتی تیشکی خۆرە لە پێدەشتەکانی هاوین دا
ئەلفوبێی دڵپاکییە، لە کۆشی سپێدە دا،
بەڵێ ئاشتی ئەوەیە.
کاتێکدەڵێی: خوشک و برایانم!
کاتێک دەڵێی: سبەینێ بنیاتدەنێین
ڕاست ئەودەمەی مژوڵی دروست کردنین، گۆرانی دەڵێین،
ئاشتی ڕاست ئەوساتەیە.
ئاشتی دەستی یەکگرتووی مرۆڤەکانە
نانێکی گەرم لەسەر سفرەی خەڵکی جیهانە
بزەی سەر لێوی دایکانە،
ئاشتی جیا لەوانە هیچی‌تر نییە.
ئەو گاسنە جووتانەی کێڵگەی پان و پۆڕیزەوی جیهان دەکێڵن
تەنیایەکوشە دەنووسن:
"ئاشتی. هیچ وشەیەکی‌تر جیا لە ئاشتی"
لەسەر هێڵی شێعرەکانی منیش
شەمەندنەفەرێ بەمەقسەدی دا هاتوو بەرێوەیە،
پڕە لەگوڵە گەنم و گوڵەباخو ئاشتی و ئاشتیش هەرئەوەیە.
یانی سڕی چۆس

لە ژمارە ٦٩٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٧

## کۆرپەکان بە زمانی دایکیان دەگرین

بە پێی ئاکامی کۆمەڵێک توێژینەوەی زانستی، دەرکەوتووە کە منداڵ لەرێگای دایک و باوکەوە فێردەبێ یەکەم وشەکان بڵێتەوە. پسپۆڕانی ئەو بوارە دەڵێن یەکەم گریانی منداڵ، راست ئەو کاتەی لە دایک دەبێ و چاوی بە دنیا دەپشکوێ، مۆرکی زمانی دایکی پێوەیە.

گریانی منداڵ پتر مێلۆدیکە، وەختێک خاوەن زمانێکی تۆنداره و بەرزی و نزمی پێوەدیارە، بەتایبەت زمانێک کە گرێدراوی تۆنەکانییەتی و وشەکان بەیارمەتی تۆنەکان مانای راستەقینەی خۆیان دەردەخەن. لەو شێوە زمانانە دەتوانین ئاماژە بە زمانەکانی چینی، ڤێتنامی، تایلەندی یا زمانی هۆزی (Nso) لە باکووری ولاتی کامێرۆن بکەین. لەراستیدا ئەو زمانانە پێویستی‌یان بە فۆنێتیکی (دەنگ - گۆ) بەهێزتر هەیە بۆ ئەوەی خاوێنتر قسەیان‌پێبکرێت. پسپۆرەکان هەروەها بەو قەناعەتە گەیشتوون کە کۆرپە ساواکان لەو کاتەوە فێری زمانی دایک دەبن کە هێشتا لە منداڵدانی دایکدان و وێدەچێ هۆکارەکەشی بگەڕێتەوە بۆ لایەنی ژنێتیکی ئەو دیاردەیە.

ئەوە کە دەڵێ: "کۆرپەکان بە زمانی دایکیان دەگرین" بۆچوونی پرۆفێسۆری زمانناس کاتلین فێرمکێ (Kathleen Fermke) لە زانستگای ڤۆرجبورگی ئالمانییە.

**ئەو زانایە پەنجە بۆ جیاوازییەک رادەکێشێ، کە لە قیاسی مێلۆدی نێوان زمانەکاندا بەدی‌دەکرێت. ئەو دەڵێ:**

**"بۆ توێژینەوەکەمان، کاتێک کۆرپە ساواکان لەبرسان دەگریان، ئێمە خێرا کۆمەڵێک دەنگمان تۆمارکرد."**

کۆری توێژەرانی ژێردەستی ئەو پرۆفێسۆرە دوو تاقیکردنەوەیان بەئەنجامگەیاند. لە یەکەم لێکۆڵینەوەدا، ٤٢ منداڵ تاقیکرانەوە. لەوانە نیوەیان منداڵانی ئالمانی بوون و نیوەکەی‌تریش منداڵانی باکووری‌خۆرهەلاتی کامێرۆن. بۆ دووهەم لێکۆڵینەوەش، ٥٥ منداڵی ساوای چینی لە شاری پێکین تاقیکرانەوە.

لێکۆڵینەوەی یەکەم کە حەوت ساڵ پێشتر جێبەجێ‌کرابوو، لەگەڵ لێکۆڵینەوەی دوایی هەمان ئاکامیان دەرخست. واتە: "

کۆرپە ساواکان لە ئاڵمان تەواو جیاواز دەگرین لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو کۆرپەکانەی لە فەڕانسە دەژین. مێلۆدی دەنگ و گریانیشیان تەواو جیاواز دەبیستریٚ. ئەوەش روونبۆوە کە کۆرپەکانی چینی و کامێرۆنی جیاوازتر لە کۆرپەکانی ئاڵمانی دەگرین، چونکە مەودای بەینی بەرزترین و نزمترین تۆن لە دەنگیاندا گەلێک زۆرە."

بە بۆچوونی پرۆفێسۆر کاتلین، جیاوازییەکان لە زمانی دایکدا دەردەکەوتن. وشەیەک بۆ وێنە لە زمانی ئاڵمانیدا تەنیا بە یەک برگە (سیلابل) دێتە گۆ، لەحاڵێکدا هەمان وشە لە زمانی چینی یا زمانێکیتردا بە چەند برگە دەگوترێتەوە. توێژەران بەو ئاکامە گەیشتن کە کۆرپە ساواکان ڕاست دوای لەدایکبوونیان، خێرا لە زمانی دایکیان تێدەگەن. کوردیش بە نۆرەی خۆی لەمێژە گوتوویەتی: "منداڵ فرچک بە شیری دایک دەگریٚ".

با بزانین گرینگی زمانی دایک لەکوێدایە. توێژینەوەکان دەردەخەن کە دوای تەمەنی نۆ ساڵی، زمانی دایک تەنیا ئامرازی دەربڕین و بیرکردنەوەیە و چەشنی "سیستەمی بەرگری" کاریگەرە و وەکوو شوورەیەکی ئەستوور لەبەرامبەر زمانی بێگانەدا کارییە. هەڵبەت ئەوەش بەهەڵکەوت نەگوتراوە کە منداڵان لەو تەمەنە بەولاوە، لە کاتی گوتنەوەی وشەگەلی بیانی تووشی زەحمەت دەبن، چونکە پەیامە دەنگیەکان بە زمانی بێگانە دەکەونە بەر "فیلتەر"ی زمانی دایکیی منداڵ.

بە پێی بۆچوونی زۆربەی پسپۆڕانی بواری پەروەردەیی، تەمەنی گونجاو بۆ فێربوونی زمانی بێگانە، نیوەی دووهەمی خوێندن لە قوتابخانەی سەرەتاییە. چونکە تا ئەو سەردەمە زمانی دایک تەواو جێیخۆی گرتووە. منداڵ ئیتر بەباشی دەزانیٚ بە زمانی دایک بدویٚ و بنووسیٚ و لە وشەکان تێبگا و لە یەکتریان جیابکاتەوە. تەنیا ئەو منداڵانە تووشی گرفت دەبن کە دایک و باوکیان خۆیان پێوە ماندوو ناکەن و بەڕادەی پێویست لەگەڵیان نادوێن و فەرهەنگی وشە لە مێشکیاندا دەوڵەمەند نەکراوە. بە واتایەک زمانی دایکیی منداڵ ئەو جۆرەی پێویست بووە هێزی وەبەرنەنراوە. زمانی دایک لەڕاستیدا ئامراز و بناخەیە بۆ زمانە بێگانەکانیش. هەرچەند ئەو وەسیلەیە بەتوانا بیٚ و بناخەی پتەوی هەبیٚ، فێربوونی زمانی بیانیش بەهەمان قیاس هاسانتر دەبیٚ.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە منداڵ لە تەمەنی دوو ساڵییەوە تا هەشت ساڵی گوێدەگریٚ، دەبینیٚ و لاسایی دەکاتەوە و بەو کارانەی باشتر زمان فێردەبیٚ. بۆیە لەو فەترە زەمەنییەدا گەلێک هاسانە منداڵ زمانی دایک بە باشترین شێوە و خێرا فێربیٚ. ئەگەر بۆ زمانی دایک ئەو وزەیە هەیە، بەدڵنیاییەوە بۆ فێربوونی زمانی بێگانەش هەروایە، واتە پێچەوانەی ئەوەی خواستی دایک و باوکە، بەتایبەت کە خوازیاری فێرکردنی زمانی دایک بە منداڵ بن. کەوابوو کاتێک باس لە توانایی منداڵ لەمەر فێربوون دەکەین، بەو مانایە نییە لەجیاتی زمانی دایک، فێری زمانی بیانییان بکەین. دایک و باوک

هەمیشە "چاوەڕوانی پتر" یان لە منداڵ هەیە. بەردەوام بۆیان جێگای پرسیار و خۆزگەیە، ئاخۆ کەی منداڵەکەیان فێری زمانی بیانی واتە زمانی دووهەم و سێهەم دەبێ. بەپێی ئوسول باشترین فەترە و تەمەنی گونجاو بۆ ئاشنایی منداڵ لەگەڵ زمانی بیانی، سەردەمی ئامادەیی، پێش چوون بۆ قوتابخانە و پۆلی یەکەمە. هەڵبەت ئەوەش نەک بۆ فێربوونی زمانە بیانییەکان، بەڵکوو تەنیا پێویستە لە چوارچێوەی کۆنتاکت و نیزیککەوتنەوە و ئاشنا بوونی منداڵ بە وشەگەلێک بۆ دەوڵەمەند کردنی زەینی ئەو. زمانی بیانی نابێ هیچکات لەو تەمەنەدا وەکوو دەرس و فێربوونی ئیجباری سەیربکرێت. چونکە لە داهاتوودا دەسکەوتی باشی بۆ منداڵەکە لێناکەوێتەوە. ئەو ئاشنابوونەش دەبێ تەنیا لە چوارچێوەی شێعر و گۆرانی و کایە و شتگەلێکی هەستبزوێن و عاتیفیدا بمێنێتەوە.

زمانی دایک بەدڵنیاییەوە گرینگی تایبەت بەخۆی هەیە. چ لە ئاستی زانستی پەروەردەیی و چ لەباری پاراستنی شوناسی نەتەوەیی. ڕێکخراوی یونسکۆ بە تێگەیشتن بەو گرینگییە، ٢١ی فێوریەی هەموو ساڵێکی وەکوو "ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک" دیار و پەسندکردووە. ئەوانیش و ئێمەش ئەوەمان لێ ڕوون و ئاشکرایە کە لەو چەند دەیەی دواییدا زۆربەی زمانەکانی دایکیی جێگۆڕکێیان کردووە و دەکرێ بڵێین تەنیا لە بەشی زمانناسیی خوێندنی باڵادا جێیانگرتووە و بوونەتە کەرەستەیەک بۆ توێژینەوە، چونکە زمانەکانی دیکە، بەتایبەت ئینگلیزی جێی ئەوانەی داگیرکردووە. دیارە ئەو ئاڵوگۆڕە پتر دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک کە بریتین لە: گەشەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان، پێشوەچوونی تێکنۆلۆژی و دنیای ئاکادێمی، هەروەها پێویستی لێکتێگەیشتن لە شوێنەکانی کار. هاوکات لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕە، کەسوکاریش زیاتر لە پێشوو منداڵەکانیان لە قوتابخانەگەلێک دادەنێن کە زمانی دایک لەوێ کەڵکیلێوەرناگیرێ. زمانناسان لەو باوەڕەدان ئەگەر زمانێک بەرەبەرە دەکارنەکرێ، لە پێشکەوتن دەوێستێ و چیتر وەکوو ئامرازی پێوەندی کاریگەری نامێنێ. ئیتر پاش ماوەیەک چەشنە کۆمەڵگایەکی بێکولتوور و شارستانییەت دروستدەبێ و لەتەنیشت ئەویش کۆمەڵگایەکی یەکدەست و یەکزمان کە هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ باقی کۆمەڵگا نابێ و تەواو بێگانە دەنوێنێ و بێبەهرە لە زانست و ئەزموونی حەشیمەتێکی فرە لە خەڵکی سەر گۆی زەوی دەبێ، فووتدەبێتەوە. پاشەکشەی گەشەی زمانی دایک یا باشترە بڵێین فەوتانی ئەو زمانانە، دەبنە هۆی خوڵقانی جیاوازیگەلێکی کۆمەڵایەتی، چونکە زمان کە تووشی ئەو هەموو برین و زامە بوو و لە پەراوێز خرا و تەنیا لە چوارچێوەی ماڵ، یا لە جێژن و بۆنە و پرسەکاندا کەڵکی لێوەرگیرا، لە کۆتاییدا دەبێتە پەیکەرێکی بێڕوحی نێو موزەخانە. هەروەها دەبێ چاوەڕوانی ئەوەش بکەین کە دیاردەی زمانی "بەرتەر - سەرتر" و "نزمتر" دێتە مەیدان، وەک ئەمڕۆکەش ئەو دیاردەیە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەدیدەکرێت و زمانی یاساغکراو زیاتر ڕەنگ و ڕوخساری زمانی کۆیلەیی بەخۆوەگرتووە. ئەزموونەکان دەریانخستووە ئاکامی ڕەوتێکی ئەوتۆ کارەساتی لێکەوتووەتەوە. لەوەش کارەساتتر، پەروەردەیەکی خەراپ و تراژیک و خوڵقانی گرفتی پێوەندی نێوان مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا کە بە زەقی بەرچاون. زمانی دایکی هەر گەلێک، هەر تەنیا ئامرازی پێوەندی و قسەکردن نییە، بەڵکوو

وەسیلەی گواستنەوەی زانیاریی، زانست، باوەڕ و هەستەکانە. لەسەر یەک ناسنامەی مرۆڤ و نەتەوەیی بوونیەتی. باوەڕ و بایەخەکانی کە بەدرێژایی مێژوو دەستکەوتوون، بەردەوام بە زمانی دایک تۆمارکراون. پشتگوێ خستنی ئەو زمانە، واتای فەوتانی هەرهەمووی ئەو دەستکەوتانەیە. سەرجەم دەتوانم بڵێم زمانی دایک، بەشێک لە میراتی شارستانییەتی هەرکەسێکە لە کۆمەڵگای خۆیدا.

فرەڕەنگی هەر تەنیا لە زمانی دایکدا کورتنابێتەوە، بەڵکوو ئەو ڕەنگاوڕەنگییە دیالێکت و زاراوەکان، مێژووی گەشەسەندن و کولتووری ناوچەکانیش دەگرێتەوە. ئەوانە هەموویان پێکەوە قەوارەی شارستانییەتی زمانێک پێکدێنن کە ناسراوە بە زمانی دایک، یا بەواتایەکیتر زمانی نەتەوەیەک. ئاکام، لە هەر شوێنێ کولتوور و شارستانییەتی ناوچەیی، زاراوە و وێژەکان گرینگیان پێدرا، بەهەمان قیاس زمانی دایکیش بەها و نرخەکانی بۆ دەگەڕێتەوە. مانای فەرهەنگی زمانیش، ئەگەر قبوڵ بکەین کە زمان هەر تەنیا ئامرازی پێوەندی نییە، بەڵکوو ئاوێنەی بالانوێنی تێفکرین و وێژەریی دنیای هەستەکانە، ئەوسا لێمان ڕووندەبێتەوە کە "کاتێک قسەدەکەین، دەردەکەوێ کێین، تا قسەمان نەکردووە نامۆ هەین". لەو دیالۆگە سۆفیستییەی پلاتۆن (ئەفلاتوون)دا دەبیستین کە سێنۆس و تێئێتیتۆس لە دیالۆگەکەیاندا هاوڕان. ئەوان پێیانوایە فکر و زمان لەبنەڕەتدا یەک شتن، زمان بە دەنگ دەردەکەوێ، فکر لە زەیندا بەهۆی روح، بەبێدەنگی قسەدەکا. تا بێدەنگە فکرە و کە لەدەم هاتەدەر دەبێتە زمان.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە، تا ئەو کاتەی قسەکردنم تەنیا دەروونی بێ و لەچوارچێوەی فکردا بمێنێتەوە و قسەکەرم روح، ئیتر من قسەم پێنابێ. بەڵام ئەگەر دەنگم پێبەخشی و کردم بە زمان، ئا لێرەدا دەردەخەم کە من کێم. تا ئەو ساتەی هەر بە فکر کورد بم و بەو زمانە نەپەیڤم، ئیتر چۆن کوردبوونم دیاربێ. لەوەش کارەساتتر ئەگەر ئەو دەنگە، دەنگی خۆم، میراتی دایک و باوکم نەبێ و بێگانە بێ، بەدڵنیاییەوە ئەو کاتە خۆیشم هەر بێگانەم و زمان و فکریشم بێگانە دەمێنێتەوە.

لە ژمارە ٦٩٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٧ی مارچی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## لەڕاستیدا تەنیا بە من، دەتوانین پێناسەی کەسێکیتر بکەین

مرۆڤ وەختێک مێژووی رزگاریخوازیی گەلان دەخوێنێتەوە، بەتایبەت ئەوانەی بەئاکام گەیشتوون، هەستدەکا فیلمێک دەبینێ یا رۆمانێکی ڕیئالی سرنجڕاکێشە. لە خاڵێکەوە دەستپێدەکا و لە نوختەیەک کۆتایی پێدێ. کۆمەڵگەیەک ڕاپەڕیوە، سەرکردایەتییەک رۆڵی ڕێبەریی بینیوە، لە کۆتاییشدا خەڵک لەخۆشی سەرکەوتن هەڵپەڕیوە. مێژووی کورد بەڵام، رۆمانێکی تراژیک، بێئاکام، پڕ لە دەستپێک و بێ خاڵی کۆتایی! لەو رۆمانەدا، گشت رۆژێک دەستپێکە، کۆتاییش لە بەسەرهاتێکی نامۆ دەچێ و رەهایە و خوێنەر خۆی دەبێ خاڵی کۆتایی بدۆزێتەوە، کەی و لەکوێیە.

ئەدەبیات بەهەموو توانایەوە لە خزمەت ئەو رۆمانەدا بووە. چی وشە و هەستی لە هەناوی خۆیدا شکبردووە، پێشکەشی ئەو مێژووەی کردوە. لەسەر یەکگرتن پتر لە شیست وشە لە قاموسی کوردیدا نووسراوە، بۆ جیایی نیوەی شێستی بۆ داندراوە. چی شێعر و پەخشانە، چی بابەتی توێژینەوە و وەرگێڕانە، پەیام و نامەی مرۆڤەکانە، گشتیان هاواریان بۆ یەکگرتن دێ. بەڵام، نەتەوە، ڕێبەری و جووڵانەوە وەک گاڵتەیان بەو وشەیە بێ، یا تێگەیشتنیان هەڵەبێ. قەت هەوڵیان نەداوە رۆمانی رزگاریخوازیی خاوەن کۆتاییی جوان بێ. کە دەڵێم کۆتایی، مەبەستم لە سەربەستییە، ئەگینا هەموو شۆڕشەکانی کورد ساحێبی کۆتاییە، مەخابن کۆتاییەک کە بێئاکام بووە و ژاراوییە. سەیرکەن، بەقەرا هەموو خەبەرەکانی جیهانیی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، ئێمە هەواڵی دانیشتن و کۆبوونەوە دەبیستین. وەک بە زمانی تەنزیشەوە زۆرجار گوتراوە تا پرتەقاڵ و مۆز هەبێ، کۆبوونەوەی کوردی تەواو نابێ. ڕاستیەکی تاڵە، خۆ لێگێڵکردنیشی وادیارە مەحاڵە. لە هەرهەمووی ئەو دانیشتن و کۆبوونەوانە، چەند وێژەیەکی سواو لەسەر زمانە. گەیشتینە ڕێککەوتن بۆ یەکدوو دانیشتن. گرفتەکان تاوتوێکران، ئەنجامەکانیش بۆ دانیشتنی دوایی هەڵپەسێردران. لەوەش سەیرتر، تا ژمارەی میکرۆفۆنەکان پتربن، وتەبێژ تامەزرۆتر، لەسێ میکرۆفۆن تێپەڕین، کابرا لووتبەرزتر!!!!

باسەکەم هەرتەنیا ڕووی لە وشەڕیزکردن نییە، باس لە هەستێکی ئینسانییە. کەی و چۆن لە منی مرۆڤدا دەخوڵقێ و دەبێتە باوەڕ. کازانجاکیس جوانی بۆچووە، بەڵام ئەوە ئێمەین بەعام لەبیرمان کردووە، کە دەڵێ: "من تەنیا خۆم بە قەرزداری رزگاریی دەزانم، ئەگەر رزگار نەبووین، هەر خۆم تاوانبارم". ئەو هەنگاوێکیش واوەتر دەچێ و هۆی گرفتەکەی دیوەتەوە: "باشترین باوەڕی سیاسی ئەوەیە نەفرەتت لە هیچکەس نەبێ، لەجیات ئەو باوەڕت بە رزگاری و سەربەستی هەبێ. تۆ نابێ تەنیا باوەڕت بە دروشمەکان هەبێ، بەڵکوو گرینگ ئەوەیە باوەڕت بە مرۆڤەکانی هەڵگری ئەو دروشمانە

هەبێ."

سەیری کۆمەڵگەی پێشکەوتووی خۆرئاوا دەکەم. سەرەتا با ئەوە بڵێم ئەگەریش لە ئێمەی کورد پتر باوەڕیان بە دیموکراسی و پلۆرالیزمە، هێشتا بەڤەرا پارچەیەک لە کوردستان خاوەن حیزب و سازمان نین. لەوەش گرینگتر، خاوەن شەڕ و خۆکوژیش نین. باوەڕە فکری و سیاسییەکانیان وەکوو هی من و تۆی کورد جیاوازن، بەڵام ئەوان لە پەروەردە کردنی کەسایەتی مرۆڤەکانیاندا شازن. دروشمەکانی من و تۆ پڕن لە بانگی یەکسانی، مافی ئینسانی، بەڵام ئێمەی هەڵگری ئەو دروشمانە خاوەن بناخەیەکی پەروردەیین کە پڕە لە نوقستانی. ئەوان لەنێوان خۆیاندا رۆژگارێک لەباری فکرییەوە ئەوەندە جیاوازبوون کە دیواری بێرلینیان ڕاکێشا. پەروەردەی کەسایەتییان ئەوەندە هاوشێوە بوو، رووخان و لابردنی ئەو دیوارە تەنیا چەند ساڵێکی کێشا. بەڵام من و تۆ ئەوەتی هەین، چ ئەو کاتەی کۆچەر بووین، چ سەردەمی ئاغاوەتی، چ ئێستای حیزبایەتی، لەباری فکرییەوە هاوارمان رزگاریی نیشتمانە، بەڵام پەروەردەی کەسایەتیمان نوقستانە و بۆیە بەردەوام شەڕمانە.

با لێرەدا رووی قسەم لەگەڵ تۆ بێ، تۆ گەورەم، سەرکردەم، دەبینی چی پێنووسی هەن وەگەڕکەوتوون و باسی یەکگرتن دەنووسن. نووسین بەڤەیاسی باڵای مێژوو و بەقورسایی دەریایەک خوێن. ئەوەتا هەر نووسەرێک دەبینی لە یەکبوون دەدوێ و شاعیر لە جوتبوون. کەوابوو، تاکەی هەر خۆت و خۆت بوون. وادیارە جێناوەکانت لێتێکچووە.

سەبارەت بەو گرفتە تیتۆس پاتریکیۆس جوانی بۆچووە:

دەڵێین ئێمە و مەبەستمان منە.
دەڵێین تۆ و دووبارە مەبەستمان منە.
لەراستیدا تەنیا بە من،
دەتوانین پێناسەی کەسێکیتر بکەین.

لەو نیشتمانەدا سەیرکە، ئەگەر باڵندەیە بەچریکە هاواری یەکگرتن دەکا. ئەگەر دەریایە، یەکگرتن بۆ ئەو وەکوو رووباری خوڕێن وایە. بێ رووبار ناژی. ئەگەر کانیاوە، دڵی خاکی دەوێ، ئەگەر سەوزەیە خۆرەتاوێ، ئەگەر رێبواری تینووشە، ئەو یەکگرتنەی گەرەکە وەکوو چۆرە ئاوێ. دڵنیابە گوڵ دەتوانێ دەسپێکی بەهاربێ، هەروەک تنۆک سەرەتای لەدایکبوونی دەریایە، بۆیە ڤەت مەڵێ بە گوڵێک بەهار نایە. دەست بدە دەستی هاونیشتمانت، دەستی یەکگرتن و پەیمانت، بزانە چۆن وەکوو لەدۆستایەتیدا، بزە دەستپێک و سەرەتایە. دووبارە یەخەی کازانجاکیس بەرنادەم و گوتەیەکی ئەو بۆ تۆ، بۆ من، بۆ

سەدانی وەک من و تۆ دێنمە گۆڕێ: "خراپەکاری تەنیا لە سەرەتادا سەرکەوتووە، دڵنیابە لە کۆتاییدا دۆڕاندوویە". گەر سەیری ژیان بکەی، ژیان تەنیا چرکەیەکە، باپێکەوە ئەبەدییەت بەو چرکەیە ببەخشین. من و تۆ بۆیە هەورین و لە ئاسمانین. چونکە هەم راسپاردە بۆ بارانین و هەم بۆ هاوڕەگەزەکانمان سایەوانین. بارانی ئێمە هیوا و خۆزگەیە، ئەوەی نەتەوەکەمان بەدرێژایی مێژوو خوێنی بۆ دەدا، ئەویش رزگاری و سەربەستی ئەو گەلەیە. وەرە با لە جیهانی بێهیواییدا بجەنگین، لە ئازادی رۆحمان وەکوو کاریگەرترین هونەر بۆ دەستەبەرکردنی هیوا کەڵک وەرگرین. وەرە با چیتر راوی بەختەوەری نەکەین، پێمانوابێ باڵندەیە و جار لە ئاسمانە و جار لەنێو زەین و خەیاڵمان، نەخێر ئەوەتا لێرەیە، لەنێو هێلانەی رۆحمان. تەنیا خۆمان ئەو هێلانەیە نابینین. چونکە گیرۆدەی ئەم و ئەوین، خولیای خۆبەزلزانی و کۆنە رق و کینین. دڵنیابە! پیرۆزترین ئامانج و تیئۆری، مانەوەمان و پێکەوەبوونە. راکردن لە دەست یەکگرتن سەرکەوتنی بۆ نییە و ئاکامی فەوتان و تێداچوونە. ئەگەر باوەڕ ناکەی، لە مێژوو بپرسە.

لە ژمارە ٧٠٠ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٢ی مارچی ٢٠١٧

## مەشخەڵ

پرۆمتێئۆس خوای ئاگر و کوڕی یاپێتۆس و کلیمێنێ بووە. خواوەند زێئۆس لەدوای شەڕی ئەستێرەکان ئەو کوڕەی خۆشویستووە و هەربۆیە ڕایسپاردووە چی پێداویستی مرۆڤ هەیە، دابینی بکا، تەنیا ئاگر نەبێ. پرۆمتێئۆس بە قسەی خواوەند زێئۆسی کرد و زۆربەی گرفتەکانی مرۆڤ چارەسەربوون. ئەو مرۆڤەکانی خۆشدەویست و هیچکات حەزینەدەکرد تووشی ناڕەحەتی و ئازار ببن. ڕۆژێکیان دوور لە چاوی زێئۆس بڵێسەیەک ئاگری لە قامیشدا شاردەوە و دایە دەست مرۆڤ. لەو کاتەوە کە ئینسان ئاگری کەوتە دەست، ژیانی گۆڕا. وەختێک خواوەند زێئۆس بەو کارەی پرۆمتێئۆسی زانی، سزای دا. پرۆمتێئۆسی لەسەر دوندی چیای قاف، لە قەفقاز چوارپەل بەستەوە. گشت ڕۆژێ هەڵۆیەک دەهات و جەرگی پرۆمتێئۆسی دەخوارد، بەڵام کە شەو دادەهات ئەو جەرگە دوبارە نوێ دەبووەوە. ئەو کاتە بوو کە پرۆمتێئۆس بە خواوەند زێئۆسی گوت: ڕۆژێک دادێ کە دەسەڵاتی پاشایەتیت بەسەر جیهاندا تەواودەبێ و کەسێکیتر لە شوێنی تۆ دادەنیشێ. زێئۆس باوەڕی بە پێشگۆییەکانی پرۆمتێئۆس هەبوو. ناوبراو نیگەران لە داهاتووی دەسەڵاتەکەی، بەدوای ئەوەدا دەگەڕا کە بزانێ کێ جێگای ئەو دەگرێتەوە. لە کۆتاییدا ئیراکلیس، پاڵەوان و خوای هێز، هەڵۆکەی کوشت و پرۆمتێئۆسی ڕزگارکرد. پرۆمتێئۆس وەکوو پاداشی چاکە، ئیراکلیسی فێرکرد چۆن دەستی بە سێوەزێڕینەکان ڕابگا.

شەڕی هەسارەکان بووە و لە میتۆلۆژی یونانیدا ئاگر بەو جۆرە ڕەنگی داوەتەوە و کەوتووەتە دەست مرۆڤ. نەتەوەکانی دیکەش هەرکام بە نۆرە، خۆی لە دۆزینەوەی ئاگر بەساحێب کردووە. فیردەوسی پارس دەیباتەوە بۆ هوشەنگ پاشای پێشدادی، کاتێک ویستوویەتی مارێک بکوژێ و بەرد لە بەرد دەدا و پریشکی لێهەڵدەستێ و گڕ دەگڕۆگیا بەردەبێ. بەدڵنیاییەوە پێش ئەو پاشایەش بەرد وەبەردی کەوتوون و ئاگریش هەبووە، چیا بورکانییەکانیش تەقیونەوە.

میسرییەکان خۆریان وەکوو خوا پەرەستووە و حورمەتی ئاگریان گرتووە، بۆخاتری ڕۆشنایی و گەرمی ڕێزیان لێناوە و جێژن و بۆنەیان ڕێکخستووە. هیندییەکان لە کتێبی پیرۆزیاندا ئاگریان وەک خوا سەیرکردووە. چینییەکان خوای ئاگریان بەناوی تسێئووانگ بانگکردوە و پەیکەر و هێمایان لێدروستکردوە. ڕۆمییەکان باوەڕیان بە وێستا هەبووە، ئەو خوایەی هاوتای ئیستیا، خوای پارێزەری ئاگری نێومال و مەعبەدی یونانییەکان و خوشکی خواوەند زێئۆس بووە. لە کلیسای کاتۆلیکدا هەمیشە پێویست بووە چرایەک داگیرساو بێ. جوولەکە شەمدانی حەوت چڵ دادەنێن و لە جێژن و بۆنەکانیاندا دەبێ مۆمەکانیان ڕۆشنبن. لەنێو هەموو نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، بە کوردیشەوە، ئاگر پیرۆزایەتی خۆی هەیە،



سەرچاوە Serchawe

سوێندی پێدەخۆن و هۆی گەرمی و ڕووناکی بنەماڵەیە. لە زۆربەی ماڵەکان پێویستە چرایەک تا بەیان داگیرساوبێ. لەکاتی ژنمارەکردن و بووک گواستنەوە، لەدایکبوونی منداڵ و لەسەر گۆڕی مردوو، بڵێسەیەک پێویستە بۆ ئەوەی سەرچاوەی ڕووناکی و گەرمی بێ. گزنفۆن، هێرۆدۆت، ستراڤۆن و زۆر مێژوونووسی دیکە کاتێک باسی نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەکەن، دەڵێن ئاگر لای ئەو گەلانە وەکوو هێزێکی خودایی سەیرکراوە، سووتاندنی جەستەی مردوو بە ئاگر تاوانێکی گەورەیە و پێشێلی پیرۆزایەتییە و نفرەتی لێکراوە. نابێ فوو لە ئاگر بکرێ و هەناسەی پیسی مرۆڤ تێکەڵ بە ڕووناکی و گەرمی و پاکی ئەو بێ. ئەوان لەو باوەڕەدان خۆر و ئاگر سەرچاوەی گەرمی، ڕووناکی و خۆشەویستین. بڵێسەی ئاگر لە دێر و کەنشتەکان، وەک ئەوەیە پۆلێک پەپوولەن کە دوعاکان بەرەو ئاسمان دەبەن.

ئاگر بناخە و هەوێنی ژیان و بوون بووە. مرۆڤی سەردەمی کۆن پێی‌وابووە پێوەندی‌یەک لەنێوان ڕۆح و ئاگردا هەیە، چونکە ئاگر سەرچاوەی وزەیە. هەرکات کەسێک مردووە، بەتایبەت ئەگەر گەورەی خانەدان بووە، لەماڵ بە خاکیان ئەسپاردوە و ئاگریان بەردەوام لە ژوور سەری داگیرساندووە. چونکە باوەڕیان بەوە بووە کە ئەو ئاگرە ڕۆحی کەسی مردووە و پارێزگاریی لەوان کردوە. وەچەکانی دواتریش، مردوویان بۆ گۆڕستان ڕاگواستوە و لەژێر کێلی قەبر قەندیلیان ڕۆشن کردوە.

دەکرێ بڵێین گرینگترین دەسکەوتی مرۆڤ ئاگر بووە. ئەو دۆزینەوەیە نەخشی لە پێشکەوتن و گەشەی شارستانیەتدا هەبوە. ئێمەی کوردیش جیا لەوەی خاوەن مێژوویەکی کۆنین سەبارەت بە ڕێزلێنان و پیرۆزایەتی بەخشین بە ئاگر، لە هەمان کاتدا بۆ پێشوەچوونی ژیان کەڵکمان لێوەرگرتوە و ئاوێتەی ژیانمان کردوە. ڕەنگە سەیر نەبێ کە لە سەردەمی ئیمپراتۆری ئەرمەنیدا، ئەوەی تیگرانی مەزنی ناوە، بەناوبانگترین ئاسنگرانی ئەو سەردەم کورد بوونە و سرنجی ئەو دەسەڵاتدارەیان بۆلای خۆیان ڕاکێشاوە.

ئاگر ئەگەر هۆی پێشکەوتنی شارستانیەت و ژیانی مرۆڤ بووە، بەدرێژایی مێژووی هەست و ئیحساسیش، ئاوێتەی شێعر و نووسین بووە. تەنیا بۆ بڵێسەی ئاگر بالای پەنجا ناوی لە زمانی کوردیدا هەیە. جیا لە گەرمی بەخشێن و ڕووناکی هەمیشە مەشخەڵی دەستی لاوانی کورد بووە. وەکوو ڕاسپاردەی پەیامی نەورۆز و نوێبوونەوەی سروشت لە دوندی چیاکان داگیرساوە. هەوێنی گۆرانی و بەیت و سروودەی سەرزاری پێشمەرگە و خۆبەختکەرانی ڕێگای ئازادی و سەربەستی بووە. کاتێک کیژۆڵەی جوانی کورد مەشخەڵی نەورۆزی بە دەستیەوە گرتووە، لای من ئەو قارەمانەیە کە ئاگری پیرۆزی لە مەعبەدەکانی دێلفووسی یونانەوە بەڕاکردن بۆ کێبەرکێی ئۆلێمپیک بۆ سەرتاسەری جیهان بردووە. مەشخەڵێک بۆ دەستپێکی کێبەرکێیەکانی ڕۆحی و جەستەیی، مەشخەڵێک بۆ ڕووناکی بەخشین بە ڕێگەی سەرکەوتن. هیچ شاعیرێک لە شێعری پڕ لە سۆزیدا، خۆی لە بڵێسە و ڕووناکی و خۆشەویستی نەپاراستووە.

لەپاڵ ئەو گشتە پیرۆزایەتییە، لەبەرچاوی هەموو هەسارەکان، خۆر و مانگ و ئەستێرەکان، لەبەر ڕۆشنایی قەندیل و مۆم و چرا ڕۆشنەکان، هەستێکی گلاویش خۆی مەڵاسداوە. هەر ئەو مرۆڤەی ئاگری بەلاوە پیرۆز بووە، لەلایەکیترەوە کردوویە بە بۆمب و گوللە و جەستەی سروشت و بوونەوەری پێکونکون کردوە. دەکرێ بڵێم ئەوەی خواوەند زیئۆس لێینیگەران بوو. ئەو بۆیە ئاگری لە پرۆمتیئۆس شاردەوە، نەک لەبەر لەدەستدانی دەسەڵاتی پاشایەتی خۆی بێ، بەڵکوو لەبەر سووتمان و زەڕ بوو. کورد چ جارێک کایەی بە ئاگر نەکرد، نەیکردە خوڵقێنەری سووتمان، بەڵکوو ئاسنی پێتواندەوە و زێڕی پێ قاڵکردەوە. ماڵ و گۆڕ و دێرەکانی پێ گەرم و ڕووناک کرد و کۆتایی بە تاریکی و شەوەزەنگ هێنا. ئاگری دایە دەست گەنجان تا موژدەی نەورۆز و نوێبوونەوەی سروشت و ژیان بە گەلان ببەخشن. ئەوە نییە گەنجی کورد، مەشخەڵ بەدەست وەکوو پرۆمتیئۆس گەرەکییەتی ڕووناکی بەدیاری بێنێ. لاوی کورد، وەکوو خۆشەویستی خواوەند زیئۆس ویستی مرۆڤەکان گەرمییان لە دەروون، لە هەست، لە ماڵ و باوەشیان گەڕێ و ڕووناکی داگیریان بکا. بەڵام مەخابن زۆر بوون مرۆڤی هەناو گلاو ئاگرەیان کردە چەکێکی باو، بۆ کوشتن و سووتمان، بۆ ڕەشەکوژی هەست و سۆز، بۆ فەوتانی ئینسان. بەپێچەوانەی ئەو کۆمەڵە بەرژەوەندیخوازە، من کاتێک لاوی کورد دەبینم نەورۆز و مەشخەڵ و ڕووناکی، تریفەی مانگ و گزینگی خۆر و بڵێسەی مۆم لەگەڵ هەستی مرۆڤایەتی تێکەڵدەکا و دەیکا بە ئاگرێک کە ناوی هاوارە بۆ ئازادی و سەربەستی، پیرۆزایەتی ئاگر لای من پتر دەبێ. بێگومان دەڵێم ئەو لاوانە خودایانی شەڕ و سووتمان و زەڕ نین، ئەوانە پرۆمتیئۆسی سەردەمن. ئەوانە بەگژ تاریکیدا دەچنەوە، ڕۆن گەرچەکی قەندیل و نەوتی گردسۆزەکانیان تەنیا بۆ ڕووناکی زەین و هەناوی مرۆڤەکان گەرەکە. بڵێسەی مەشغەڵی دەستیان پەیامی دەستپێکی کێبەرکێی ئاشتیی و مرۆڤدۆستییە و ڕاکردنیان بەرەو بەرزایی بۆ بانگی مافخوازیی و ژیانی پڕ لە ئازادی و سەربەستییە.

لە ژمارە ٧٠١ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٧ی ئەپریلی ٢٠١٧

# ئازادی یا مەرگ

"ئازادی یا مەرگ" دەستەواژەیەکە کە بەدرێژایی تەمەنی خوێنی لەبەر دەچۆڕێ. دەکرێ بڵێم بەتایبەت، هیچ لاپەڕەیەکی مێژووی کوردیش نییە ئەگەر بەو خوێنە سوور هەڵنەگەڕابێ. "ئازادی یا مەرگ" وەک دروشمی هەر تاکێکی کورد بۆ ئەوە بوو، کوردی کۆیلە بکاتە شۆڕشگێر و شۆڕشگێڕەکانیش بکاتە قارەمان و قارەمانەکانیش ببنە بنیاتنەر. واتە بنیاتنانی وڵاتێکی سەربەخۆی خاوەن دەسەڵات و پڕ لە یەکسانی و دادپەروەری. "ئازادی یا مەرگ" هزرێک بوو بۆ ئاڵایەکی شەکاوە لەنێو میللەتانی حەساوە، بۆ ناسنامەیەکی گەشی سێڕەنگ، بۆ خۆری سپێدەی سەرکەوتن و پڕشەنگ.

لەو ڕۆژەوە کورد هەستی بە کۆیلەبوونی خۆی کردووە، ڕێگەی ڕزگاریی ڕەچاوکردووە. نووسەری یونانی "ڕیغاس فێریێئۆس" دەڵێ: ساتێک ئازادی، بەنرخترە لە چل ساڵ زیندان و کۆیلەتی"، مرۆڤی کوردیش بە دروشمی "ئازادی یا مەرگ"، "یان کوردستان یان نەمان" بەدرێژایی مێژووەکەی هەڵوەدای ئەو چرکە ئازادییە بووە. لەپێناو ئەو چرکە ئازادییەدا گیان و خوێن و ماڵ و سامان و کەسانی خۆی فیداکردووە. هەرچەند تووشی ململانێی سەخت و نابەرابەر لەهەمبەر دوژمنانی هاتووە، بەو حاڵەش تێنوێتی ئازادی و عەشقی ڕزگاریی هەردەم ئەوی لە مەیداندا ڕاگرتووە. بۆ هەستێکی ئەوتۆ بەهێز، پۆل ئێلواری شاعیری فەڕانسەوەی لە شێعرێکیدا،

**بەبۆنەی شۆڕشگێڕانی بێناو و نیشانی جیهانی، جوانی گوتووە:**

"بەهێزی وشەیەک<br>
من دیسان دەژیمەوە<br>
بۆ ناسینی تۆ<br>
من لەدایکبوومەوە<br>
تاکوو ناوت بخوێنمەوە، هۆ ئازادی"

گەلێک جاریش هەبووە ئەگەر شۆڕشگێڕانی ئەو نەتەوەیە یەکەم هەنگاویان ناوە، جیا لە دوژمنان، لەلایەن خەڵکی پێنەگەیشتوو و تێنەگەیشتووش تانەیان لێدراوە. گوفتاری ناهەموار، لەگەڵ هەستی شۆڕشگێڕیی ئەوان ناسازگار، لە دەم و زمانی ئەو کۆمەڵە دەرکەوتووە: "ئەوانە شێتن"، "ئەوانە خولیان، "ئەوانە چیاییین" و دەیان شتیتر، بێخەبەر لەوەی کە

شۆڕشگێڕ دەبێ شێتی و خولیایی و جوامێری بکاتە هەوێنی جوڵەی تا بتوانێ بەرگەی شۆڕشێکی ڕزگاریخوازیی بگرێ.

بەڵێ، ئەگەر بۆ دروشمی "ئازادی یا مەرگ" پۆل‌پۆل لە مرۆڤەکان ڕێگای سەختی چیاکانیان گرتەبەر، ئەگەر کۆمەڵ کۆمەڵ ژن و پیاو، پیر و لاو پشتی هۆگرانی "یا کوردستان یان نەمان"یان گرت و بە پارە و سامان، بە پشتیوانی ڕوحیی بێ‌ئامان بوونە پاڵپشتی ئەوان و سەنگەری خۆڕاگرییان مەحکەمتر کرد، لەبەر ئەوە بوو نەسڵی داهاتوو بەختەوەر و سەروەر بژی و گیانبەختکردووانیش لەژێر خاکی نیشتماندا وەحەسێن.

بەڵام با پرسیارێک شی‌بکەینەوە. داخوا ئەو وەچەیەی ئێستا، وەڵامێکی شایستەی بە هەست و خواستی گیانبەختکردوان داوەتەوە؟ با ئێمە سەیری نموونەیەکی بچووک بکەین. ڕۆژی دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستان ٢٢ی ڕێبەندانە و ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی لەسێدارەدرانی پێشەوا و هاوڕێیانە. بەواتایەک ٦٧ ڕۆژیان نێوانە. کاتێک بەرەوپیلی ڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەچین، زۆربەی خەڵک و حیزبە کوردیەکان، بەتایبەت ئەوانەی ڕۆژهەلات، چەند مانگ پێشتر وەخۆدەکەون بەمەبەستی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئەو ڕۆژە. بە خەرجکردنی کۆڵێک پارە کێبەرکێ لەسەر بانگهێشتی گۆرانیبێژ و تیپەکانی مۆسیقا و دابین کردنی خواردن و خواردنەوە دەکەن. مەبەستیش پڕکردنی ساڵۆنەکانە. گرینگ ڕوحی سیاسی ئەو ڕۆژە نییە، بەڵکوو ململانێ بۆ خۆدەرخستنی لایەنی بەڕێوەبەرییە. تاکوو وەها بنوێنێ کە ئەو میراتگری کۆمارە و هەر ئەویش خاوەن ئەو ڕێبازەیە و مەیداندارە. بێخەبەر لەوەی ئەگەر لە سەدان بەشداری ئەو شەوە بپرسی چ باسە؟ وڵامت ئەوە دەبێ: حەفلەی دیموکراتە، زۆر خۆش و خاسە. ڕاست ئەو شەوە کە سەیری دیوارەکانی ژووری مەراسیمەکە بکەی تەنیا سێ چوار وێنەی دامەزرێنەرانی کۆمار دەبینی. لەپای وێنەکانیشدا بە هەزاران کەس هەڵدەپەڕێ. بەو زستانە ساردە و لە ڕێگای دوورەوە خەڵک دێت و هیچ ساڵۆنێک نییە دووسێ هەزار کەسی تێ‌نەخزێ.

دوو مانگ و حەوتوویەک دواتر، قازی و یارانی لە سێدارە دەدرێن و کۆمار بەکردەوە خامۆش دەبێ و خەم و تەم جەستەی کوردستان دادەگرێ. خەڵکەکەمان کە هەر بۆی گرینگ نییە چی قەوماوە، حیزبەکانیش وەکوو ئەوەی هەواڵی ڕۆژنامە کۆنێکیان پێدراوە، ئەگەر زۆر خۆیان هیلاکردبێ، ئەوە بە پەلەپروزە یەکدوو کۆبوونەوە پێکدێنن و چ جارێکیش ژمارەی بەشدارانی ئەو بۆنەیە خۆی لە ژمارەی پەلێکی پێشمەرگەی ئەو ڕێبازە نەداوە.

ڕەنگە هەر هەموو لایەک ئەو چەند بەیتە شێعرەی سۆهرابی سپێهری‌یان بەهەڵە لێکدابێتەوە کە دەڵێ:

وەختێ سەردانی گۆڕم دەکەن

نەرم و نیان هەنگاوبنێن
مەبادا درزی تێکەوێ
شووشەی تەنکی دڵی من.

تۆ بڵێی خەڵکی ئێمە کە تەنانەت سەردانی گۆڕی شەهیدانیش ناکەن، ئەو ڕۆژەیان بەلاوە گرینگ نەبێ، یا ناخوازن شووشەی دڵی شۆڕشگێڕەکانمان درزی تێکەوێ؟ یا دەبێ وای بۆ بچین کە خەڵکی ئێمە بێ دەهۆڵ و زوڕنا ناتوانن سەردانی هیچ شوێنێ بکەن!!!!

من پێموایە خەڵکی ئێمە هێشتا باش لەوە تێنەگەیشتوون کە ئەوانەی لەپێناو ڕزگاریدا گیانی خۆیان بەختکردووە، جیاوازییەکیان لەنێوان خۆیان و بێهەڵوێستەکان بەدی کردووە.

**شاملوو بەجوانی پێناسەی ئەو گیانبەختکردووانە دەکا:**

ئەوانە خاوەن خۆشترین دەنگ بوون لە وڵاتی من
هاواریان، هاواری جوامێرانێکی لەشکان نەهاتوو بوو،
ئەوان لە دەروازی مەرگ تێپەڕین و
بەر لە نەمانی خۆیان، لەداهاتوودا ژیابوون.

بەڵام، لە بەردەم شکۆی ئەو سەردارانەدا، ئێوەی بێموبالات، سەردەمێکتان خولْقاندووە. سەردەمێک پڕ لە ناخۆشی، پڕ لە فرمێسکی ناهومێدی و تژی لە شک و گومان. ئێوە لە ساڵانێکی بێخۆڕاگریدا دەژین. لە ساڵانێکدا کە جوامێری سواڵ دەکا و پیشەی گەدایی ڕەچاوکردووە. ئەگینا چۆن لە دووی ڕێبەندان چوار وێنە دەچنە سەر دیوار و دوو هەزار وەسەما دەکەوێ، زوڕنا شێت دەبێ و دەهۆڵ دەدڕێ و جێی هەڵپەڕین دەستناکەوێ. بەڵام لە دەی خاکەلێوەدا وێنەی شەش هەزار پێشمەرگە لەسەر دیوارە و پەنجا کەس لە ژوورەکاندا دەستناکەوێ!؟

**بە واتایەک: "ژمارەی زیندووانی سەر دیوارەکان، پترن لە مردووانی نێو دیوارەکان."**

تۆ بڵێی ساڵ و ڕۆژەکانی کورد بەدرێژایی مێژوو هەروابووبن؟ ئەگەر وایە، کۆیلەتی چۆناوچۆن کۆتایی دێ. ئەگەر وابێ خوێنی ئەو شۆڕشگێڕانەی یەک بەدوای یەکدا بۆ "ئازادی یا مەرگ" ڕژاوە، چی بەسەر دێ؟ پرسیارێکە و هەر تاکێکی کورد



سەرچاوە
Serchawe

پێویستە بۆ وڵامەکەی سەردانی ویژدانی خۆی بکا. بپرسێ، بە ملیۆن شەهید، بە ملیۆن ئاوارە، بە ملیۆن سەقەت و بەملیۆن هەژاری بێچارە، لە پێناو چیدا....

لە ژمارە ٧٠٢ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٧

## لە پەنجەرەی ژووری تەنیاییمەوە

زۆر ئێوارە وەختی ئەو وەرزە
کاتێک لە پەنجەرەی ژووری تەنیاییمەوە
سەیری ئاسمانی غەریبیم دەکەم
گرژییەکانی سروشت
لە چەشنی ئەنگوتنی گەلاوێژ و
گرمەی هەوری ڕەش و
ورشەی بای پاییزی و
خەرمانانی زەرد تەنیا دیاردەن
یەکیەک بەدییان دەکەم.
دیسان هەر لەو ژوورەدا،
ساتێک چرای گردسووزی ماڵ پێدەکەم
سەرجەم ئوستوورەکانی نێو کتێب و
تەواوی قارەمانانی خولیای ئازادی
گشتیان نەرم و نیان،
ڕوخساریان ڕووناک و
بزەیەکی زەرد لەسەر لێویان
لە دەوری ڕووناکیی چراکەم
لەگەڵم کۆدەبنەوە و
منیش،
بۆوەی لە جیهانی ئەبەدییەتی ئەواندا بتوێمەوە
بێدەنگ و بە ئەسپایی
قەڵەمی هەست دەستدەدەمێ و
خۆم سەربەست و ڕەها دەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## وەرە پێکەوە بمرین

دوو ڕۆژ بوو لە ناوچەڕا گەڕابوومەوە گووندی بابەکراوێ لە ناوچەی سەرشاخان. بارانێکی نەرم دەستیپێکردبوو و لێینەدەکردەوە. شەو بڕیاردرا بەیانی زوو وەڕێکەوین. بەشە چەک و تەقەمەنی هێزەکانی باکوور گەیشتبوونە لای ئێمە. ئەو سەردەم هێزەکانی دەڤەری باکوور ناسراوبوون بە هێزەکانی شیمال. مەبەست لەوانەی لای ورمێ و سەلماس بوون. دەبوایە ئەو چەکانە خێرا بگەنە دەستی ئەو هێزانەمان.

لەگەڵ سپێدەی بەیانی، دوای خواردنی بابۆڵە شیرێژێک و خواردنەوەی چایەکی گەرم، وەڕێکەوتین. تا گەیشتینە ڕەوەزەکانی شازوقاز، لەبەر باران تەواو خووساین. ڕێگایەکی دوورمان لەبەر بوو و دەبوایە شەویش لە یەکدوو شوێنی پڕمەترسی بەژێر پێگەکانی دوژمندا بپەڕینەوە.

بە هەوراز و هەڵدێری شازوقازدا شۆڕبووینەوە. هەورازی ئەژنۆشکێن و بارانی بە خوڕێن وەزعەکەی تەواو شێواندبوو. لەگەڵ بەهمەن شانبەشانی یەکتر دەڕۆیشتین. بەهمەن بامروەت. هەم وەکوو ڕنوو پڕ لە هێزبوو و هەم لە دۆستایەتیدا بەڕاستی ئەمەگناس. کەسێکی بەجەستە پێشمەرگە و بەخەیاڵ چەگوارا. پێشتر ئەندامی سازمانی چریکەفیداییەکانی خەڵکی ئێران بوو. بە مارکسییەت دەستی بە تێکۆشانکرد و دواتر ئەو هەستەی کردە هەوێنی کوردایەتی. گەنجێکی قۆز، بالابەرز، جوان، لێو بەبزە و دەریایەک لە هەست و سۆز و ورە و وزە. ڕیزەکانی ڕێکخراوی فیداییەکانی جێهێشتبوو، چونکە ئەوان هەڵگەڕابوونەوە و تەواو کەوتبوونە خزمەتکردن بە ڕێژیمی مەلاکانی تاران. بەهمەن بەرلە هاتنی بۆ شاخ پێوەندی بە تەشکیلاتی شاری حیزبەوە گرت. لەگەڵ من لەپێوەندیدا بوو و مەئمووریيەتە پێئەسپێردراوەکانی حیزبیی جێبەجێدەکرد. بەواتایەک لەژێر تاقیکاریدا بوو. نیزیک بە ساڵێک تێپەڕیبوو کە ئیدی لەوە پتر نەدەکرا لە شار بمێنێتەوە و هاتەدەر و لەنێو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا دامەزرا. هەر لە یەکەم ڕۆژەکاندا، لەبەر خوێندەواری، ورەبەرزی، بوێری و کۆمەڵایەتیبوونی کەوتە بەر ڕق و کینی ژمارەیەک لە فەرماندەکانی پێشمەرگە، واتە ئەوانەی لەمەر لەدەستدانی کورسیلەی دەسەڵاتیان نیگەران بوون. پاش کێشەیەکی زۆر، تفەنگێکی برنۆمان بۆی وەرگرت و لە یەکێک لە لکەکانی هێز وەکوو پێشمەرگە دامەزرا. ئەوانەی ئەو سەردەم کادری سیاسی بووین، لەبەر کەشوهەوایەکی خوڵقاوی فەرماندە نیزامییەکان، لەنێو حیزبدا ناسراوبووین بە باڵتۆسپی. ژمارەیەک باڵتۆی ئەمریکی سپیڕەنگ لەلایەن حیزب بەسەر کۆمیتەکاندا دابەشکرابوون و لەبەر ئەوەی زوو چڵکن دەبوون و مەجالی شۆردنیان نەبوو، دابوویان بە ئێمەی کادیرانی بەشی تەشکیلات. منیش یەک لەوانەم

وەبەرکەوتبوو. بەهمەن هەرچەند باڵتۆی سپیشی بەرنەکەوتبوو، بەڵام زانایییەکەی کەوتبوە بەر هەستی ئێرەیی پێبردن.

بەڵێ، شانبەشانی هەڤدوو لە شازوقاز دەهاتینەخوارەوە. کاروانی چەک و تەقەمەنی لە دواوەمان دەهات. ڕێگاڕۆیشتن و داگەڕان لەبەر تەڕی و قوڕی دژواربوو. باران نەک لێینەدەکردەوە، بەردەوام بەخوڕێنتر دەبوو. دەتگوت بە ئاسمان گوتراوە ڕاست لەو کاتەدا چی فرمێسکی هەیەتی ڕۆیکا. ئاسمانی ناوچە بەهاری ناوچەی دەستکەوتبوو و لەسەر ئێمە یەکی نەکەوتبوو. ئەو دەبوایە بە هەور و ساوی خۆی یاساکانی سروشت بەڕێوەببا. دیاردەی نامۆ لەو نێوەدا، ئێمەی ڕێبواری ناوەخت بووین.

ماندوویەتی بەرەبەرە شەکەتیکردین و پشووی لێمانبڕی. خوڕێنی باران مەجالی پتری بۆ ڕۆیشتن نەدەدا. بەهمەن تەواو شەکەت دیاربوو. لە بزە و قسەی خۆشکەوتبوو.

* چییە کاکی برا، کز و ماتی، ئەگەر کەیفت قنج نییە، بۆ دەهاتی؟ (دەمویست حاڵ و هەوای بگۆڕم).
* نا کەسی برا، باشم. باران پشووی لێبڕیوم. ئارەقەی لەشم لەو خراپتر.

لەنەکاو یەک لە پێشمەرگەکان هاواری کرد: پشوودانە و تۆزێک وەحەسێن!

موژدەیەکی بەهاری بوو. هەر بابایە خۆی لە کەلێنێک ئاخنی تاکوو لەوە زیادتر تەڕ نەبێ.

لەگەڵ بەهمەن خزاینە ژێر ڕەوەزە بەردێک کە بارانی نەدەگرتەوە. هەڵتروشکاین. جگەرەیەکم داگیرساند. سەیرێکی بەهمەنم کرد، پەشێو دیاربوو.

* کاکی برا خەفەتبارت دەبینم!

* تاسەی ماڵەوەم کردووە. دوێنێ شەو نەخەوتووم. بیری مناڵەکان، بێبەشی لە سۆزی باوکایەتی. سیامەندم جاریٚ کۆرپەیە. بەیانم بێناز ماوەتەوە و ساماڵیشم زۆر هۆگری من بوو.

* ئەوانە مناڵەکانتن؟

* بەڵێ، هەر ئەو سێ جگەرگۆشەیەم هەن.

* تەماشا ئەو ڕێکەوتەی! لە هەورازی شازوقازێ، ئەو شوێنەی بەپێی هەندێ ڕەوایەت دەبێ شوێنی خەج و سیامەند بووبێ، بەو بەیانە باسی سیامەند دەکەین و چاوەڕوانی ساماڵێین...

بەو قسەیەم لە خۆشیان هەڵبەزییەوە. لێم نیزیک کەوتەوە و پاڵیوێدام.

* دەزانی چیم نووسیوە؟

* بیخوێنەوە، هەرچەند شارەزای شێعر نیم. جاروبار پەخشانێک دەنووسم و ئەویش بێ هیچ سووژەیەکی تایبەت، تەنیا وشە مەوزوونەکان بەدوای یەکتردا ڕیزدەکەم و پێیدەڵێم مەخشانی بەناو پەخشان.

* گوێبگرە!

دەستی بە خوێندنەوەی شێعرەکەی دوێنێ شەوی کرد:

دیاری بۆ «بەیان»
هەیهۆ!
بە کام ڕستە؟
بە چ زبانێک؟
بە کام هۆنەر و کەلامێک؟
چی بڵێم؟ چی بێژم؟
تاسە لە لای کێ هەڵڕێژم؟
لای کێ بێژم نهێنیی دڵ؟
خونچەم کەی دەبێت بە گوڵ؟
بوخچە و پرێسکەی نەکراوە
نهێنیی کوڕی تێشکاوە!
بە کێ بڵێم چۆن تێکڕووخا؟
کۆشکی ئاواتم چۆن ڕما؟

ئەو خانووچکەی شووشە و بلوور
کە چام کردبوو لە پشت سنوور
بەرزتر لە سنووری ئەوین
چی پێدەڵێن لە ڕووی زەوین؟
من دیتم بە دوو چاوم
کە چۆن لە »باستیل« خراوم
دیتم بە چاو مەرگی هیوام
دەسەلمێنم: شکام! شکام!
بەڵام نا، هەیهۆ! چ دەڵێم؟
دەبا بشکێم و تێکشکێم!
هێندە دەشکێم و دەکەوم
هەتا فێر بم چۆن سەرکەوم.

چەپڵەیەکم لێدا و چاوێکم لێکرد و سەرسوڕمانی خۆم لەمەر خەفەتبارییەکەی و کۆتایی ئەو دووسێ دێرەی کۆتایی شێعرەکەی لە نیگایەک وەرپێچا و بۆ چاوەکانی ئەوم بەڕێکرد.

باران هێور ببۆوە. بەرەو گوندی گردەبن وەڕێکەوتین. لەوێش پشوویەکی کورت ڕاگەیەندرا. پاشماوەی ڕێگا تاکوو گووندی قاڕنێ، واتە شوێنی پەڕینەوەمان تەواوێک ڕێگابوو. دەبوایە شەو بەتەنیشت پێگەکانی دوژمندا دەربازبین.

ئێوارە گەیشتینە گووندی قاڕنێ. بەسەر ماڵاندا دابەشبووین. بەهمەن تووشی حاڵەتێکی پڕ لە پەرۆشی هاتبوو. من خێرا ئازارەکانیم دەخوێندەوە. هەوڵمدەدا چی بە خەیاڵیدا دێت، بیدرکێنێ.

* چۆنی چەگوارا شەکەتەکە؟ وادیارە بەرەبەرە لە بارودۆخەکەمان تێدەگەی. دەبینی ئەو ژیانەی ئێمە دەگەڵ نووسراوەکانی سەر کتێب جیاوازی زۆری هەیە، وانییە؟

* لێمگەڕێ! بیر لەو دێیە دەکەمەوە. تراژێدیای قاڕنێ چ جارێک لەبیرناچێتەوە. بۆت وەخوێنم؟
* چییە، ئەویشت دوێنێشەو نووسیوە؟
* نا، هی پێشترە، گوێبگرە!

دەستی بۆ باخەڵی برد و پەڕاوە بچکۆلەکەی دەرهێنا.

**شێعرێکی دوور و درێژی سەبارەت بە ڕەشەکوژیی قارنێ خوێندەوە:**

کچان کوڕانی کوێن دەبەر
ئێرەش وەکوو تەلیزەعتەر
بەزۆر بۆم دێتە سەر قاقەز
ڕووداوی کارەساتی ناحەز

کەوتۆتە گۆڕێ چاویلکە
دەستەددان و ملوانکە
مێشک بڵاو، چاوێک لەولا
لاقێک لە جەندەکی جیا
پیرێک کەوتووە لەپاڵ گۆچان
خوێناوییە شۆرتکەی ماڵان
لەناو لانک مناڵ بێشیر
دایک و باوک بوونە ئەسیر

-----

ئەو کوشتنە، ئەو بڕینە
تاوان ڕوونە مناڵینە
بەوردی گوێم لەبۆ شل‌کەن
پاشان لە تاوان، بیرکەن
لێرە تاوان مناڵینە
ماف ویستنە، مافویستنە، ماف ویستنە

هەوا بوولێڵ ببوو کە وەڕێکەوتین. نەدەکرا ماتڵی وەستانی بارانبارین بین. ئاسمان و هەورەکانی کاری خۆیان دەکرد و پێشمەرگەش ڕێگای خۆی دەپێوا. شانبەشانی یەکتر بەڕێوە بووین. ڕێگای لای گووندی (دواوان)مان گرتەبەر. تاریکی ڕەشی شەو باڵی بەسەر ناوچەدا کێشابوو. چاو چاوی نەدەدیت. لەنیزیک پاسگای حکوومەت تەقەیەک کرا. هەر بابایە بەلایکدا

لە چەخماخەی تفەنگیدا. شتێکی تایبەت نەبوو. پێشمەرگەیەک ناخواستە تفەنگی لەدەست دەرچووبوو. ڕەوشەکە هێوربووەوە و هەنگاونان بەردەوام. بەهمەن، شەکەتی، برسییەتی و دووری ئازیزانی بەتاقی کردبووەوە، بەڵام دەبوایە ئەسڵێکی دیکەی شۆڕشی بەکردەوەش بەچاوی خۆی بدیبایە.

گووندی قەڵاتان، ئاواییەکی برینداری دەستی ڕەشەکووژیی دوژمن لەسەر ڕێگامان بوو، ئەو شوێنەی لەمێژنەبوو خەڵتانی خوێن کرابوو. لەوێوە بە سواری تراکتۆر بەرەو ناوچەی حەڵبێ و کۆیکان وەڕێکەوتین. لەسەر پاشتەرکەکانی تراکتۆر ڕووبەڕووی هەڤدوو دانیشتبووین. هەرکام لە خەیاڵێکدا! لەنێو دێی حەڵبێ، تراکتۆر لەنەکاو کەوتە نێو چاڵی بەتاڵی گەنم. من خۆم گرت، بەڵام بەهمەن هەڵدێرا. چاویلکەکانی دەرپەڕین و بەسەریاندا کەوت. بۆ تاوێک هیچکەس خۆی تێنەگەیاند. ناچار هەستاوە و هەموو گیانی قوڕاوی ببوو. چاویلکەکانی هەڵگرتەوە و خێرا بۆ لای من هات کە دوای ئەو وەرگەڕانەی تراکتۆر خۆم فڕێدابووە خوارەوە و تەواو سڵامەت بووم.

* پەکوو ئێوەش خەڵکێکی بێڕحمن!
* بۆ کەسی برا؟
* کەسی برای چی، ماڵتان نەشێوێ نەتاندیت چیم بەسەرهات. لانیکەم یارمەتی هەستانەوەتان دابام.
* بەهمەن گیان دەبێ بتوانی خۆت هەستییەوە. ئەی ئەو چەند ساڵە بەردەوام دەنووسی کە دەبێ خۆم، خۆمان هەستینەوە، نابێ لە کەوتن و شکان بترسین. (هاوکات لەگەڵ قسەزلەکانم، بزەم دەهاتێ).
* ئەوها، دەی باشە نۆرەت دێت.
* ئەو ڕۆژە لە گووندی حەڵبێ میوانی مام عەزیز بووین. پیاوێکی دنیادیدە و دڵفراوان. لەکاتی فراویندا پێمانڕاگەیەندرا کە من و بەهمەن دەبێ لەگەڵ ٥ پێشمەرگەی دیکە لەو ناوچەیە بمێنینەوە. هاوڕێیان بەرەو شیمال وەڕێکەوتن.

شەو چووینە گووندی سیاوان. دانیشتبووین. پاش تاوێک بێدەنگی وەقسەهات.

* بۆت وەخوێنم؟

شێعرەکانیم بەدڵ بوون، بەڵام هەمیشە بەرلە وڵامی ئەرێنیم، جەفەنگێکم لەگەڵی لێدەدا و عاشقی قاقاکانی بووم.

* دەی گوێی مفتت دەستکەوتووە، بۆ نا.... وەیخوێنە!

پەڕاوەکەی بەدەستەوە بوو:

ئەمڕۆش وەکوو زۆر ڕۆژان

ڕۆژی ڕەشی بێبەشان

کیژێکی کاڵ و ساوا

بوو بە فیدای جەمێک نان....

ئەوەشیانم زۆر بەدڵە:

نەورۆزی گشت چەوساوەکان، مەرگی سەرمایەدارە

نەمانی ژێرچەپۆکی ئێمەش، فەوتانی ئیستعمارە

* بەهمەن! پێموایە دوای وەرگەڕانی تراکتۆر، دووبارە کەوتوویەوە بیری ئیستعمار. نەکا ئێمەش ڕەگەڵ ئەوان بدەی؟ لە قوڵایی دڵییەوە قاقایەکی لێدا.

* شادم بە بوونتان، شانازی بە پێشمەرگایەتیم دەکەم....

ڕاست ئەو ساڵە لە پاییزێکی شوومدا، بەهمەنی خۆشەویستم، ئەو مرۆڤە بە مرۆوەتە لە دەڤەری سەردەشت، لە شەڕی چیای هۆمل شەهید بوو.

ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە، تەنیا ئەو ڕستەیەی یانیس ڕیچۆس سوکنایی دەخاتە دڵم کە دەڵێ:

«ئەوان بەرەو بەرزایی هەڵکشان، تا دەستیان بە خاک ڕابگا».

لە ژمارە ۷۰۳ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## عەلی فەتحی: ئەدەبیاتی چەپ و ئەدەبی بەرگری لە کوردستان یەک ئامانجیان هەبووە

**دیمانە: عەلی ئیسماعیلنژاد**

**هەموو ئەو نەتەوانەی مێژوویەکی پڕاوپڕ لە سەرکوت و خوێناوییان هەبووە، ئەدەب و وێژە و هونەرەکەیان بەگژ ئەو سەرکوت و خوێنەدا کردووە و بەوش هونەری بەرگری سەری هەڵداوە.**

**عەلی فەتحی، نووسەر و وەرگێڕی کورد پێی وایە: «دەبێ ئەدەبیات لە خزمەت نەتەوەکەی خۆیدا بێ، لەو سەردەمەدا کە ئێمەی کورد شێعری بەرگری دەنووسین، لە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دیکەشدا ئاڵوگۆڕ و کێشەکانی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆیان ڕەنگ دەداتەوە، لە سەردەمی گەشەی چەپ، بیری چەپیش دێتە نێو شێعرەوە و ڕەنگدانەوەی دەبێ لە شێعردا».**

**عەلی ئیسماعیلنژاد**: ئەدەبی بەرگری چییە و کەی ئەو ئەدەبیاتە گەشەی کرد؟

**عەلی فەتحی**: کاتی خۆی کە لە زانکۆ دەمخوێند، پرسیارێکیان هێنابوو لەبارەی ئەدەبیات لە سەدەکانی ڕابردوودا، پرسیارەکە ئەوە بوو جیاوازیی ئەدەبیاتی ڕابردوو لەگەڵ ئەدەبی ئێستە چییە؟ وەڵامێکی جوان هەیە دەڵێ: تا سەدەی ١٩ کەسێک کە شێعری دەگوت «شێعری بۆ شێعر دەگوت»، دواتر لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ و دەستپێکی سەدەی ٢٠دا، شێعر بوو بە زمانحاڵی مرۆڤ و کۆمەڵگە، شێعر بوو بە شێعری بەرگری، واتا بوو بە زمانێک بۆ بەرگریکردن لە مرۆڤ و ئیتر شێعر بوو بە زمانێک کە باسی ماڤی تێدا دەکرا و باسی ژیانی ڕۆژانەی تێدا دەکرا. کوردیش بەشێک بوو لەو پرۆسەیە، ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بوو بە بەشێک لە شێعری کوردی، دەبینین شێعرەکانی هێمن ڕەنگدانەوەی ژیانی گەلەکەیەتی، لە ٦٠ ساڵی ڕابردوودا هێندە کارتێکەریی دۆخی تاک و کۆمەڵگە لەسەر شێعری کوردی زۆر بووە، تەنانەت فۆرمی شێعر گۆڕا.

**عەلی ئیسماعیلنژاد**: چ جیاوازییەک لە نێوان ئەدەبیاتی نەتەوەیی و ئەدەبیاتی بەرگریدا هەیە؟

**عەلی فەتحی**: دەبێ ئەدەبیات لە خزمەت نەتەوەکەی خۆیدا بێ، لەو سەردەمەدا کە ئێمەی کورد شێعری بەرگری دەنووسین،

لە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دیکەشدا ئاڵوگۆڕ و کێشەکانی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆیان ڕەنگ دەداتەوە. وەک چۆن لە سەردەمی گەشەی چەپدا، بیری چەپیش دێتە نێو شێعرەوە و ڕەنگدانەوەی دەبێ لە شێعردا.

**عەلی ئیسماعیلنژاد**: ئایا ئەدەبیاتی چەپی کوردی دەچێتە خانەی ئەدەبی بەرگریی کوردەوە؟

**عەلی فەتحی**: ئەدەبیاتی چەپ و ئەدەبیاتی بەرگری لە ئەدەبیاتی کوردیدا یەک بابەتن، یان لانیکەم زۆر جیاوازیان نیە و ناکرێ تەنیا لەبەر ئەوەی شاعیرێکی چەپ باسی کرێکار دەکا جیای بکەینەوە. ڕەنگە هەژاری موکریانی ئەو کرێکارەی بە نەدار باس کردبێ یان بە فەقیر ناوی هێنابێ، بەڵام هەردووکیان یەک مەبەستیان هەبووە، تەنیا جیاوازی لە هەندێک وشەدا هەیە، ئەگینا هەردووکیان یەک ئامانجیان باس کردوە.

یان مامۆستا هێمن لە شێعرەکانیدا باسی خودموختاری دەکا، بەڵام شاعیرێکی چەپ ڕەنگە ناوی خودموختاری نەهێنێ، بەڵام باس لە کۆمەڵگەی مرۆڤ دەکا، باس لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادی دەکا کە ئەوەیش لە ڕاستیدا بەشێک لە خەباتی نەتەوەییە و ئامانجی ئەو خەباتەیە. کەواتە ڕەنگە وشەکان جیاواز بن، بەڵام ئامانج و داخوازی و تەنانەت هەستیش یەک شتن.

**عەلی ئیسماعیلنژاد**: کورد لە ئەدەبی بەرگریدا توانیویەتی هاوسەنگییەک لە نێوان ئامانج و جوانکاریی شێعردا ڕابگرێ؟

**عەلی فەتحی**: لە شێعری نوێدا وەزن و قافیە نامێنی، لێرەدا تۆ بەنێکت بە دەستەوەیە. ئەوە بەنە گرێ دەدەی، توانای شاعیر وا دەکا گرێکان بە شێوەیەک لە بەنەکە بدرێ، جوانی و نێوەڕۆک هاوسەنگ بن و هیچیان شێعرەکە لاسەنگ نەکەن.

**عەلی ئیسماعیلنژاد**: باشە کوا ئەو جوانکارییە لە ئەدەبی بەرگریی کوردیدا هەیە؟

**عەلی فەتحی**: بەڵێ زۆر بابەتی جوان هەن. شێرکۆ بێکەس، پەشێو، هێمن و زۆر کەسی دی جوانکاریی زۆر سەرسوڕهێنەریان هێناوەتە ناو ئەدەبی بەرگریی کوردی.

**عەلی ئیسماعیلنژاد**: وێژە و ئەدەبی زۆربەی نەتەوەکان لە ئەدەبیاتی کوردیدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، بەڵام ئەدەبیاتی بەرگریی کوردی بەشی زۆری ئەدەبیاتی کوردی بۆ خۆی تەرخان کردووە و کەمتر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی بێگانە و

**کارتێکەری لە دەرەوەی خۆی هەبووە؟**

**عەلی فەتحی**: ئەوە بابەتێکە کە ئەمنیشی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، یەکەم هۆی ئەوەیە وەرگێڕان لە زمانی خۆت بۆ زمانی بێگانە سەختترە لەوەی وەرگێڕان لە زمانی بێگانەوە بۆ زمانی خۆت بکەی، ئەوە بنەمایەکی وەرگێڕانە. ئەگەر لە خۆمەوە سەیر بکەی، من بەو ئاسانییەی بۆم دەکرێتە کوردی، ناتوانم بیکەمە یۆنانی، ڕەنگە لێرەدا بڵێی باشە تۆ نا، ئەی ئەو هەموو خەڵکەی لە دەرەوەن و دەیان ساڵە لەوێ دەژین؟ ڕاستە دەکرێ ئەو گلەییە بکەی و بەتایبەتی لەو کەسانە کە ساڵیانی ساڵە لەگەڵ بێگانەکان پێوەندییان هەیە، بەتایبەتی لە باشوور و ڕۆژهەڵات، چونکە لەو دوو پارچەیە بە ڕادەی باکوور و ڕۆژئاوا زمانی کوردی حەرامکراو نەبوو. دەکرا دەقی کوردی وەرگێڕنەوە سەر زمانی عەرەبی و فارسی، کەوایە کێشە لە بێ بایەخی دەقەکاندا نیە، کێشە ئەوە نیە دەقی کوردی ڕووی مەجلیسی نیە، بەڵکو کێشەکە زیاتر دەگەڕێتەوە سەر کەمتەرخەمیی ئێمە دەرهەق بە زمان و ئەدەبیاتی خۆمان.

جارێکیان لێیان پرسیم ئایا ئومێدێک بۆ داهاتووی کورد هەیە؟ لەوکاتەدا بیری شێعرێکی هێمن کەوتمەوە و هەر ئەوەیشم کردە وەڵامی پرسیارەکە و گوتم : «ڕێژنەیەکم لێ بدا پێم وایە بۆ ڕووان ببمەوە» کاتێ ئەوەم بە یۆنانی پێ گوتن، سەریان سوڕ مابوو لەو ئەدەبیاتە بەهێزە. کەوایە هۆکارێکی دی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی ئێمەومانان چەندە لە نێو نەتەوەکانی دیکەدا باسی ئەدەبیاتی خۆمان دەکەین و چەندە دەتوانین بیگوازینەوە بۆ نێو خەڵکی بێگانە؟! تەنانەت چەندە ئاگاداری ئەدەبیاتی خۆمان هەین و ڕێزی لێ دەگرین، ئەگەر ئێمە توانیمان سەرکەوتووانە ئەدەبیاتی خۆمان بیگوازینەوە، بە دڵنیاییەوە ڕێزی لێ دەگیرێ.

**عەلی ئیسماعیلنژاد: شێعری کوردی کە ژانرێکی گەورەی نێو وێژەی کوردییە، دەکرێ بکرێتەوە دەلاقەیەک بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ گەلانی دنیا؟**

**عەلی فەتحی**: زۆر بە باشی دەکرێ. وەرگێڕان بۆ ئەو بابەتە زۆر بە باشی دەور دەبینێ، ئێستە کە رایەڵە کۆمەڵایەتییەکان هەیە وای کردووە زمانێکی وەک زمانی کوردی کە لە بواری ڕاگەیاندنەوە دەستکورتە، شانبەشانی زمانەکانی دیکە کاری پێ بکرێ. کاتێک تۆ دەقێک لە زمانێکەوە دەکەیتە کوردی یان پێچەوانەکەی، هەردوو دەقەکە دادەنێی، لای بەکارهێنەرانی زمانە بێگانەکە دەبێتە پرسیار کە ئەوە چ زمانێکە؟ ئەدەبیاتەکەی چیی تێدایە؟ تەنانەت ئەگەر سەیر بکەی ئێستە لە نێو فارسدا هێماکانی کوردستان زمان، ئاڵا و .. زۆر بە ئاسانی قبووڵ کراون، ئەوە لە کاتێدایە ئەگەر چەند ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ فارسێک باسی زمانی کوردیت بکردایە، زۆر بە توندی بە گژتدا دەهات یان نەتدەتوانی ئاڵای کوردستان بەرز

بکەیـتەوە. کەوایە یەکێـک لە ئەرکەکـانی ئـێمە دەبـێ ئەوە بێـت وا بکەیـن نەتەوەکـانی داگیـرکەری کوردسـتان عـادەت بە هێماکانی ئێمە بگرن، ئەوەیش لە ڕێگەی وەرگێڕان دەکرێ. لە ٣٠ ساڵی رابردوودا خەڵکێکی زۆر ڕوویـان کردووەتە دەرەوەی کوردسـتان، ئەگەر تەنیـا ٢٠%ی ئەو خەڵـکە بـابەتی مێژوویی و ئەدەبی ئەو نەتەوانەیـان کردبـایە کـوردی و بەشێک لە بابەتی خۆمانیان کردبایەتە زمانی ئەوان، پێت وا نییە بەهێزترین پرد لە نێوانی ئەو دوو نەتەوەیەدا دروست دەبوو؟

**عەلی نیسماعیلنژاد**: دروستبوونی ئەم پردە بەهێزە، بە هەوڵی تاکەکەسی دەکرێ یان پێویستە دەوڵەتی لە پشت بێ؟

**عەلی فەتحی**: بۆ ئەمە پێویست بە دەوڵەت ناکا. ئێستە لە باشوور زمـانی کوردی دەخوێنرێ، لە ئورووپـا دەتـوانین زمـانی خۆمـان بخـوێنین و کـاری پـێ بکەیـن، بەڵام لە پەنـای ئەوەدا ئەو بـایەخەی دەبـێ بە زمـانی کـوردی بـدرێ، نایـدەین و ئەو فیـداکارییەی کە دەبـێ بـۆ پاراسـتنی زمـان بـیکەین، نـایکەین. پـاش شـەڕی یەکەمـی جیهـانی و ڕووخـانی ئیمپراتـۆری عوسمانییەکان، کاتێک کەمال ئەتـاتورک دەسـەڵاتی بەدەستەوە گرت، ویسـتی بەشێکی زۆر لە ئێتنیکەکـانی ژێـر دەسـەڵاتی تورکیەی ئەوکات بتوێنێتەوە و کوشتوبڕی زۆری لەو پێناوەدا کرد. بەشێک لە یۆنانییەکـان نەیـانتوانی لەو کوشـتوبڕە قـوتـار بن و مانەوە، بەڵام دین و زمانیان پێ گۆڕین، یۆرغۆ بوو بە مستەفا، هێلێنا بـوو بە ڕەعنـا و.. ئەوانە لە دەرەوە مسـوڵمان و تورک بوون و دەچوونە مزگەوت، بەڵام ڕۆژی یەکشەممان لە ژێرزەمینی ماڵەکانیاندا ڕێوڕەسمی ئۆرتۆدۆکسی خۆیـان بەڕێوە دەبـرد، ئەوانە لە هەمـوو ژێرزەمینـی ماڵەکانیانـدا بە نهێنـی کەنیسـەیان دروسـت کردبـوو، ئەوە بە دوو مەبەسـت بـوو، یەکەمیـان بـۆ پاراسـتنی دینەکەیـان و دووەمیش بـۆ پاراسـتنی زمانەکەیـان. هەر ئەوەیـش لە دەوری یەکـی کـۆ دەکـردنەوە و توانیشیان زمانەکەیان بپارێزن و دواتـر تەنـانەت شاعیر و نووسـەری گەورەیشـیان لـێ هەڵکەوت، بەڵام ئـێمە تەنـانەت لە ئورووپاشدا زمانەکەمان بۆ گرینگ نیە و خەریکین وێرانی دەکەین.

## پرۆفایل:

**عەلی فەتحی**: ساڵی ١٩٦٠ لە «شنۆ»ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە. لە ساڵی ١٣٥٨ تـا سـاڵی ١٣٦٧ پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. لە یۆنان کارناسیی باڵای لە بەشی تەلارسازی وەرگرتـووە و لە سـاڵی ١٣٧٣وە لە سوید نیشتەجێ بووە. لە دوو بواری وەرگێڕان و ڕۆماننووسیندا کاری کردووە.

عەلـی فەتحی خـاوەنی چـوار ڕۆمـانە بە نـاوەکـانی، «ئـازاری خەونەکـان»، «تەسـلیم یـا مەرگ»، «مۆمەکـانی سـپێدە»، «بارەگای حاجی ڕەشید» و پێنج ڕۆمانی لە زمانی یۆنانییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و چوار کتێبی مێژوویی و

کۆمەڵە شێعرێکی یۆنانی وەرگێڕاوەتە زمانی کوردی.

------

* ئەم وتووێژە پێشتر لە ڕۆژنامەی (وشە) دا چاپ و بڵاو بۆتەوە.

لە ژمارە ٧٢٤ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٧ی مای ٢٠١٨

---



سەرچاوە
Serchawe

## مرۆڤ، هزر و بیر و هەست و ئەوین

مرۆڤ چییە کە فەیلسۆفەکان بە دەیان هەزار لاپەڕەیان لەبارەیەوە نووسیوە. جەستەیەکی پێکهاتوو لە گۆشت و ئێسقانە و خاوەن ڕووح و هزر و هەناسەیە. خەڵاتی سروشتە کە کاتێک لە بەرامبەر چیایەک دایدەنێین، وردیلەیەکە. چیاش بەو مەزنییە لە بەراورد لەگەڵ گۆی زەویدا، خڕکە بەردێکە. بیچمی زەوی، ئەویش لە هەمبەر کاکێشانی خۆر و ئەستێرەکان نوختەیەکە. ئێستا با بزانین ئەو مرۆڤە کەوا خاوەن هزر و هەست و هەناسەیە، قەیاسی لەبەرامبەر ئاسمانی ئەستێرەکان چەندەیە؟ دەکرێ بڵێم بەقەرا ئەوان گەورەیە. چونکە دەتوانێ بیر بکاتەوە، هەر هەموویان ورد و درشت بخوێنێتەوە و بیاندۆزێتەوە.

هەر ئەو مرۆڤە کە لە بەرامبەر جیهانی کاکێشاندا بچووک و نادیارە، لەبەر ئەوەی خاوەن هزرە، ساحێبی ئەندێشە و بڕیارە. زەینی ئەو نە لەگەڵ دەشت و دەریاکان قەیاس دەکرێ و نە لەگەڵ جیهانی بێسنوور. لە هەمان کاتدا دەتوانێ قورسایی خۆرەکان، ئەژماری ئەستێرەکان، مەودای کاکێشانەکانیش دیاری بکا و بگرێتە بەر ڕێگاکانی سەخت و دوور. مرۆڤ دڵ و هەستی هەیە. لەو دووەش گرینگتر، خۆزگە و خولیای ئەو بوونەوەرەیە. کاتێک برسی دەبێ، نان دەخوڵقێنێ، وەختێک تینوو دەبێ ئاو هەڵدێنجێ، خاوەنی هەڵسەنگاندنە، لەبەرامبەر ناهەقیدا سەر هەڵدەبڕێ و ساحێبی لێکدانەوەیە. ئەگەر وەکوو زانایەک ڕووناکی دەدۆزێتەوە، ئەگەر وەکوو پزیشکێک ئازارەکان چارەسەر دەکا، هاوتەرییش دەتوانێ لە پێناو ڕزگارکردنی نەک سەدان، بگرە هەزاران ئینسانی دیکەدا گیانی خۆی بەخت بکا. دە فەرموون بەسەرهاتی قارەمانەکان بخوێننەوە. با بزانین ئەوە کام هێزە کە ئەوان هان دەدا هەستی قارەمانەتییان ببزوێ و تا سنووری گیانبەختکردن پێشڕەو بن؟ پارە، مادییات، بەرژەوەندییە سووک و بچووکەکان، یا نەخێر مرۆڤایەتی؟ لە وەڵامی هەمووی ئەو پرسیارانەدا دەبێ بڵێم: ڕووحی نەمرییە و خۆشەویستی.

کورد وەکوو گەلێکی چەوساوە، هەرچەند لە پێشکەوتن و مافداری بێبەش کراوە، بەڵام خاوەنی هەزاران لەو مرۆڤانەیە کە بۆ دابینکردنی مافی ئینسانی بە شێوازی جۆراوجۆر لە شەڕگەیە. ڕۆژئەژمێری کورد بە ڕۆژە خوێناوییەکانی، بە ژمارەی شەهیدەکانی، بەهێزترین بەڵگەیە.

با بڕوانینە ١٧ی خەرمانان. ئەو ڕۆژەی کە قەڵای دێموکرات لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە مووشەکباران دەکرێ و

دەیان شەهید و برینداری لێ دەکەوێتەوە. با بزانین ئەو مرۆڤانەی بە ئاگری ساروخەکان گیانیان لێئەستێندرا کێ بوون؟ بەڵێ ئەوان پۆلێک کۆتری ئاشتی بوون، کە لە پێناو دەستەبەرکردنی ئازادی، ئینسانییەت و حورمەت و کەرامەت بۆ مرۆڤە چەوساوە و هەژارەکاندا تەواوی تەمەنی خۆیان بەخشیبوو. پۆلێک پەرەسلێرکەی دوورکەوتوو لە زێدی خۆیان، ئەو زێدەی کە چاوەڕوانی بەهارێکی خاوەن سەربەستی بوو. ئەوانە ئیرادەیان لە خزمەتی هزر و باوەڕیاندا ئەوەندە بەهێز بوو کە هیچ بەختەوەرییەکی ڕۆژئاوایی نەیتوانی بە ئاگری تاراوگەیی بیانسووتێنێ. ئەگەر نا تاراوگەی ڕۆژئاوا باخچەیەکی بەربەرین بوو بۆ نەسرینەکان، ئاسمانەکەشی ماڵێکی فەرەح بوو بۆ سوهەیلاکان. بەڵام، یەکیان ئاسمانی کوردستانی بە هیچ ئاسمانێک نەگۆڕییەوە و ویستی میوانی سیوەیلەکان بێ، دووهەمیشیان مێرگوزاری ئەوێی نەویست، چونکە ویستی هاوڕێی نەسرین و وەنەوشەکانی زێدی خۆی بێ. بۆیە دیسان دەگەڕێمەوە سەر هێزی باوەڕ. باوەڕی حەسەنپوور و نەسرین، سۆزی سوهەیلای مەنسوور بۆ نیشتمان، ورەی هاشم و هاوڕێ و برایم و ڕەحمان، لەخۆبووردەیی کەریم و مەنسوور و یاسر و فاروق وێڕای مام شێرکۆ و عوسمان، لەگەڵ ئاواتخوازیی موختار و جەماڵی جوانەمەرگی جوان، هەرهەموویان کۆمەڵێک مرۆڤ بوون کە بۆخاتری خۆزگەکانیان هیچ ئەستێرەیەکیان نەکوشت و لە کاکیشانی بێسنووری سەروەریدا بەدوای ئازادیی بستێک خاکدا حەودال بوون. ئەوان خاوەن هزر و ئەندێشە و هەست بوون، بۆیە توانییان ڕاپەڕن. ئەو سەرهەڵدانەی ئەوان دەستیان پێکرد، ئەمڕۆ وەکوو دارستانێکە کە ڕیشەی لە ڕەوەزە سەختەکان تێپەڕیوە و بە ئاوی ژێر خاکی کوردستان پاراو دەبێ. ئەوان ئەگەر سەریان هەڵپەرتێوراوە، ڕەگیان لەنێو دڵی خاکی ڕۆژهەڵاتدا داکوتاوە و چاوەڕوانی بەهاری دوای نەهامەتییەکانن. بەڵێ ئەوانە کۆمەڵێک مرۆڤی خاوەن هزر و ڕووحی نەمری و ئەندێشەکانن. ئەوانە قارەمانانی بیرکردنەوە بوون و هێمای هێز و بڕیارەکانن. ئەوانە ئینسانن.

سێرەتان لە سەرمان گرت
ویستتان باوەڕەکان بکوژن
سێرەتان لە دڵمان گرت
ویستتان هەستەکان بکوژن
نەتانزانی ڕۆژهەڵاتم خۆی
ئەمڕۆ یەکپارچە قەڵایە
سەر و دڵ و هەست و باوەڕیش
هەمووی لە باوەشی ئەو دایە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دیسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## بەبۆنەی تاڵیادی سی ساڵەی شەهیدانی وییەن.

ئەو چەند ڕۆژە بەبۆنەی تاڵیادی سی ساڵەی شەهیدانی وییەن، کۆمەڵێک چالاکی بەرێوەجێمان لە کوردستان و دەرەوە بینی. چالاکییەکان ڕەنگین بوون و هەرکامەیان پەیامی تایبەتی خۆیان پێبوو. ئەو تابلۆیانەی دەخوڵقان، پیرۆزترین هەستی لە ناخی هەر تاکێکی کورددا دەوروژاند.

یەکت دەبینی، ڕێگای دووری دەبڕی و ئاڵا بەدەست خۆی دەگەیاندە شوێنی دیاریکراو بۆ دەنگ هەڵبڕین. ئەوەی‌تر بەرنامەی میتینگی بەڕێوە دەبرد و هەستی دەکرد کە ئەرکە و دەبێ بەجوانترین شێوە بەڕێوەی ببا، بۆوەی ڕوحی شەهیدان لێی‌ڕازیبن. شۆفێر پێیوابوو دەبێ شەونخوونی بچێژێ و بەووەخت هۆگرانی ئازادی بگەیێنێتە گۆڕەپانی هاوار. شاعیر پێیوابوو دەبێ تەواوی هەستی خۆی تێکەڵ بە خامەی پێنووسەکەی بکا و ناسکترین شێعر بۆ خوێنی بەناهەقرژاو بهۆنێتەوە. ئەندامی نهێنی لەو باوەڕدا بوو کە دەبێ دژوارترین و مەترسیدارترین پلانەکان جێبەجێ بکا و لە کۆتاییدا وێنەی چالاکییەکان بەرێبکاتە نێوەندی حیزبەکان. گەنجەکان، ڕوودا پۆشراو، قەناعەتیان ئەوە بوو، لە چیایەکی بەرزی نیشتمانی داگیرکراودا، سی کۆتری پەیامنێر بەرەو ئاسمانی ئەودیوی سنوور بەرێ بکەن و مژدەی وشیاری و لەسەر هەستبوونی کۆمەڵگا بۆ پێشمەرگەکان بنێرن. لەو دیوەش، ڕاست ئەو ڕۆژە سی لاوی تازە پێگەیشتوو، ڕۆبوونە چەکی پاراستن و بە تەواوکردنی یەکەم تاقیکارییەکان، جلکی پیرۆزی پێیشمەرگایەتیان پۆشی.

لە پەراوێزی دیدارەکانی سەر شەقام و گۆڕەپانیش، گەلێک تابلۆی جوانی پڕ لە هەستت دەبینی. پێشمەرگە دێرینەکان، بە بینینی هاوڕێی قەدیمی ڕۆژانی سەختی خەبات شاگەشکە دەبوون و یەکتریان لە باوەش دەکرد و نۆستالژی دایدەگرتن و بۆ تاوێک دەگەڕانەوە سەردەمی چالاکبوون. منداڵەکان، وێڕای دایک و باوکەکان ئاڵا بەدەست، بە قاچی بچووکیان گەورەترین هەنگاوی نیشتمانی‌یان دەناوە. دایکەکان بە جوانترین جلکی کوردی لەسەر شەقامەکانی ئورووپا، ئاڵابەدەست و بەورە بەرەو مەیدانی بەردەم پارلەمانە مەسڵەحەتخوازەکان دەچوون.

**هەرهەمووی بۆ سێ پەیام بوو:**

**ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان،**

**خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە خوێنی شەهیدان،**

**مەحکووم‌کردنی سی ساڵ بێدەنگی نێوەندە بڕیاربەدەستەکانی ئوروپا لەمەر تیرۆر و بەناهەق ڕژانی خوێنی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیان.**

**لەو نێوەدا، هەر لایەو پەیامی خۆی نارد. هەرکەس بە شێوەیەک چالاکی خۆی نواند. بەڵام، ئەوەی پتر لەهەر شتێک کاری لە ڕوح و هەستی من کرد، تابلۆیەک بوو. تابلۆیەکی ئەوەندە سرووشتی کە چاوی مرۆڤی دەکردە کانیاوی فرمێسک. سی کۆتری ڕەنگینی جوان، سی منداڵی ئازادی لەبەردەم پۆرترێتی گەورەی شەهید دوکتور قاسملوو، ڕووبەڕووی دیواری قەڵا وێستابوون. هەرکام لەو کۆترە ڕەنگینانە، کۆترێکی سپی لەنێو دەستدا بوو. بە یەکەم فەرمان سی کۆتری سپی بۆخاتری تاڵیادی سی ساڵەی شەهیدی سەرکردە ئازادکران. کۆتر بەرەو ئاسمان لە شەقەی باڵیاندا، بەڵام کۆترێکی سپی جوان، لە دەلاقەی ڕاستی پۆرترێت دەرکەوت و ئەویش لەسەر لێواری پەنجەرە بچووکەکە پەیامێکی گەیاند: "هەر لێرەم و لێرە دەژیم و هاوڕێی شەهیدی سەرکردەم. ڕۆژ نییە لە گۆڕەپانی بەردەم خۆم شاهیدی ڕووداوێک نەبم. لە دیداری وەفد و هۆگران ڕا بگرە تا جموجۆڵی شەو و ڕۆژی پێشمەرگەکان، لە بۆمباران و موشەکباران ڕا بگرە تا ڕێپۆرتاژ ئامادەکردنی کاناڵەکان. لە کۆتاییدا، لە کایەی منداڵی پێشمەرگەکانەوە بگرە تا ڕێژە و سانی نیزامی پێشمەرگە نوێیەکان،**

**هەرهەمووی دەبینم. ئەوەی لە گشتیان بەلامەوە سرنجڕاکێشترە، سوێندخواردنی پێشمەرگە نوێیەکانە:**

**"ئەگەر پێشەوا قازی موحەممەد و هاوڕێیانی لە سێدارە دران، ئەگەر قاسملوو و شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان ترۆرکران، ئەوەتا هەموو ڕۆژێ کۆمەڵێک منداڵ بە پێشەوایی لەدایکدەبن، حەودالی قاسملوو دەبن و وەکوو شەرەفکەندی دڵ بەو نیشتمانە دەسپێرن."....**

**وەک خۆم دەڵێم: سپاس کۆترە سپی، هیوادارم چ جارێک بزەی پۆرترێتی شەهیدی سەرکردەمان جێنەهێڵێ.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٦ی جوولای ٢٠١٩**



سەرچاوە
Serchawe

## گڕی سەرماوەز و ئاڵای شەکاوە

هەموو ساڵێک لە ٢٦ی مانگی سەرماوەزدا بەرەوپیلی جێژنێک دەچین کە پنچکی لە کانیاوی دوو هەڵکەوتی مێژوویی‌دا داکوتاوە و ئەو دوو هەڵکەوتەش بریتین لە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ڕۆژی پێشمەرگە. سەرەتا حەز دەکەم تاوێ بپرژێمە سەر باسی پێشمەرگە و دواتر کڕنۆش بۆ ئاڵا بەرم.

### پێشمەرگە

ناوێکی دیاریکراوە بۆ چەکداری ڕزگاریخوازی کورد. کەسێکە وەپێش مەرگ دەکەوێ. وەپێش مەرگکەوتن بە باوەڕی من دوو واتا لە خۆدەگرێ. یەکەمیان ئەو کەسەیە کە خاوەن بوێرییەکی بێ‌سنوور و لەڕادەبەدەرە و بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ دەکا و بێ‌ئەوەی لێی‌بترسێ، وەکوو حەریف بانگی گۆڕەپانی ململانێی دەکا و دەخوازێ سامی مەرگ بشکێنێ و بیبەزێنێ و پێی بسەلمێنێ کە لێی ناترسێ. بە واتایەک پاڵەوانی بەزاندنی دێوەزمەی مەرگە.

لەلایەکی تریشەوە ئەگەر پاڵەوانی ململانێی ئەو گۆڕەپانەیە، پێویستە بزانین ئامانجی لە بەزاندنی ئەو دێوەزمەیە چییە؟ بەدڵنیاییەوە دەبێ خواستێکی پیرۆز لەگۆڕێدا بێ کە ئەو مرۆڤە بوێرە گیانی بۆ لە مەترسی دەخا. "شەڕ دژی کۆیلەتی تا قۆناخی ڕزگاری". کەواتە سڕینەوەی چەوسانەوە لەهەر قالبێکدا، ئامانجی پێشمەرگەیە. جا چەوسانەوەی نەتەوایەتی، چینایەتی، ڕەگەزیی یا هەرجۆری‌تر بێ. بە واتایەک، پێشمەرگە لێرەدا بەلاگەردانە، بەلاگێڕەوەیە، پارێزەرە. ئەو خۆی دەکاتە سندووقی سەری مرۆڤەکانی کۆمەڵگە و دەسەر سەریان دەگەڕێ. لە هەمووی گرینگتر، ئەگەر ئازادی داوای خوێن بکا، ئەو خێرا دەبێتە قۆچی قوربانی. کەوابوو فیداییەکە و پیش بە نەهامەتییەکان دەگرێ و دژی زۆرملییەکان دەوەستێتەوە. هەڵبەت لە قامووسی یەک سەدەی داهاتوودا، هەردەم وەکوو ڕزگاریخواز چووەتە نێو دڵی وتار و شێعر و بیرۆکەی خەباتی سیاسی و مافخوازیی کوردانی ڕاپەڕیو.

هەندێ‌جار وشەگەلێک دێنە گۆڕێ کە لە زاتی خۆیاندا نێگاتیڤن، بەڵام لە کردەوەدا بەرەبەرە واتای پۆزێتیڤ دەستەبەر دەکەن. وشەی مەرگ جوان نییە کە ئینسان وەپێشی بکەوێ یا بەدوایدا بڕوا، خۆشترە مرۆڤ لەجیات ئەوەی وەپێش مەرگ بکەوێ، یا لە پێش مەرگ بێ، پێشقەرەوڵیی عەشق و خۆشەویستی بکا. ئەو دیاردەیە هەر لە زمانی کوردیدا

نییە و لە زمانی دیکەشدا باوە. بۆ وێنە لە زمانی یۆنانیدا "ئاندارسیا " واتای ئاژاوەگێڕی دەدا، بەڵام پارتیزانەکانیان یا باشترە بڵێم پێشمەرگە ڕزگاریخوازەکانیان ناوی "ئاندارتیس"یان لەسەر بووە و مانای چریک یا پارتیزانی داوە.

ناوی پێشمەرگە بۆ چەکداری کورد لەجیات سەرباز، عەسکەر، نیزامی، فیدایی، گریلا، پارتیزان، کۆماندۆ، گیانفیدا، جەنگاوەر، چریک، چەکدار، شەڕڤان، وڵاتپارێز، تفەنگچی و میلیشیا و هتد هاتووە؛ لە ئەدەبیاتی کوردیدا بەعام وەکوو کەسی جوامێری کورد کە لە مەرگ ناترسی و بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی هەوڵ دەدا و ڕزگاریخوازە مانا کراوە.

## ئەو ناوە چۆن دیاریکراوە؟

ئەوەی زۆرتر هاتووەتە بەرباس، کۆبوونەوەیەکە لە سەردەمی کۆماردا، کە لەودا جەنابی پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر و زمانزان و ئەدیب بەدوای ناوێکدا دەگەڕێن کە بۆ چەکداری کورد گونجاو بێ. بە هیچ ئاکامێک ناگەن.

ڕاست لەو کاتەدا مام ئەحمەد دەسماڵ کە خەریکی خزمەتکردن دەبێ و چا لەپێش میوانان دادەنێ، دەڵێ:

"لە کۆنەوە بە پیاوی ئازا و بوێریان گوتووە پێشمەرگە، ئێوەش هەر ئەو ناوەی لێبنێن!"

بۆچوونی مام ئەحمەد لەجێی خۆیدا، چونکە بەڵگە و سەرچاوە هەن کە دەردەخەن بەرلە دامەزرانی کۆماری کوردستانیش وشەی پێشمەرگە لە ئەدەبیاتی کوردیدا کەڵکی لێ وەرگیراوە. بۆ وێنە: حوسێن حوزنی موکریانی لە ژمارە ٦ی گۆڤاری زاری کرمانجی ساڵی ١٩٢٦دا ئەو ناوەی هێناوە.

ناوبراو جارێکی تریش ساڵی ١٩٣١ لە هەمان گۆڤاردا، لە ژمارە ١٦دا ئەو ناوەی دووپات کردووەتەوە.

نووسراوەکان بەو شێوەیەن:

١- حوسێن قوڵیخانی هەوشاریی کردە خاتمی ورمێ و سولەیمانخانی نیزامودەولەی بە لەشکرەوە کردە پێشمەرگە.

٢- لە ژمارە ١٦دا دەڵێ: پێشمەرگە لەشکرێکی زلی شکاند و...

هەروەها لە کۆمەڵە بەڵگەیەکی دیکەشدا هاتووە، بۆ وێنە:

٣- لە شۆڕشی ئیلامدا باس دەکرێ: ڕەنۆ (ناوێکە) ساڵی ١٩٢٩ بە شا محەممەدی دەڵێ من پێشمەرگەتانم.

٤- لە دیوانی میسباح ئەلدیوان (ئەدەب) ساڵی ١٩٣٩، لاپەڕەی ١٢٩دا هاتووە: تکامان وایە لاوانی نیشتمان ڕۆژ بە ڕۆژ هەوڵ بدەن... ئێمە خۆمان کرد بە پێشمەرگ.

٥- یا میرزا محەممەدی نووری (عەتریی گڵۆڵانی) پێش کۆمار و ساڵی ١٩٤١ دەڵێ سینگەکەم قەڵغانی تۆیە ئەی وەتەن، پێشمەرگەمە.

## کەی و بۆچی ڕۆژێک بۆ پێشمەرگە دیاری کراوە؟

لە سەردەمی کۆمار و تەنانەت دواتریش، هیچ ڕۆژێکی تایبەت بۆ ئەو ناو و کەسایەتییە لەگۆڕێدا نەبووە. یەکەمجار، بەهاری ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی، حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە پلینۆمی خۆیدا ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی وەک ڕۆژی "پێشمەرگەی کوردستان" دیاری کرد.

دوو ڕووداو بوونەتە هۆکاری دەستنیشانکردنی ئەو ڕۆژە. یەکەم ئەوە کە لەو ڕۆژەدا وەک باس دەکرێ دوایین بنکەی داگیرکەریی ڕەزا شای پەهلەوی، کە دەبێ هەمان بنکەی پۆلیسی شاری مەهاباد بێ، دەستی بەسەردا دەگیرێ. ڕووداوی دووهەم و گەلێک گرینگتر ئەوەیە کە ڕاست لەو ڕۆژەدا ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەسەر بەرزترین بینای ئەو سەردەمی مەهاباد هەڵدەدرێ. بە واتایەک ڕۆژی پێشمەرگە، ڕۆژی ئاڵای کوردستانیشە. دووانەیەکن و پیرۆزایەتیی خۆیان هەیە. پێشمەرگە گیان بۆ شەکاوەی ئاڵا بەخت دەکا و ئاڵاش بوونی کیان و نیشتمانی پێشمەرگە بەیان دەکا.

## ڕێبازی فیکریی پێشمەرگە

هێزە کوردستانییەکان بە چەپ و ڕاستەوە، لە ڕۆژهەڵات و باشوور ئەو ناوەیان بۆ چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی خۆیان هەڵبژاردووە. ئەوان جیا لە باوەڕی حیزبی کە لە قالبی ڕێبازی فکرییاندا خۆی دەنوێنێ، ئەرکی پێشمەرگەیان وەکوو ڕزگاریدەر و پارێزەر پەسند کردووە و تەنیا باسکی بەهێزیانە و پشتیان پێ ئەسپاردووە. ئەگەر هێزەکە لە باری ئیدیۆلۆژییەوە لە بەرەی چەپدا بێ، ئەوە پێشمەرگە بە ڕزگاریدەری چینی کرێکار دەزانێ و لە خەباتی چینایەتیدا ئەرکی

بۆ دیاری دەکا. ئەگەریش هێزێکی نیشتمانی بێ، گرفتی ڕزگاریی خاک و سەروەری نەتەوەیی و دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی بۆ دەکاتە ئامانج. کەوابوو ئامانجی پێشمەرگە بەستراوەتەوە بەو هێزەی تێیدا پەروەردە بووە.

گرتنەبەری ڕێگای تێکۆشان و لەبەرکردنی بەرگی پێشمەرگایەتیی کەسەکان لە باری ڕوحی و کەسایەتییەوە دەگۆڕێ. گەنجی کورد لە کاتی پێشمەرگایەتیدا، ئیتر ئەو لاوەی پێشوو نییە کە تەنیا بیر لە مادییات و ژیانی ڕۆژانە بکاتەوە. ئامانجی ڕزگاری، ئاڵوگۆڕێکی فیکریی وەهای بۆ پێک دێنێ، دەبێ بڵێم بەزەحمەت خۆی دەناسێتەوە. ڕەنگە هەندێ جار لەبەر خۆیەوە بۆی ببێ بە پرسیار، ئاخۆ ئەو هەمان گەنجەکەی پێشوویە، کە ئێستا دەتوانی بەرگەی هەموو دژوارییەکان بگرێ!

## جلوبەرگی پێشمەرگە

وەک لە بەڵگە مێژوویەکان و وێنە کۆنەکاندا دەردەکەوێ، پێشمەرگە خاوەن بەرگێک یا یۆنیفۆرمێکی تایبەت نەبووە. هەرکەسە چی جلکی هەیبووە، لەبەر خۆی کردووە. لەوانەی سەردەمی کۆمار، تەنیا هێزەکانی بارزانی خاوەن جلکێکی تەقریبەن هاوشێوە بوونە، کە ئەویش دەگەڕاوە بۆ کولتووری ئەو ناوچەیەی لێیەوە هاتبوون. واتە ڕانک و چۆغەی تایبەت بە دەڤەری خۆیان، جەمەدانی سوور و پشتێندی گریچن. باقی پێشمەرگەکانی کۆمار، پتر پێچ و کڵاو و ئاغابانوو و شەدەیان لەسەر بووە و کەوا و پانتۆڵی دەڤەری موکریانیان بە ڕەنگ و شێوازی جۆراوجۆر لەبەردا بووە. تا سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولیش ڕەنگ و جلوبەرگی تایبەت و یەکڕەنگ لەگۆڕێدا نەبووە.

لە شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، لە سەرەتاکاندا، شێوازی پۆشینی جلوبەرگی پێشمەرگە، هەر لەسەر ئەو بنەمایە بووە، کە پێشمەرگە چی هەیبووە لەبەر خۆی کردووە. بۆیە بە پرانی کەوا و پانتۆڵی ڕەنگاوڕەنگ، دۆڵاغی درێژ تا سەر ئەژنۆ، پێچی پێرلۆن و ژۆرژێت و ئاغابانووی ڕەش و شین و سەوز و کڵاوی ئارخچن لە سەرەتادا و دواتر کڵاوی قووتی ڕەنگین و دەستچن کە ئەغڵەب وشەی پێشمەرگە، کوردستان یا ناوی شەهیدانی لەسەر دەنووسرا، لەنێو پێشمەرگەدا باوبووە. ئەگەر بڵێم شێوازی پۆشینی جلوبەرگی پێشمەرگانە لە هەشتاکاندا دەرخەری باری فکریی کەسەکە بووە و پێناسەی ڕێکخراوەکەی کردووە، ڕەنگە هەڵەم نەکردبێ. بە شەدەی ڕەشی سەری کەسەکە، خەیاڵ بەرەو دەڤەری هەورامان دەچوو. بە ئاغابانووی تەواو ڕەشی بێخەت و کڵاوی قووت و شێوازی قسەکردن پیاو دەیزانی ئەو پێشمەرگەیە سەر بە ڕێکخراوێکی چەپە. بە پانتۆڵی نێفەک شۆڕ دەر دەکەوت باشوورییە. پانتۆڵی لوولەتفەنگی پێمانی دەگوت پێشمەرگەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. دواتر، لە نێوەڕاستی هەشتاکانی زایینیدا، لەنێو پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکراتدا یەکڕەنگی بەدی دەکرێ.



سەرچاوە
Serchawe

کەوا و پانتۆڵی ڕەنگ خاکی و یەک مۆدێل، پشتێندی درێژ کە تا سەر سینگ دەهات، ئاغابانووی ڕەش و کڵاوی دەستچنی قووت و پێڵاوی ئادیداس. لەسەر ڕەخت و فیشەکدان وێنەی شەهیدان و ئارمی حیزب بەرچاو بووە و دۆڵاغەکانیش زۆرتر تا بستێک خواروی ئەژنۆ دەهاتن. ئەو شێوازی جلکپۆشینە دەکرێ بڵێین نەختێکیش خۆی لە ڕوحییەتی مۆددا دەدیتەوە، ئاخر زۆربەی فەرماندە هێزەکان کاپشێن (قەمسەلەی) ڕەنگ سەوزی خەلەبانییان دەبەر خۆیان دەکرد. دەمانچەکانی کەلەکێ، لەجیات پورسەعید و شاکۆڕ و بڕنۆی سەردەمی کۆمار، ببوون بە کۆڵت و نێرگان و چواردەخۆری بێلژیکی.

دواتر، باشووری کوردستان نیوە سەربەخۆ دەبێ و هێزی پێشمەرگەکەی دەبێتە خاوەن یۆنیفۆرمی سەربازی بە ئاڵای سێڕەنگی کوردستان لەسەر قۆڵی و پلەی بەرپرسیارییەتی لەسەر شانی.

## چەکی پێشمەرگە

پێشمەرگە هەر هاوشێوەی ئەو چەکانەی پێ بووە کە بەر لە دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شۆڕشەکانی باشوور و باکوور کەڵکیان لێ وەرگیراوە. دەوڵەتانی خاوەن چەک و حازر لە ناوچەکە، پتر ئاڵمان و ئینگلیس و فەڕانسە بوون. هەر بۆیەش پتر چەکی ئەو وڵاتانە لە بازاڕەکاندا ئاڵوێریان پێ کراوە. لە وێنەکاندا دەر دەکەوێ بڕنۆ (قوڵە / وەسەت/ درێژ)، ڕەشاشی بڕنۆ، تفەنگی ئاڵمانی، تفەنگی ئینگلیزی، ئینگلیزیی قووت، ماوزێر، سێتیر، جانبێزار، ئێم یەک و گوێورچ و زۆر جۆریتر.

دابینکردنی چەک هەردەم خاوەن یەک ڕێسا بووە. سەرەتا لە بازاڕ پێویست بووە بیکڕی و پاشان بەو چەکانە، بنکەکانی دوژمن بدەیە بەر پەلامار و چەکەکانیان وەدەست خەی و پێشمەرگەی پێ تەیار کەی. با ئەوەش فەرامۆش نەکەین کە گەشەسەندنی شۆڕش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەژمار و جۆری چەکەکان هەیە. دۆخی ناوچە و جێگۆڕکێی هێزەکان و باری دارایی شۆڕش و پشتیوانی دەرەکی جۆری چەکی دەستی پێشمەرگە دیاریدەکەن.

## ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگە

ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگە بەسەر یەکەوە، دەتوانێ خاوەن واتا و پەیامی تایبەت بە خۆی هەبێ. پێشتر گوتمان دووانەن و پیرۆزایەتی بە یەکتر دەبەخشن. ئەوە کە خەڵکێکی پێشمەرگە و پێشمەرگەپەروەر بە دەستی خۆیان ئاڵای کوردستان لە چوارچرای مەهاباد لەسەر بەرزترین بینا هەڵدەدەن، دەمخاتەوە بیری ئەو شێعرە پڕواتایەی شاعیری یونانی، تاسۆس لیڤادیتیس.

**ناوبرا لە باسی ئاڵادا دەڵێ:**

**"ئاڵا"**

**شەو دادەنیشتین و**

**لەسەر کراسی خوێناویی شەهیدان،**

**تابلۆی بەختەوەریی داهاتووی جیهانمان دەکێشایەوە،**

**ئا بەو چەشنە ئاڵاکان لەدایک بوون.**

کەوابوو ئاڵای ئێمەش مافی خۆیەتی دوای ئەو گشتە خوێنە خاوەن پیرۆزایەتی بێ. ئاڵای کۆماری کوردستان و ئاڵای ئێستای کوردستان دوو بنەمای هاوبەشیان هەیە و پاراستوویانە. ڕەنگەکان کە سوور و سپی و سەوزن، لەگەڵ خۆری درەوشاوە. لە زۆربەی وڵاتانی سەربەخۆ، ئەگەر سەیری ڕەوتی مێژوویی ئاڵاکانیان بکەین، دەبینین چۆن ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە، لە هەمان کاتیشدا چەند ڕەنگ و نەخش لەواندا وەکوو سیمبول پارێزراون. با ئەوەش بڵێین کە بەدرێژایی زەمەن، پتر و پتر سادە کراونەوە. ئاڵای کوردستان سادەیە. جێی خۆی لەنێو دڵی خەڵکی کورددا کردووەتەوە و تەنانەت لە دەرەوەش بە فەرمی ناسراوە. ئەگەر لە باشوور دیزاینی دووبارە کراوە و پارلەمانی ئەوێ دەنگی پێداوە، ئەمڕۆ دەبینین کە توانیویەتی بچێتە نێو زۆر کۆشک و تەلاری سەرکردەی وڵاتان یا لەسەر شانی وەرزشکار و خوێندەواری تاراوگە بێ و، ڕێپێوان و بۆنەکانیش بڕازێنێتەوە. لەوەش گرینگتر، ئیتر منداڵانی کورد لە تاراوگە چیتر هەست بە بێئاڵایی ناکەن و لە هەموو نێوەندە پەروەردەییەکان بەدەستی بچکۆلانەی زارۆکی کورد دەنەخشێندرێ و پاشان وێڕای ئاڵای وڵاتانیتر دەچێتە سەر دیواری ژوورەکانیان.

ئەرکی ئێمە لەو نێوەدا، پاراستنی ئەو دەسکەوتەیە و پێویستە بە مەبەستی یەکگرتن لە دەوری ئەو کۆببینەوە. هەروەها ئەو دوو چرکەساتە مێژوویەش نابێ فەرامۆش بکەین، ئەوە کە ئاڵا لە چوارچرای مەهاباد بەبۆنەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان لە سەردەمی کۆماردا هەڵدەدرێ، دووهەمیشیان بەزاندنی داعشە داگیرکەرەکان و فڕێدانی ئاڵای ڕەشیان و دووبارە چەقاندنەوەی ئاڵای کوردستانە. هەر ڕاست لەو کاتەدا دیتمان پێشمەرگەی کورد چۆن دەکەوتە بەر دەستڕێژی قەناسهاوێژی داعش و لەژێر ئەو ئاڵایەدا شەهید دەبوو و بە خوێنی خۆی پیرۆزیی بەو سیمبولە نەتەوەییە دەبەخشی.

### ئەرک و سیمای پێشمەرگە

ئەرک و سیمای پێشمەرگە دوایین بەشی ئەو باسەیە و دەبێ بڵێم پێشمەرگە قارەمانێکە و لە کێبەرکێ و ملمالانێدا ئاڵای

کوردستانی بەدەستەوەیە و بەرەو لووتکە هەنگاو دەنێ. ئەوە لەبەر ئەوەی ڕاسپاردە و سەفیری پەیامی شۆڕشێکە و دەبێ هاوکات، هەم ڕزگاریخواز و هەمیش پارێزەر بێ. هاوتەریب لەگەڵ ئەوەش کادرێک بێ بۆ ناساندنی ئایدیای خۆی و ڕێکخراوەکەی لەنێو کۆمەڵگەدا. ئەو پێویستە تۆوی هومێد، بوێری، دیسیپلین، کۆمەڵایەتیبوون و متمانە بچێنێ. پێشمەرگە گەشتیارێکی سیاسی و شەڕکەرێکی بوێرە. لەنێو خەڵکیشدا "تەنیا میوانی ناوەخت و خۆشەویستە". شەو و نیوەشەو لە درگای خەڵکی داوە و بەڕێزەوە بەخێرهاتن کراوە.

**کۆتا قسە دەڵێم: بەختەوەرین کە خاوەنی پێشمەرگە و ئاڵاین.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠٢٠

# ئەدەبییاتی کۆمار



هەن و کەم نین ئەو نەتەوانەی بەرلە گەیشتن بە سەربەستی، جیا لە هێزی چەک، نووکی پێنووسی نوخبەکانیان خوڵقێنەری کیانی سەربەخۆ بووە لەنێو دڵ و زەینی مرۆڤەکاندا. ئۆمیرۆس، شاعیر و چیرۆکنووسی یۆنانی دەبوایە لە سەدەی نۆی پێش زاییندا ئیلیاد و ئۆدیسە بنووسێ بۆوەی نەتەوەیەکی یەکدەست لە زەینی یونانییەکاندا بخوڵقێنێ و هەستی نەتەوەپەروەری لە ناخیاندا بوروژێنێ. مۆنتسکیۆی بیرمەندی فەڕانسەوی پێویست بوو لە سەردەمی ڕۆشنگەریی پێش شۆڕشی فەڕانسەدا بێتە مەیدان و هاواری دیمۆکراسی‌خوازی بکا و دژی حکوومەتە زۆردارەکان بوەستێتەوە و مەشرووتەکردنی دەسەڵاتی پاشاکان بکاتە پێشنیاز. ژان- ژاک ڕۆسۆ ئەرکی سەرشانی بووە چەشنی فەیلەسوف و نووسەر لە فەڕانسەی سەدەی هەژدەدا هەنگاو بنێتە پێشەوە و ئەندێشەکانی خۆی لە بواری سیاسی و ئەدەبییەوە کە توندتر لە خواستەکانی ڕۆسۆ بوونە بێنێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و ڕێگا بۆ شۆڕشی فەڕانسە خۆش بکا. ئەو پێی‌وابوو:

"دەستبەرداربوونی مرۆڤ لە ئازادی، واتای ژێرپێنانی خوو و خدەی ئینسانی و مافی مرۆییە". دواتر دیتمان ڕەوتی پێشڤەچوونی ئاڵوگۆڕە فکرییەکان لە کۆمەڵگەی فەڕانسەدا چۆن ناپلیۆنی ئامادە کرد لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا سپای فەڕانسە دژی ئورووپییەکان دەرێ‌خا و سەروەرییەک بۆ فەڕانسەوییەکان بگەڕێنێتەوە. ئاخر ناسیۆنالیزمی مۆدێڕن لە وڵاتی ئەودا لەدایک ببوو و ئەویش لەسەری بوو هەوڵی دەوڵەت نەتەوەیەکی خاوەن سنووری دیاریکراو و سەقامگیر بدا. ئەو ناپلیۆنە کێ بوو جیا لە سەربازێک کە دوایین ساڵانی خوێندنی لەژێر دەستی زانا و فەیلەسوفێکی وەکوو پێر سیمۆن لاپلاسدا تەواو کردبوو. ئەو زانایەی کەم‌وزۆر وەکوو ڕۆسۆ بیری دەکردەوە، هەڵبەت نەختێ نەرمتر و مۆدێڕنتر و سازگار لەگەڵ کەشی سەردەم. سەدەی نۆزدە وەکوو سەردەمی گەشەی فکریی دەوڵەت نەتەوە ناسراوە. چونکە لەو فەترە زەمەنیەدا،

"جێفرسۆن" و "بین" ناسیۆنالیزمی ئامریکا بنیات دەنێن و لە ئینگلیس "جێرێمی بنتام" و "گلاوستۆن" دەبنە پێشقەرەوڵی ئەو ڕەوتە فکرییە. لە ئیتالیا "گاریبالدی" و "مازینی" گەورە تیئۆریسیەنەکانی ئەو قوتابخانەیە لەنێو خەڵکدا دەناسرێن. ویکتۆر هۆگۆی شاعیر و نووسەری فەڕانسەوی ئاڵای دژی ناعەدالەتییەکان بەرز دەکاتەوە و بە نووسینی ڕۆمانی "بێئەنواکان" شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی- ئەدەبی ساز دەکا و لەولاتری فەڕانسەش، بیسمارکی ئاڵمانی وەخۆ دەکەوێ، هەڵبەت بە ئامانجی وەسەر یەکخستنەوەی ئاڵمانییەکان. ئەویش سەرەتا خۆی بە تیئۆرییەکانی ئینقلابی فەڕانسە تەیاردەکا و پاشان دەیانکا بە هەوێنی ڕاپەڕینێک بۆ بنیاتنانی نیشتمانێکی بەهێزی یەکپارچە بە یارمەتیی وەسەریەک خستنەوەی هەرێمە ئاڵمانییەکان. شەڕەکانی یەکگرتنەوەی ئیتالیا، یەکگرتنەوەی ئاڵمان، شەڕەکانی باڵکان بۆ سەربەخۆیی وڵاتانی هەڵکەوتوو لەو دەڤەرە و شەڕی یەکەمی جیهانی لە ڕاستیدا هەموویان بۆ ئەو مەبەستە بوون. کوردیش بە نۆرەی خۆی لە سەردەمێکدا هەستی بەو زەروورەتە کردووە کە ناسراوە بە "کوردایەتی" و کەسایەتیی خۆیشی هەبووە دەنگ هەڵبڕێ.

**ئەحمەدی خانی سەدەی حەڤدەی زایینی بە ئاشکرا لە "مەم و زین"دا کە ڕۆمانێکی دڵدارانەیە، هاوار دەکا:**

**"گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک**
**ڤێگرا بکرا مە ئینقیادەک**

**ڕوم و عەرەب و عەجەم تەمامی**
**هەمیا ژ مە را دکر غولامی**

**تەکمیل دکر مە دین و دەولەت**
**تحصیل دکر مە عیلم و حیکمەت"**

ئەدەبیات لە ئورووپا تا کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە پتر خاوەن سەبک و شێوازی ڕۆمانتیک و خەیاڵی بووە و بە واتایەک نووسین تەنیا بۆ خاتری نووسین کەڵکی لێوەرگیراوە. لە سەدەی نۆزدەدا ئەو ئەدەبیاتە ڕوخسار دەگۆڕێ و لە قالبی ئیدیالیستی و خەیاڵی خۆی دێتەدەر و ڕێبازێکی ڕێئاڵی و واقیعگەرایانە دەگرێتە بەر. قەڵەم دەکەوێتە خزمەت نووسینێکی ئامانجدار و ئەوجار جەوهەری ئازادیخوازی و سەربەستیی دەڕژێتە سەر لاپەڕەکانی کتێب. هەناوی وتار و شێعر و پەخشان و چیرۆک لەجیات ئەوەی بە بابەتی ئەفسانەیی و دڵدارانە پڕ بکرێتەوە، دەبێتە کانگایەک بۆ هەستکردن بە ئازار و چەوسانەوەی مرۆڤ. دۆزینەوەی چارەسەر بە مەبەستی دیاریکردنی چارەنووس و گرتنەبەری ڕێگای ڕاپەڕین و چۆنیەتیی خۆڕاگرییش دەبێتە ئامانج.

لە سەدەی بیستدا کە ئەو هەستە بەهێزە ڕیئالییە دەگاتە لووتکە و زۆربەی گەلانی چەوساوە خۆیان ڕزگار دەکەن، بەتایبەت گەلانی بالکانی ژێردەستی عوسمانییەکان، کوردیش لە نیزیکەوە بە ڕەوتی ئەو ئاڵوگۆڕانە دەزانێ و وەخۆ دەکەوێ. هەر لەبەر ئەو گۆڕان و گەشە ئەدەبییە دەبینین بەر لە دامەزرانی کۆمار لە خۆرهەڵاتی کوردستان، ڕووناکبیران کورد چۆن چاوی واقعبینییان گەشتر لە پێشوو ڕاستییەکان دەبینێ و وەسفی ئازار و مەینەتیی گەلەکەیان دەکەن.

ئەگەر بە ئینسافەوە بدوێین، نوخبەی کورد لە کاروانی نووسین وەپاش نەکەوتووە و کێشەی سەرنەکەوتنی هەوڵەکان لە بێهەڵوێستیی ئەوان نەبووە و دەبێ لە گۆشەنیگایەکیترەوە سەیری شکستەکان بکرێ. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا دەرفەتێک ڕەخساوە، لەجێوە کەڵکی لێوەرگیراوە. بۆ وێنە، ساڵی ١٩١٣ واتە بەرلە شەڕی یەکەمی جیهانی، ڕۆژنامەی کوردی لە شاری خۆیە بە هیممەتی عەبدولڕەزاق بەدرخان دەرچووە. ساڵی ١٩٢٢ واتە نۆ ساڵ دوای بەدرخان، ڕۆژنامەیتر بەناوی "کورد" وەک زمانحاڵی سمایلئاغای سمکۆ بە هەوڵ و تێکۆشانی مەلا موحەممەدی تورجانی لە چاپخانەی "غیرەت" لە شاری ورمێ چاپ و بڵاو بووەتەوە. بەداخەوە، دوای شۆڕشی سمکۆ لە ڕۆژهەڵات بێدەنگییەکی بیست ساڵە لەو مەڵبەندە جێ خۆش دەکا و ئەگەر نووسینێکیش لەئارادا بێ، ئەوە پتر هی باشووری کوردستانە، چونکە ئەوێ وەخۆ کەوتبوو. دوای ئەو ماوەیە و ڕاست لە وەختێکدا کە تەنیا یەکدوو ساڵ بەسەر شەڕی دووهەمی جیهانیدا تێپەڕیوە، ڕووناکبیرانی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان دیسان دێنەوە مەیدان و هێزی نووسینیان وەبەر دێتەوە. ساڵی ١٩٤٣ یەکەم گۆڤار بە ناوی "نیشتمان" چاپ و بڵاو دەکەنەوە. جیاوازییەکی مەزن لەو جووڵە ئەدەبییەی ئەوجارەدا هەست پێ دەکرێ. ڕۆژنامەکە دەبێتە زمانحاڵی کۆمەڵەی ژێکاف و ئەوەش پێمان دەڵێ کە نوخبە و ڕووناکبیری کورد هەست بە پێویستبوونی ڕێکخراوێکی نیشتمانیی چالاک دەکا کە لەودا بە باوەڕەوە بتوانێ هەوڵ بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەی بدا. ئەوەی لەو دەستپێکەدا سەرنجڕاکێشە، ڕەچاوکردنی سەبکێکی ئەدەبی ڕیئالیستی هاندەرە. "ئەدەبی بەرگری" پتر و پتر جێ خۆش دەکا و گەشە دەستێنێ. هەڵبەت ئەو شێوازە ئەدەبییە لە زۆر شوێنی دیکەش بەرلە کوردستان تاقی کرابۆوە و دەستکەوتی باشی لێکەوتبۆوە. تورکە نوێخوازەکان خۆیان دژی سیستەمی پاشایەتیی عوسمانی ئەو ڕێبازەیان گرتەبەر. یونانییەکان بە هەمان شێوە جووڵانەوە و ئەگەر سەیری ئەدەبیاتی ئەو سەردەمیان بکەین، تەنیا وێژەگەلی چەشنی "ئازادی"، "مافی چارەنووس"، "دارمانی فیئۆدالیزم"، "کۆتایی کۆیلەتی و ژێردەستەیی" و زۆر وێژەیتری لەو بابەتە دەبینین. دیارە با ئەوەش فەرامۆش نەکەین کە ئێمە باس لە دوای ١٩١٧ دەکەین و سیستەمی تێزاری لە ڕووسیە ڕووخاوە و شۆڕشی ئۆکتۆبر سەرکەوتووە و شنەبای ئازادی دەهەموو کەلێن و قوژبنێک گەڕاوە. وەک یانیس ڕیچۆس، شاعیری یونانی کە ئەو سەردەمە پارتیزان بووە و لە بەرەکانی ڕزگاریخوازیی یونان‌دا تێکۆشاوە،

**لە قەسیدەیەکدا سەبارەت بە بای ئازادی دەڵێ:**

"گوێ بگرن لەو بایە،
لە دارستانەوە هەڵی کردووە
سەردەمێکە لە شارەکانی ئایندە تیژڕۆیە
بایەکی فرە بەشکۆیە
هیوابەخشە، سەرەڕۆیە
ئاخ.... چەندە زەنتۆڵە ئەو بایە!"
ئەو بایە هەموو دیوارەکان دەڕوخێنێ
بناخەی دیواری نێوان دڵ و گیانی مرۆڤەکان دەردێنێ و
شوورەی بەرزی نێوان من و تۆش دەڕمێنێ.
ئێستا خەریکە،
پەنجەرەی خۆر و ڕووناکی
بە ڕووی جیهانا وەسەرپشت بنێ،
بۆیە
گوێ بگرن لەگڤەی ئەو بایە
چوونکە هەڵی کردووە و ناوێستێ تا دەگاتە
سەرسنوورەکانی هەمووی ئەو دنیایە."

ئەگەر وەک دەستپێکی جووڵەیەکی کارا لەمەر خوڵقاندنی ئاڵوگۆڕ لە هەڵوێستە سیاسییەکاندا، سەیری گۆڤاری "نیشتمان" بکەین، دەبینین کە کاریگەریی زۆری لەسەر ڕەوتی گۆڕانکارییەکان داناوە، لە هەمان کاتدا شۆڕشێکی ئەدەبیشی دەست پێ کردووە. لەوێدا هەستی شۆڕش و ڕاپەڕین و بەرگری لە زمان هێمن، هێدی، سەید کامیل ئیمامی، خاڵە مین، حەقیقی، وردی، مەلا مارف کۆکەیی، عەتریی گلۆڵانی، فانی، محەممەد مەجدی، موفتی، زیوەر، گیوی موکریانی، قانع، هەژار و سەیفولقوزات و ژمارەیەک خاتوونی خامە ڕەنگین و تەنانەت منداڵانی کەم تەمەنیشەوە بەیان دەکرێ.

**ئەوە هەڵوێستی منداڵێکی چواردە پازدەساڵانەیە کە لە "نیشتمان"ی ژمارە دوودا دەڵێ:**

"تاکەی ئەی لاوەکانی کوردستان
وا بە دیلی ببین لە ژێر دەستان

ئێمە هەروا بنووین لە گوێی گادا
میللەتی دی هەموو لە خەو هەستان"

تەنانەت هەستی یەکسانیخوازی ئەوەندە بەرز دەبێتەوە کە جێی خۆی دەدا بە شایستەسالاری. لە ژمارەکانی ٧ و ٨ و ٩ی ئەو گۆڤارەدا چاومان بە وێنەی دوو کیژی پێشمەرگە دەکەوێ کە بەدڵنیاییەوە بۆ هاندانی کچان و ژنان بۆ نێو ڕیزەکانی شۆڕش لەژێری نووسراوە:

"کوانێ لە گیتیا وەکوو ئەو دوو کچە کوڕێک
بۆ نیشتمان لە داری سیاسەت نیشانە بێ
ئەو دوو نەمامە بوون بە فیدای نیشتمانی کورد
ئەی خۆزگە بەو کوڕەی وەکوو ئەو دوو کچانە بێ"

"نیشتمان" چاوی بەسەر هەڵسوکەوتی ئاغا و شێخەکانیشەوە بووە و خێروبێریان هەڵدەسەنگێنێ:

"قازانجی شێخەکانمان"
هەتا شێخی لە کوردستان بمێنێ
ئومێدی زیندەگانیت پێ نەمێنێ

کۆمەڵەی ژ.ک چاو دەگێڕێ و هەموو چین و توێژەکان دەبینێ. لە "نیشتمان"ی زمانحاڵی خۆیدا بە گوتەیەکی حاجی قادری کۆیی ئامۆژگاریی لاوەکان دەکا:

"تەنبەڵی کاری حیز و بێ خێرە
دەستی ماندو لەسەر زگی تێرە"

ئەو "نیشتمانە" هەر بەوەندە ناوەستێ و ئەگەر باس لە ساحێب قەڵەم و زانایەکی ڕۆژهەڵاتی بکا، دیسان باشووری نیشتمان دەکاتە سوێگە و لەوێ کەسایەتییەکی ئەدەبی بۆ هەڵسەنگاندن هەڵدەبژێرێ. لە وەسفی "حەسەن سەیفولقوزاتی" پیرەپیاوی نیشتمانپەروەری موکوریاندا دەڵێ، ئەگەر ناوی پیرەمێردی سولەیمانیەتان بیستووە،

پیرەمێردی سابڵاغیش بناسن، چونکە ئەو پیرەمێردەی ئێمەش وەها دەدوێ:

"کوردینە تابەکەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو
بێین و بچین و بۆمە نەبێ قەت خودان و خێو

هەر میللەتێ لە لاوە حەقی خۆی بەدەستەوە
کوردێک ئەگەر سەر هەڵێنێ دەڵێن بۆتە سەر بزێو

ئازادی، سەربەخۆیی و میریی و گەورەیی
داوا دەکەین بە زار و زمان و ددان و لێو"

لە بەردەوامیی ئەو ڕەوتەدا ڕۆژنامەکانی "هاواری کورد"، گۆڤاری "کوردستان"، "هەڵاڵە"، "ئاوات"، "هاواری نیشتمان" و ڕۆژنامەی "کوردستان" بڵاو دەبنەوە. بابەت و نێوەڕۆکی هەر هەمووی ئەو گۆڤارانە لەڕاستای "کوردایەتی"دا نووسراون و لە چوارچێوەی "ئەدەبی بەرگری"دا دەرەوشاونەوە. زۆرتر چەوسانەوە، بێدەوڵەتی و ژێردەستەیی نەتەوەی کورد لەواندا زەقکراوەتەوە و بەردەوامیش ڕێگاچارە پێشنیازکراوە و ڕاپەڕین و خۆڕاگری ڕەنگی داوەتەوە. لە بەشی هەرە زۆری وتار و شێعر و نووسراوەکاندا، گرینگی تایبەت بە هێما و ڕەمزە نەتەوەییەکان دراوە و ئاڵا و پێشەوا و پێشمەرگە پیرۆز کراون و دامودەزگای حکوومی و ئیدارییەکان ڕێزیان لێگیراوە و سوێند بە خاک و خوێنی شەهید دەخورێ و زەوی و ئاسمانی نیشتمانی کوردان ڕۆحی خۆشەویستییان پێدەبەخشرێ. ئەدەبییاتێکی پڕ لە ڕێز و حورمەت جێی خۆی دەکاتەوە، هاندەرە بۆ خۆبەختکردن لە پێناو نیشتماندا و بوێری لە بەرەی بەرخۆدان دەکاتە ئەخلاق و لە هەمان کاتدا ڕێزگرتن لە نەتەوەکانی دیکە دەبێتە ئەرک. مەبەستی تەواوی نووسەران ئەوە بووە کە چەند پێویستییەک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ کوردی بێکیان حەوجەیە: وەکوو سەرکردەیەکی کاریزماتیکی بە وەرە و لێزان و خۆشەویستی خەڵک، سپایەکی نیشتمانی بەئەخلاق، زمانێکی یەکگرتوو و دەوڵەتێکی بەدەر لە گەندەڵی و ئالایەکی پیرۆز و سروودێکی پڕواتا و خاکێک کە شایانی ئەوە بێ ڕۆڵەکانی نیشتمان لەپێناویدا گیانی خۆی بۆ بەخت کەن. بەردەوامیش دەگوترێ شەڕ بۆ میللەتێکی خۆسەپێنی بێگانە مایەی نەفرەتە و خزمەتی بێگانە دژی وڵاتی خۆت خەیانەت.

ئەوە نییە خاڵەمینی شاعیر بە دوو بەیتە شێعر لەجێوە بۆچوونی خۆی بە ئاشکرا دەردەبڕێ:

"دوو کەسن دەردی ئێمە دەرمان کەن
پیاوی زۆرزان و سواری دەس بە جڵەو"

یونس ڕەئوفی شاعیریش ناسراو بە "دڵدار" کە ساڵی ١٩٤٠ لە زیندان بووە شێعری "ئەی ڕەقیب"ی هۆنیوەتەوە و ئەویش مەبەستی خۆی دەپێکێ،

چونکە ئەو شێعرە دەبێتە سروودی نیشتمانیی کۆماری کوردستان:

"ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان
نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان

کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان"

کۆمەڵەی "ژێکاف" جێی خۆی بە "حیزبی دیمۆکراتی کوردستان" دەسپێرێ. پێشەوا قازی محەممەد دەبێتە سواری دەست بەجڵەو و وەکوو سەرکۆماری کوردستان جێی خۆی لەنێو دڵی هەزارانی کوردستاندا دەکاتەوە. ئاڵا هەڵدەدرێ و پەسندی شار و لادێی دەبێ و سوێندی پێدەخورێ. حکوومەتی کوردی دادەمەزرێ و خاوەن دامودەزگای ئیداری خۆی دەبێ و زمانی کوردی ڕەسمییەتی پێدەدرێ و میللەت چاوی هومێدی تێدەبڕێ. قوتابیان سروودی "ئەی ڕەقیب" دەکەنە جوانترین مۆسیقای بەرگری و پێشمەرگە خۆی بۆ فیدا دەکا. بەڕاست کام نووسەر و ئەدیب دەتوانی لە هەمبەر ئەو گشتە جوانی و پیرۆزییە خۆڕاگرێ و زمانی شێعر و پەخشانی وەگۆ نەیە!

هەر هەموو هۆگران بۆ پێشەوای کوردان دەنووسن و "قانع"یش لە هەڵبەستی "پێشەوای زانای کورد"دا ڕوحی وەبەر دەنێ:

"سەد شوکر وا من نەمردم تا کە دیم ئاڵای کورد
کەوتە بەرچاوم بە بەرزی سوڕەت و سیمای کورد

باز بوو، دوورابوو دیدەی نەرگسی شەهلای کورد
مژدە بێ ئەمڕۆ کە بەربوو چاوی پڕ بینایی کورد
هەر بژی ئاڵای کورد و پێشەوای زانای کورد'

بەدڵنیاییەوە "هەژار"یش جیهان تێدەگەیەنێ و هەستی خۆی بۆ ڕەئیس جەمهوری خۆشەویست دەردەبڕێ:

"هەموو تێگەیوەکان زۆر باش دەزانن
کە کورد ئازاتری خەڵکی جیهانن
ڕەئیس جەمهوری مەحبوب و عەزیزمان
جەنابی پێشەوای بەرز و بەرێزمان
بە ڕوحم و عەقڵ و عەدل و نوکتەزانی

نییە بۆ ئەو لەسەر ئەم هەردە سانی"

خاتوونە نیشتمانپەروەرەکانیش شانبەشانی پیاوە ئەدیبەکان سۆزی خۆیان دەردەبڕن و وەک چۆن "سەدیقەی غەرقی" لە سەقزەوە دەڵێ:

"ئەی وەتەن قوربانی تۆ بێ رووحی شیرینی ئەمن
خاکی تۆ جێگەی ئومێد و باعسی ژینی ئەمن"

لە "کوردستان"ی ژمارە ۲۸یشدا خاتوونێک بە ناوی "خانمێ" شانازی بە دەستکەوتەکان دەکا:

"لە ترۆپکی کێوی بەخت و ئیقباڵی کوردەواری
ئەستێرەیەکی پڕ شۆق داویتێ وا دیاری"

ڕووداوەکانی ڕۆژانە کاریگەریی خۆیان لەسەر هەست و سۆزی خەڵک بە گشتی و نووسەران بەتایبەتی داناوە. وەختێک "خەلیل خۆشەوی" پێشمەرگەی قارەمانی بارزانی شەهید دەبێ،

"هێمن" ماتەم دایدەگرێ و بە پارچە هۆنراوەیەک لە دەفتەری شەهیدانی کۆماردا ناوی تۆماردەکا:

"گوڵ چ گوڵ هەموو تێر ئاو و بژوێن
گوڵ چ گوڵ هەمووی وەکوو پتی خوێن

دیتم نووسراوە لە پەلکێکی وی
بە خەتی خوێنیین نێوی (خۆشەوی)"

بۆ مەرگی فەرماندەی شەهید "موحەممەد نانەوازادە"ش بێخەم دانانیشێ و شینگێڕی بۆ دەکا:

"گەردوون ئاگرت بکەوێتە ماڵ
گڕ گڕ بسووتێ بێتە کۆی زوخاڵ

بڕژێ بەسەرتا کۆستی بێوادە

هەر وەکوو مەرگی نانەوازادە"

وەختێک وەکوو خوێنەرێک لاپەڕە نووسراوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان هەڵدەدەینەوە و دوای ٧٥ ساڵ لێیان ورد دەبینەوە، تووشی دیاردەیەکی نامۆش دەبین. ئەو سەردەم نوخبەکانی شار چالاکترین نەخشیان گێڕاوە بۆ گەشەی "کوردایەتی" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەدەبییاتی بەرگری دەگاتە لووتکە. مەخابن، وەختێک نیزیک بە ٤٠ ساڵ تێپەڕدەبێ و ئەزموونی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ی هەتاویش دێتە سەر ئەو خەرمانە ئەدەبی و کردەییە، ڕاپەڕینێک بەمەبەستی ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی ئێران دەست پێ دەکا، بەشێک لە نوخبەی کوردی ڕۆژهەڵات ئامادەیە خزمەتی هەرچی هێز و ڕێکخراوی ئێرانی هەیە بکا، بەڵام هەوڵدان بۆ ئارمانجەکانی کۆماری جوانەمەرگ بە ئەرکی خۆی نازانێ. خۆ دیتمان گەنجی کورد لە شارەکان چۆن وێڕای باقی ئێرانییەکان هەوڵی بۆ ڕووخانی نیزامی پاشایەتی دا، بەڵام بەداخەوە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی سەرتاسەری ئێران ئەو گەنجە یا هەروا لەگەڵ هێزە ئێرانییەکە مایەوە یا وازی لە خەبات هێنا و شۆڕشی چەکداریی بۆ لاوانی لادێ جێهێشت. هەڵبەت حاشای لێ ناکرێ کە کۆماری کوردستان وەکوو سیستەمی حوکمڕانی، کاریزمابوونی کەسایەتیی پێشەوا و بەتایبەت پابەندبوونی بە باوەڕەکانی تا کاتی لە سێدارەدرانی، خۆشەویستیی پێشمەرگە، پیرۆزیی ئاڵا و جێگرتنی سروودی نیشتمانیی "ئەی ڕەقیب' هەرچەند کۆمەڵە دەستکەوتێکی نەتەوەیی ئەو سەردەم بوونە، بە خۆشییەوە تا ئەمڕۆش جێی پەسند و ڕێزی زۆربەی کوردانن. "ئەدەبیاتی بەرگری" ئەو سەردەمە بووە بنەمایەکی فکریی و مەکتەبێک کە زۆر ئەدیبی وەکوو "سوارەی ئیلخانیزادە"، "مارف ئاغایی" و هیدیکەی پێگەیاند.

سوارە خۆی دەدوێ:

"بیرەوەریی دووی ڕێبەندان
دەمخاتە سەر بەستە و بەندان

ڕێبەندانی ڕێنوێنە
لە داگیرکەر سەرشێوێنە"

بەدڵنیاییەوە "مارف"یش بێبەش نییە، بۆیە لە شێعری "کۆچ"دا خۆی لە خاک دەبەستێتەوە و پیرۆزایەتی پێدەبەخشێ:

"خاک
توانای کۆچی نییە.
ئەوەیە ڕازی مانەوەی هەمیشەیی من

لەم وڵاتەدا"

کۆتا قسەم ئەوەیە کە بیسمارکی ئاڵمانی و قازی محەممەدی کورد ئەگەر هەردووکیان خاوەن یەک ڕێبازی فکری بوون و نیشتمانپەروەرییان وەک ئامانج ڕەچاو کردووە، ئیتر بوونەتە پێشرەو و پێشەوا بۆ گەشەی ئەدەبیاتێک کە مەبەستی ڕزگاریی دوایین تاکی مرۆڤ لە ژێردەستەییە. لەخۆڕا نەبوو هەژار دەیگوت:

"سەد بەهار بە نۆکەری ئەو زستانە بێ."

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێوێری ٢٠٢١

## کۆمار لە ئاوێنەی شێعرەکانی سەردەمی خۆیدا



کتێبی "مێژووی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان"م لەبەردەستدا بوو کە پێیدا بچمەوە. بەرگی سێهەمەکەی دەڵێم. باسی سەردەمی زێڕینی شێعر و ئەدەبی نەتەوەیی ئەو دەوران دەکا. هەڵسەنگاندن و چۆنیەتیی کتێبەکە مەبەستی بابەتەکەم نییە. ئەوەی بەلامەوە گرینگە، بە خوێندنەوەی شێعرەکانی نێو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە لەو کتێبەدا، هەستم دەکرد فیلمێکی دێکیۆمێنتاری سەبارەت بە هەموو ئاڵوگۆڕەکانی قەوماو دەبینم. چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە، ئەرکی مرۆڤەکان، نەخشی کەسایەتییەکان، ڕۆڵی کاریگەریی زلهێزەکان، لێکدانەوەی هەڵە و هەلەکان و قۆستنەوەی فرسەتەکان و کۆمەڵە بابەتێکی سیاسی - کۆمەڵایەتیی تریش لە هەناوی شێعرەکاندا سەرنجیان ڕاکێشام. لەوێدا، ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان هەنگاو بە هەنگاو دەچێتە پێش. سەرەتا دەبوایە کەسایەتییە خاوەن قەڵەمەکان بە هەموو شێوازێک ئازاری مرۆڤەکان بێننە سەر کاغەز و بە بانگ و سەڵا بە خەڵکیش بڵێن برینەکان چەندە بەژانن. پاشان پێویست بووە نێوەندێک هەبێ ئەو پۆلە ڕووناکبیرە کۆکاتەوە و هاواری گشتیان فۆرمۆلە بکا و بیکاتە یەک بانگەوازی کۆنکرێت و پردی نێوان ئەوان و خەڵکی ئاساییش دامەزرێنێ. قەڵەمەکان ئەوجار کاریان کردووە کە خەڵک لە ئازاری زامەکانیان تێبگەیەنن. ئەوە هەنگاوی یەکەم بووە. خەڵک تا ئەو سەردەمە چ وەکوو هەواڵ بیستبێتیان و چ بە چاوی خۆیان دیتبێتیان، یا بە جەستە دەردەکەیان چێشتبێ، کەموزۆر زانیویانە چەوسانەوە چۆن برینێکە. بەڵام قسەوباس و کرووزانەوەی نێو ژوورە داخراوەکان کە چارەی هیچ گرفتێکی نەکردووە، پێویست بووە بەرەبەرە ببنە بنەما بۆ بنیاتنانی دامەزراوەیەک کە بتوانی هەموویان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. لە شێعرەکاندا ڕەوتی ئەو بنیاتنانە بە ڕوونی دیارە. شاعیرەکان سەرەتا هەوڵیان داوە ئازارەکان دەستنیشان بکەن و پاشان تێکۆشاون خەڵک بە مەینەتی ژێردەستەبوون ئاشنا بکەن. بۆ وێنە لە لاپەڕەی ٩ی ژمارە ١ی "نیشتمان"دا، م. م هوشەنگ ئەندامی ژمارە ١٦ی کۆمەڵەی ژ - ک کە دەبێ محەممەد مەجدی بێ،

**لە توێی شێعرێکدا وەهای نووسیوە:**

**...تا دەبینم میللەتی کوردی فەقیر و سەر هەژار**
**بێزمان و بێکەس و بێکۆمەگ و بێ کاروبار**
**ژێر چەپۆکی میللەتی دی ڕادەبوێرن ڕۆژگار**
**ئاوی چاوم هەر وەکوو گۆزەی سەرووژێر دێتە خوار...**

دیارە نابێ پێمانوابێ کە ئەو کۆمەڵە ڕووناکبیرەی لەمەر ئازارەکان نووسیویانە، تەنیا شاعیر و نووسەری ئاسایی بوونە و هەر بە نووسینەکەیان قەناعەتیان هێناوە و تەواو، نەخێر، زۆربەی هەرە زۆریان سەرەڕای مەترسیی گیران و دەستبەسەربوونی ئەو سەردەمە، زۆر چالاک بوونەتە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ - ک) و کاریان بۆ ئامانجەکانیان کردووە و لە نووسینەکانیشیاندا ڕێگەچارەیان پێشنیار کردووە. ئەوەتا محەممەدی مەجدی سەرەڕای دەستنیشانکردنی ئازارەکان،

**لە درێژەی شێعرەکەیدا خەڵک هان دەدا:**

**... ئەورۆ ڕۆژێکە کە نابێ دانیشین ڕەنجەڕۆ**
**یا عەدوو بین بۆ تەماعی ماڵی دونیا خۆبەخۆ**
**موتمەئین کەن یەکتری بە قسەی پڕوپووچوو درۆ**
**ڕۆژێ مەیدان و عەمەلە بگرن هەموو ڕێگەی قەرار...**

**یا وەک هێمنی شاعیر لە لاپەڕەی ١٣ی گۆڤاری "نیشتیمان"ی ژمارە ٢، لە بەشی گەنجینەی ئەدەبییاتدا بەدڵ دەگری و دەڵێ:**

ئەم هەڵبەستەی ژێرەوە چەند دڵۆپە فرمێسکێکە کە لە شینی شەهیدانی ڕێگای سەربەخۆیی کورددا ڕشتوومە و پێموایە هەموو کوردێک چ خوێنگەرم بێت و چ خوێنسارد بە خوێندنەوەی شێعرەکان بێئیختیار فرمێسک دەڕێژێ و تووک و لەعنەت دەکا لەم مەحکەمە مەنحووسە کە تروسکەی هیوای کوردی کوژاندەوە و سەربەخۆیی کوردستانی وەدواخست، بێ سووچ و تاوان ئەمری هەڵاوەسینی جەنابی شێخ عەبدولقادر و هاوڕێیەکانی دەرکرد و لە شینی ئەواندا نەتەوەی کوردی بۆ هەمیشە دەستەو ئەژنۆ دانا.

... دوێ شەوێ گریام هەتا ڕۆژ، پێت بڵێم بۆچی برا
مەحکەمەی مەنحووسی ئیستیقلال وەبیرم هاتەوە
ڕیزیان بەستبوو لە پێش چاوی منا گشتی هەموو
ئەم شەهیدانەی کە خنکاون بەسەد ئاواتەوە...

دەنگی پڕ لە هاواری ڕاپەڕین، واتە دەنگی گۆڤاری "نیشتمان" ئەوەندە بەسۆز بووە، کە تەنانەت گەیشتووەتە گەرمێنیش.

لەوێ زیوەر چەشنی محەممەد مەجدی قەڵەم تاو دەدا و دەنووسێ و بۆ "نیشتمان"ی کوێستانی دەنێرێ و دەڵێ:

خەوی خەرگووشی هەتا کەی وەعدەیی بێدارییە
دوژمنی خۆت و منداڵت ئەژدەهای بێکارییە
وا بەجێ ماوی لە خێڵ ناگەیتە کوێستانی مراد
کوردە سادەی غیرەتێ، غیرەت بەری دیندارییە
ئەجنەبی باری گەیاندە مەنزڵی ئەمن و ئەمان
تۆش لە نێو قوڕدا چەقیوی عەیش و نۆشت زارییە...

پاش لێڕوانینێکی قووڵ دەبینین سەرەتا باسی دەردەکان کراوە. ئەوجار ڕیزبەندیی گرفتەکان هاتووەتە گۆڕێ و دواجاریش کار بۆ چارەسەرکردنیان بووە بە ئامانج. قانع یەک لەو شاعیرانەیە پەنجەی بۆ دەردی کوردی ئەو دەورەیە ڕاکێشاوە و زۆر جوان دەستەبەندی کردوون و بۆ گۆڤاری "نیشتمان"ی ژمارە ٥ی ناردووە و لە بەشی گەنجینەی ئەدەبییاتدا بەناوی "چوار"ی قانع بڵاوکراوەتەوە:

چوار شتن ئەوڕۆ کە بوونە نەگبەتیی کوردی هەژار
جەهل یەک، بێعەقڵی دوو، دڵ پیسی سێ، دەعوا چوار
مەنعی پێشکەوتن ئەکەن لەم خاکمانە چوار گرووە
سۆفی یەک، دەروێش دوو، بەگزادە سێ، ئاغا چوار
یادگاری ڕەنجی پەنجەی کوردەکانە چوار ئەساس
قەسر یەک، ئاراس دوو، شامات سێ، بەغدا چوار
باز بووم باڵی شکاندم چوار بەڵای نەحسی خراپ
خانەقا یەک، تەکیە دوو، عەمامە سێ، عەبا چوار...



سەرچاوە
Serchawe

هەروەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، ڕووناکبیرانی گەرمێن و کوێستان هەر بە هاوار و نووسین نەوێستاون و قۆڵی هیممەتیان لێهەڵماڵیوە. سەرەتا نووخبەکانی ڕۆژهەڵاتی، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردیان دامەزراندووە و هەوڵیان داوە ئەو ڕێکخراوە نوێیە بەرەبەرە بەرنە نێو کۆمەڵگە، بۆوەی هەم ڕیشە داکوتێ و هەم بە شێوەی کاری ئەرکی ڕزگاریی کوردستان وەستۆ بگرێ و لە کۆتاییشدا پێوەندی خۆی لەگەڵ بەشەکانیتری کوردستان پتەو بکا. بەڵگەی شێعر لەو بارەوە ئەوەیە کە لە لاپەڕەی ٢٠ی گۆڤاری "نیشتمان"ی ژمارە ٣ و ٤ لە بەشی گەنجینەی ئەدەبییاتدا لەلایەن شاعیرێکی نەناسراوەوە هاتووە:

ئەی خودایا بۆم بنێری قاسدێکی سینە ساف
بچتە خزمەت کۆمەڵی هیوا و حەرفی "ژێ و کاف"
گیر نەبێ بڕوا لە قەولی من بچێ پێیان بڵێ
ئەی مودیری ئیتحاد و ئەی مەداری ئیئتلاف
من لە داخی کوردی بەد ئەخلاق و بێ عیلم و سەواد
یا دەبێ بمرم وە یا هیجرەت بکەم بۆ کێوی قاف...

دوای ئەویش هەژاری نەمر کە خاوەن ناسناوی "ع. هەژار ٢٠"ە لە لاپەڕەی ٢٢ی گۆڤاری "نیشتمان"ی ژمارە ٣ و ٤ لە بەشی گەنجینەی ئەدەبییاتدا شێعرێکی لەژێر سەردێری "مەڕامی کۆمەڵەکەم دینگە" هەیە و دەڵێ:

لە خۆشیی کۆمەڵەوە چەندە خۆش ورینگە ورینگم
بزانە کوردە ئەمن کێم کە هێندە ژیر و زرینگم
بە ڕێی نەجاتی وەتەندا دەڕۆم بە عەزمی مەتین
مەحافیزی وەتەن ئەمنم مەتاڵی گوللەیە سینگم...

لە ڕەوتی پێشوەچوونەکاندا دەبینین، کۆمەڵەی ژ - ک دادەمەزرێ و ڕێشەی دادەکوتێ و دڵسۆزانی ئەو سینگی خۆیان بۆی دەکەن بە مەتاڵ. شێعرەکان پەردە پەردەی ئەو فیلمە دراماتیکە پیشانی ئێمە دەدەن. زۆر ناخایەنێ ئەوجار هەست بە بێدەسەڵاتیی هێزەکانی سەرکوتکەری ڕەزاشای پەهلەوی دەکرێ و ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان خێراتر دەبێ و کورد دەکەوێتە نێو گەمەی سیاسی دراوسێیەکان. بۆیە ڕووناکبیران وەخۆ دەکەون و زەمزەمەی خۆ بەدەوڵەتکردن بەرەبەرە دێننە گۆڕێ:

برا بیری چرایەکی بکەن تاریکە شەو دادێ
قیامێکی بکەن تا فرسەتە بیکەن بە جەمهووری
کەسێ میللەت پەرەست و خاوەنی فیکر و سیاسەت بێ



سەرچاوە
Serchawe

تەرەقیی میللەت و ئاسایشە مەقسوود و مەنزووری
بە فیتت بێ لە باوش ناگرێ قەت شاهیدی مەقسوود
هەتاکوو پێ نەنێیە مڵکی ئازادی بە مەسرووری
وەدەست ناکەوێ ئازادی و شادی بە ئاسانی
کە هەنگوین ناخورێ بێ ئیشی ڕیشی نیشی زەنبووری....

یا وەک لە گۆڤاری "نیشتیمان"ی ژمارە ٦، لە بەشی گەنجینەی ئەدەبییات و لە شێعری "کەمی ماوە'دا تێدەگەین چ باسە و بوێژێکی ناودار بە ناسناوی (ل.ب) پێمان دەڵێ:

لە شەوقی نیشتمان و شوعلەی ئەستێرەی گەلاوێژە
برینی ڕووح و قەلب و قالبم فیلجومە لە سارێژە
ئەگەر باوەڕ دەکەن یاران سەدای تەپڵی بەشارەت دێ
مەڵێن ئەو شاعیرە دێوانەیە یا شێتە یا گێژە
لە میوەی باغی ئازادی کەسێک بخوا دەکا تەسدیق
کە میوەی جەننەتە هاتۆتە دونیا هەستە بیچێژە
کەسێ مونکیر بە ئازادی و بە ئیستقلالی میللەت بێ
بە سووڕەت زیندووە دڵ مردووە بینێژە بینێژە...

لە درێژەی خوێندنەوەی شێعرەکاندا، دەبینین بەدوای ئاڵوگۆڕە خێرا و ناوچەییەکاندا، پتر هەست بە خەباتێکی ئاشکرا خۆی دەنوێنێ. ڕووناکبیران پێویست بووە زەنگوڵەی ئەو دەستپێکەش بزرینگێننەوە و بە جاڕی ئاشکرایان خەڵک زیادتر هان بدەن. وەک لە بەستە شێعری شاعیری ناسراو بە ناسناوی (ل.ب)دا هاتووە و باس لە ئەستێرەی پڕشنگداری گەلاوێژ دەکا، زۆر ناخایەنێ کۆمەڵەی ژێکاف جێی خۆی بە حیزبی دێموکرات دەسپێرێ و قازی محەممەد دەبێتە پێشەوا. کاتێک لە گۆڤاری ژمارە ١ی "کوردستان"دا باسی دامەزرانی حیزب و گرتنی کۆنگرەی ١ لە ڕۆژی ٢ - ٨ - ١٣٢٤ دا کراوە کە سەران و نوێنەرانی کورد تێیدا بەشدار بوون و لەسەر دامەزرانی لکەکانی حیزبی دێموکرات و دیاریکردنی نوێنەرەکانیان ڕاوێژیان کردووە،

هەژار خێرا هاتووەتە مەیدان و لەو گۆڤارەدا شێعری "دێموکراتمان دەوێ"ی نووسیوە:

حیزبێکی ساز دەکەین و دیمۆکراتمان دەوێ

فارس چلۆنە کورد دەیەوێ بێ وەکوو ئەوان
مەئموور لە خۆم بێ هەرچی گوتی چاکە تێی دەگەم
خوێندن زمانی خۆم بێ گەلێک زووی دەکەم ڕەوان
گەر حاسڵم لە خۆمی خەرج کەم چ زوو دەبێ
دانێم مەتەب لە شاری و مەکتەب لە دێیەکان...

یا خاڵەمین کە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٤ – ٨ – ٢٤ دا ئەم شێعرە دەخوێنێتەوە:

ڕەبی پیرۆز بێ لێتان حیزب لە نوێ
چنار تۆوییەکی بەو زوانە دەڕوێ...

هێمنیش بەدوای خاڵەمین و لە ژمارە ٢ی گۆڤاری "کوردستان"دا خێرا دێتەگۆ و دەڵێ:

مزگێنیم دەیە دەگەی بە ئاوات
کوردە لە سایەی حیزبی دێموکرات
حیزبی دێموکرات تۆ دەدا نەجات
پیادەی ئەو شاهی دوژمن دەکا مات
بژی دێموکرات، بژی دێموکرات....

هەرتەنیا حیزبی دێموکرات و ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوە مەبەستی شاعیرەکان نەبووە، بەڵکوو کەسایەتیی پێشەوای نەمریش وەکوو ڕێبەرێکی کاریزما بووەتە هەوێنی شێعرییان. ئەگەر سەیری ڕووپەڕی یەکەمی گۆڤاری ژمارە ٣ی 'کوردستان' بکەین،

لە سەرەتادا و ڕاست لە ژێرەوەی وێنەی پێشەوا ئەو شیعرەی خاڵەمین دەبینین:

باسێکی خۆش دەزانم و وا پێت دەڵێم گوڵم
تێکەڵی بکەی شەبەقی ڕووت و ڕەنگی خۆت
بیستووتە پێشەوای مە قازی محەممەدە
وەهـ وەهـ دە تێکە پیاڵەی، نەشئەی سەرم بزووت...

به خوێندنەوەی پارچە شێعری خاڵەمین و چەند شاعیریتر بۆمان دەردەکەوێ پێشەوا و ڕێبەر و ڕێکخراوی خاوەن دەسەڵات، ئەو کۆمەڵە پێویستییە بوونە کە لەو فەترە مێژووییەدا توانیویانە ئامانجەکان بپێکن. گۆڕینی ژێکاف بۆ حیزبی دێموکرات، دیاریکردنی کەسایەتییەکی وەکوو قازی محەممەد بە پێشەوایەتی و سەیرکردن و لێکدانەوەی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەیی سێ جووڵەی بەرچاوی سیاسییەکانی ئەو قۆناخەن. بۆ هەر سێ کردەش بەوپەڕی دڵسۆزی و دڵپاکییەوە هەنگاویان ناوەتەوە. ڕەوتی خێرای ڕووداوەکان و دەنگدانەوەی پێشکەوتنەکان لەلایەک و هەڵکرانی ئاڵا و ڕاگەیاندنی کۆمار لە فیلمی درامای نێو شێعرەکان، خەڵکی دەرەوەی ساحەی موکریان وەخۆدەخا. کوردانی دەوروبەری کۆمار چاو دەبڕنە چوارچرای مەهاباد و ئاڵای کوردستان. بە حەسرەتەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەن ئەو ئەزموونە سەرکەوێ و بتوانێ ئەوانیش ئازاد بکا و بیانهێنێتە ژێر ئاڵای سێ ڕەنگ. وەک لە گۆڤاری "کوردستان"ی زمانحاڵی حیزبی دێموکرات و کۆمار دەبیستین، خەڵکی "جنووبی کوردستان"، واتە سنە و کرماشان و ئیلام، جیا لە ئارەزووی سەرکەوتن بۆ دەوڵەتی کوردی بەردەوام داوای ڕزگاریی بەشەکانیتریش دەکەن. ماموستا هێدی کە خاوەن ناسناوی "شێواو" بووە لە وڵامی کەسێکیتردا قەسیدەیەک دەنووسێ و لە ژمارەکانی ٢٠ و ٢١ی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاویدەکاتەوە. ئەو کەسە ناسناوی "ڕۆژهەڵاتی" هەبووە.

**هێدی لە سەرەتادا هاوسۆزی دەکا:**

**برای ڕۆژهەڵات پەیامەکەی تۆ**
**گەیشت و لە دڵم هەڵیساند بۆسۆ**
**کاتێ کە دیتم زۆر بێ قەراری**
**لە دەس عەجەمتە گریان و زاری**
**بە ئاوری مەیلت کوڵی دڵەکەم**
**سیس بووە دیسان گەڵای گوڵەکەم**
**چون من بۆخۆشم دەزانم دیلی**
**ژێردەستی و کزی و ماتی و زەلیلی...**

**ئەوجار لە کۆتا بەیتەکاندا ورەبەرزیی خۆی دەنوێنی و عەتفی خۆی بەرامبەر کۆمار و ئاڵا و پێشەوا بەیان دەکا:**

**لەژێر فەرمانی پێشەوای بەرزا**
**کێو بێ دەیکێشین بە سەرڕووی عەرزا**
**ئاڵای سێ ڕەنگی لە هەموو لایە**
**هەر جێ بڵێند و بەرز و چیایە**

هەڵدەکەم دەگرم جێژنی ئازادی
با دوژمن بمرێ بەبێ مرادی
سەر (شێواو) یەکەت بیێتە جێژن
دوژمن تاڵاوی مەرگ بچێژن

لە سەرەتادا گوتم بەسەرهاتێکی دراماتیکە. ئاخر، سەرەتایەکی پڕ لە شادی و هومێد، بەرەبەرە ڕووەو شەڕ و خوێن دەچێ. ستالینێکی ئەو گشتە لە شێعرەکاندا مەدحی دەکرێ، لە ژێرەوە سەرقاڵی مامەڵەیەکی ترە کە دواتر خوێنی لێدەچۆڕێ. بۆ چۆڕە نەوتێک، خەونەکان وێران دەکا، بەتایبەت خەونی کورد و ئازەرییەکان. کورد هاوکات کە نیگەرانە، بەڵام بە حورمەتەوە باسی چوونەدەری ئۆردووی سوور دەکا.

هێمن یەک لەو کەسانەیە کە لە شەوی ١٢ - ٢ - ٢٥ لە مەجلیسی شێعردا بە مناسبەتی ڕۆیینی لەشکری سوور ئاوا دەدوێ:

ئەی لەشکری سوور ئەی ئۆردووی زەفەر
ئێستا کە دەڕۆی لێرە دەچیە دەر
خودات دەگەڵ بێ و ئەوەی بزانە
جێی تۆ هەمیشە دڵی کوردانە
ئەی ئەو فرشتەی کوردت کرد ئازاد
لە ژێر پەنجەی دێوی ئیستیبداد
لەوەی بە دواوەش قەت مەیکە لە بیر
حەیفە بە تەنها کورد ببێ یەخسیر...

دوای ئەو ماڵاواییە، کوردەکان چاو دەبڕنە هیممەتی لەشکری پێشمەرگە و ڕێبەریی پێشەوا. شەڕ و وێرانی دەست پێ دەکاتەوە. هیوا و شادییەکان جێی خۆیان دەدەن بە شیوەنی شەهیدەکان. هێمن لە گشتیان بە سۆزتر دەگری. ئەو بە بۆنەی شەهیدبوونی خۆشەوی خەلیل، پێشمەرگەی قارەمانی بارزانی لە ڕۆژی ٢٥ - ٣ - ١٣٢٥دا، "خوونچەی خوێنین" دەهۆنێتەوە و لە ژمارە ٦٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاوی دەکاتەوە:

...گوڵ چ گوڵ هەموو تێر ئاو و بژوێن
گوڵ چ گوڵ هەمووی وەکوو پتی خوێن
بۆنیان دەڕۆیی تۆمار بە تۆمار

بۆنی وان منی کرد مەست و خومار
لە نێویان دا بوو خونچێکی تازەش
تک تک لێی‌دەتکا خوێنی سوور و گەش
دیتم نووسراوە لە پەلکێکی وی
بە خەتی خوێنین نێوی (خۆشەوی)

زۆر ناخایەنێ و لە شەوی ٢٦ - ٤ - ١٣٢٥ دا "شین" بۆ نانەوازادەش دەگێڕێ و بۆ ژمارە ٧١ی ڕۆژنامەی کوردستانی دەنێرێ:

...گەردوون ئاگرت بکەوێتە ماڵ
گڕ گڕ بسووتێ بێتە کۆی زوخاڵ
بڕژێ بەسەرتا کۆستی بێ وادە
هەر وەکوو مەرگی نانەوازادە

دوای شەڕ و پاشەکشەی هێزە کوردییەکان، گرتن و ئیعدامی ئەکتەرە ڕەسەنەکانی ئەو درامایە دەست پێ دەکا. پەردەی کۆتایی کۆمار هەرچەند لە ڕادەبەدەر دڵتەزێنە، هەرچەند هیچ هومێدێک بۆ داهاتوو نەماوە، بەڵام زێڕوەشانی دایکی سێ کوڕی شەهید لە عەشیرەتی فەیزوڵابەگی وەک سیمبولی قارەمانانی ئەو بنەماڵەیە باری لاری دوایین بەسەرهاتی دڵتەزێنی ئەو درامایە بە ورەی خۆی ڕاستدەکاتەوە. پێشەواش بە نۆرەی خۆی، چ لە کاتی دادگاییدا و چ لە وەختی لەسێدارەدرانی، هەست و وەسیەتێک بە میرات جێ دەهێڵێ کە لە ڕۆمانی جێماو بۆ وەچەی داهاتوودا دەبێتە پڕنێوەرۆکترین وانە و شۆڕش و دەستکەوتی‌تری لێ‌دەکەوێتەوە. ئەوە ئەو دراما ڕاستەقینەیە بوو کە من لەنێو شێعرەکاندا بەدیم کرد و دڵنیام وەک چۆن تا ئێستا بووەتە هەوێنی خۆڕاگری و ڕاپەڕین، لە داهاتووشدا نەخشی کاریگەری خۆی دەگێڕێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢١

## "با" و "ئانارشیسم"



**لێنا ستێفانوو/ و: عەلی فەتحی**

ژنان قژیان پەخشان دەکەن
تا بەدەم ڕۆیشتن با لێی دا
دەیلەرێننەوە
دەیلاوێننەوە
ئەوان قژی ڕەشی پڕیان
ڕێک و شانەکراوە
تا شێوەی قژی سوورپێستەکان بدا
یا وەکوو هی هیندییەکانی لێ بێ
هەروەها چەشنی قژی چینییەکانی سەردەمی کۆن
بڕازێتەوە و
لە جۆری قژی داپیرە بڕازیلییەکان بچێ
قژی ئەوان هەرتەنیا پۆڕێ مووی ئاسایی نییە
کە بە ڕووناکیی مانگ بدرەوشێتەوە
بەرهەمی نێوەندە جوانکارییەکانیش نییە،

بەڵکوو میراتێکی نهێنییە
قژی ئەوان هێلانەیەکە بۆ باڵندەکان
پەرتووکخانەیەکی جادوویە
کە حەز دەکا شنەی "با" بەهەڵکەوت لاپەڕەکانی هەڵداتەوە.
مانگێکی وردیلە،
لەنێو قژی ئەواندا خۆی حەشار داوە
"دالیدا "، شاجوانی میسری
دەرکەوت جوانییەکەی چیرۆکێکی دەستکردە
ڕوخساری کیژۆڵەکانی ئێستا بەڵام،
ڕاستەکین،
خودایەکی سەردەمی باستان
ئەژدادی ئەو ڕوخسارانەیە

ئاخووندەکان چیرۆکی ئەو کیژۆڵانەیان بەراوەژوو کرد
بۆوەی ڕاستییەکان وەشێرن
قژی ئەو خاتوونانە وەختی هەنگاونان
لە هەوادا دەلەرێنەوە،
نهێنیی یەکگرتوویی و خوشک و برایەتییان
لە هەناویاندا پاراستووە

کە خەنجەرێ خۆی دەخزێنێتە نێو تاریکی بێهوودەیی
قژی ئەو خاتوونانە بەهێزتر و خێراتر لە ئەسپەکان
چیرۆکی ئەفسانەیی یەکگرتوویی دەهۆننەوە
لە چارەنووسی "وەشتی " ژنی خەشایارشای یەکەمەوە
هەتا دەگاتە مەهسا (ژینا)ی ئەمینی،
مێژوو فەرامۆشیان ناکا
خۆی ڕاستیی بەسەرهاتی ئەوان وردورد دەچنێ و
لە داو و تەون ڕزگاریان دەکا و
بە سوێندی بێدەنگی دیسان دەیانڵێتەوە.
ئەگەر تۆش لەو ڕاستییانە ورد بیەوە
بۆت دەردەکەوێ ئەوانەی کوورِ بوونەتەوە و

بە خەنجەرێ دوای قوربانییەکان کەوتوون
زۆربەیان ڕدێنتاشراون
گەلێک جاریش سەرتاسن
ڕەنگە خاوەن ڕیش و پەشمیش بن.
دیارە ئەگەر سەرتاسیش نەبن
ئەوەندە بە ترسەوە دەژین
ڕۆژێ لە ڕۆژان قژیان بە سەرەوە نامێنێ و
شێت دەبن لە ترسی ئەو جینایەتانەی کردوویانە
بۆ خاتری چەند تاڵە موویەک.
ئەوانە لەبەر ئەوەی ژنان بەبەردەمیاندا ڕادەبرن و
گرینگیان پێنادەن،
دەیانکوژن.

(پێشکەش بە مەهسا (ژینا) ئەمینی و ژنانی ئێران و هەموو جیهان)

چل ڕۆژ بەسەر کوژرانی مەهسا ئەمینی ٢٢ ساڵەدا تێپەڕی. ئەو خاتوونە بەدەست گەشتی ئیرشادی ئێران کوژرا، چونکە بەڕادەی "پێویست" بە حیجاب قژەکانی دانەپۆشیبوو. مەنجەڵەکە هەروا لە کوڵە (دۆخەکە هەروا شێواوە.)

تێبینی:

الف: ئانارخیا (ئانارشیزم) ئامانجی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکە تێیدا کەسەکان بە شێوەیەکی ئازادانە و یەکسان هاوکاری یەکتر دەکەن. ئانارشیزم دژ بە هەموو جۆرە سیستەمێکی قوچکەیی کۆنترۆڵە، چ لەلایەن دەوڵەتەوە بێت، چ لە لایەن سەرمایەدارەکانەوە.

ب: وەشتی، ژنی خەشایارشای یەکەم. خەشایاری هیخامەنیشی لە جێژندا داوای نیوەڕووتبوون لە شاژن، واتە لە "وەشتی" دەکا. بەڵام شاژن بەرهەڵستیی مێردەکەی دەکا و هەربۆیە پاشا لێی جیا دەبێتەوە.

ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ٨٣٤

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە Serchawe

## گواستنەوەی هزری نەتەوەیی بۆ نێو زەینی کۆمەڵگە




بەپێی گوتەیەک وەک یاسایەکی نەنووسراو، مرۆڤەکان پێویستە زۆر لەیەکتر نیزیک بن یا پەیوەندییەکی عاتیفیی تەواو بەهێز لەنێوانیاندا هەبێ، تاکوو ڕاگواستنی فیکر و ئایدیا مەیسەر بێ و هەستی یەکدڵی پێکبێت. بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییە و سەیرکردنی جۆش و خرۆشی مافخوازیی لەم چەند ساڵی دواییەدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باوەڕمان بەو بۆچوونە پتر و پتر دەبێ کە جیا لە پەیوەندییەکی سیاسی، ڕابیتەیەکی عاتیفیش لەنێوان حیزب و کۆمەڵگەدا چێ بووە. کە باس لە حیزب دەکەم، مەبەستم لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانە. پێویستە ئەو لەیەکگرێدراوییە لە دوو قۆناخی جیاوازدا، واتە هەم ئەوکاتەی کە حیزب لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە و هەم ئەو سەردەمەی کە لە ئاوارەییدا ژیاوە، بخەینە بەر باس تاکوو باشتر جیاوازییەکان ببینین و مەبەستەکەمان ڕوونتر کردبێتەوە.

ئەگەر سەردەمی تێکۆشانی ژێکاف و یازدە مانگ تەمەنی کۆمار لەولا دانێین و ١٥ی دێسامبری ١٩٤٥ وەکوو دواڕۆژی تەمەنی کۆماری کوردستان بکەینە خاڵی دەستپێکی جووڵانەوەیەکی نهێنی، ڕەنگە زانیارییەکان پتر بەکەڵکی بەرچاوڕوونی بێن بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی ئەو نووسینە. بە ئاوڕدانەوە لە زانیاریی سەرچاوە مێژووییەکان و وردبوونەوە لە دۆخی ئەو سەردەمە، واتە هەردوای ڕۆژی ١٥ی دێسامبر، خەڵکێکی زۆر، لە پێشەوا قازی محەممەد ڕا بگرە تا دەگاتە ئەندامانی

سادەی حیزب لە شارەکانی کوردستان، گشتیان کەوتنە بەر شاڵاوی گیران و ئێعدام و دوورخراوەیی لە زێدی خۆیان. بە واتایەک کۆتایی بە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتبوو و حکوومەتی پەهلەوی بە زەبر و زەنگی نیزامی لە لایەکەوە هەوڵی دەدا خەڵک چاوترسێن بکا و لە لایەکی دیکەشەوە سەرقاڵی میلیتاریزەکردنی کوردستان بوو. تەنانەت بەوەش نەوەستا، سیاسەتی ژێردەستەکردنی ئارامی گرتەبەر و بە قەدەغەکردنی زمان و جلوبەرگی کوردی لە قوتابخانەکان و سووکایەتیکردن بە هەرچی داب و نەریتە و بەهێنانەگۆڕی خەیاڵی دروستکردنی نەتەوەیەکی دەستکرد بەناوی نەتەوەی ئێران، گەرەکی بوو ئاسەوارێک لە کورد و کوردایەتی نەهێڵێ. ئەو سەردەمە لە زەخت و گوشار، هێندە دوور نیە و ئەو جیلەی بە چاوی خۆی دۆخەکەی دیتووە، ئێستاش بەشی زۆریان لە ژیاندا ماون و لەبیریانە دەسەڵاتی پاشایەتی چۆن هەوڵی ژێردەستەکردنی گەلەکەمانی داوە. خەڵکی ئێمە ئەو کاتە، لەڕاستیدا دوو توێژ بوون، یەکەم ئەوانە بوون کە چێژیان لە ئازادی و حوکمڕانیی کوردی لە سەردەمی کۆماری کوردستان وەرگرتبوو و توێژی دووهەمیش ئەو گەنجانە بوون، کە بە دیتنی سیاسەتی زەخت و زۆری و ژێردەستە بوون، حەسرەتێک بۆ دووبارەبوونەوەی سەردەمی ئازادی، دڵ و دەروونی داگرتبوون. ئەو خۆزگەیە یا نۆستالژییە شاراوەیە لە قۆناخێکدا گەیشتە ئاستێک، تەنانەت ئەگەر حیزبێکی فارسی ڕەگەزپەرەستی وەکوو پانئێرانیست وشەی کورد یا ناوی کوردەکانی ئەودیو سنووری لە وتار و گوتارەکانیدا دەکار کردبا، هێشتا دەبووە مایەی دڵخۆشی ئەو توێژە. بەعام دەکرێ ئاماژە بەوە بکەم و بپرسم کە کێ هەبوو لەو سەردەمدا دڵی بەو بەیتە لە گۆرانی حەسەن زیرەک خۆش نەبووبێ کە دەیگوت: کورد نیم دیمۆکراتم بێ ... و کام گەنج ئەو کاتە هەبوو لایەلایەی ماموستا هەژاری لە زمان ماملێوە بەدڵ نەبووبێ! زۆر نموونەی دیکەش هەن و پێویست بە نووسین ناکا. ئەو دەنگبڕین و قەراقوپ کردنە تا سەردەمی ناسراو بە ساڵانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ درێژەی هەبوو. کارەساتەکانی ئەو یەکدوو ساڵە ئەگەر زەبرێکی گورچووبڕ بوو لە خاڵێگەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەگشتی و لە جەستەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەتایبەتی، بەڵام لە هەمان کاتدا زیندووکەرەوەی پرسیارگەلێکی گرینگیش بوو لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا. دیتمان، ڕاست دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان. خەڵک بەتایبەت جیلی نوێ، دەیانپرسی ئەوانەی شەهید بوون، کێ بوون، بۆچی و چۆن شەهید بوون و ئامانجیان چی بوو. زۆری نەخایاند وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە درانەوە.

لە سەردەمێکدا کە شۆڕشی گەلانی ئێران دژی حوکمڕانیی پاشایەتی گەیشتە لووتکە و هێزە سیاسییەکانی دژی ئەو سیستەمە ئیدی کەم و زۆر بە ئاشکرا هاتنە مەیدان، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانیش خێرا دەستوبردی کرد و ڕێکخراوەکانی خۆی لە زۆر شوێن دامەزراندەوە. حیزب بەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، بە فەرمی سی ساڵێک دەبوو ئاوارەی دیوی گەرمێن ببوو. لە دوای چالاکیيە خوێناوییەکانی ساڵانی ١٣٤٦-١٣٤٧یش کەوتبووە قۆناخێک کە زۆربەی کادرە بەوەجەکانی یا گیرابوون یا شەهید ببوون. بەڵام سەرەڕای ژانکردنی ئەو برینە لەسەر جەستەی، ساڵی ١٩٧٩ بە ئاشکرا هاتەوە مەیدان. ئەژماری کادر و پێشمەرگەکانی ئەوەندە زۆر نەبوون و لە هەمان کاتدا نەناسراویش بوون. تەنانەت دوکتور قاسملوو کە سکرتێری



سەرچاوە
Serchawe

گشتی حیزب بوو، خەڵک نەیدەناسی و بە وێنەش نەیاندیتبوو. ئەو چەندەش کە هاتنەوە، زۆرتر لە دیوی گەرمێن ژیابوون و پەیوەندییەکی زۆریان بە کۆمەڵگەی کوێستان واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە نەبوو. بەڵام، گرینگ ئەوە بوو کە هەر ئەوانە خێرا دەستوبردیان لێ کرد و کەڵکیان لە دۆخەکە وەرگرت و ڕێکخراوەکانی حیزبیان لە گشت ناوچەکان، هەر لە خۆی و سەڵماسەوە بگرە تاکوو کرماشان دامەزراندەوە. هەڵبەت لەو قۆناخەدا نابێ هەرتەنیا گەڕانەوەی حیزبی دیمۆکرات لەبەرچاو بگرین، چونکە ئەژمارێک هێزی دیکەش کە خاوەن ڕابردوویەک لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بوون، دەستیان بە تێکۆشانی ئاشکرای خۆیان کردەوە، بۆ وێنە حیزبی توودە و موجاهیدین و چریکە فیداییەکان. جیا لەو هێزانە، بە دەیان ڕێکخراوی نوێش سەریانهەڵدا و ئیدیئۆلۆژی و ڕوانینی سەیروسەمەرە ڕوویان لە کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی کرد. ئەو خەفەقانەی بەسەر ئێراندا سەپابوو و سی چلساڵێکی خایاندبوو، کاریگەریی لەسەر هێزی مرۆیی خەباتکار لە کوردستانیش دانابوو و بەسەر دوو بەرەدا دابەشی کردبوو. گەنجی خوێندەوار و بەتایبەت شارنشین، بەشی هەرە زۆریان ڕوویان لە هێزە چەپە کلاسیک و تازەدامەزراوەکان کرد و ڕزگاریی چینی کرێکاری جیهانیان بەلاوە گرینگتر لە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد بوو. بەرەی دووهەمیش، خەڵکی ئاسایی و بەتایبەت لادێنشین کە خاوەن هێز و پوتانسیەلێکی لەڕادەبەدەر کوردانە بوون، ڕوویان لە هێزەکانی نیشتمانپەروەر و بەتایبەت حیزبی دیمۆکرات کرد. بەڵگەی حاشاهەڵنەگریش لەو کاتەدا بۆ ئەو پشتیوانییە بەربەرینەی خەڵک لە بەربژێرەکانی حیزب، هەڵبژاردنی ٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩ی مەجلیسی شورای ئیسلامی بوو. لەو هەڵبژاردنەدا، لە گشت شارەکانی کوردستان جیا لە یەک شار، خەڵک دەنگیان بە بەربژێرەکانی حیزب دا و دەرکەوت خەباتی نەتەوەیی بەلای ئەوانەوە گونجاوتر و پێویستترە لە مافخوازی بۆ کرێکاری چینی بالادەست.

کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتی ناوەند، دوای دیتنی ئەو پشتیوانییە بەهێز و بەربەرینەی خەڵک لە حیزب، ترسی ڕێنیشت و ڕووی لە بیانووپێگرتن و ئاژاوەگێڕی نا. دواجار شەڕێکی درێژخایەنی بەسەر کوردستاندا سەپاند. بە گەمارۆی ئابووری - نیزامی و دەیان ساڵ وێرانی بۆ شار و گوندەکانی کوردستان، گەرەکی بوو ئیرادەی خەڵکەکەمان و بەتایبەت هێزی پێشمەرگە تێکبشکێنێ. بەڵام، دیتمان خەڵک بەوپەڕی هەژاری و نەداریشەوە بەردەوام پشتیوانیی لە جوڵانەوەی مافخوازییەکەی خۆی کرد و کۆڵی نەدا. دوای قۆناخی دەپازدە ساڵەی یەکەمی ئەو سەرهەڵدانە، حیزب ئەوجار کەوتە دۆخێکی نەخوازراوی دیکە، واتە دووبارە ناچار بە نیشتەجێی لە گەرمێن بۆوە. چالاکیی پێشمەرگە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات بەرەبەرە لە کەمیی دا و دواجار کۆتایی پێ هات. ڕادیۆ دەنگی کوردستان کە بەردەوام هەواڵی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەی حیزبی لە بەرەکانی شەڕ بڵاودەکردەوە، ئیدی ئەو گرینگییەی نەما. دۆخی سیاسی جۆغرافی ناوچە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و بە نەمانی حکوومەتی بەعس لە عێراق بە گشتی و دامەزرانی حکوومەتی هەرێم بە تایبەتی، بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان ئەوجار کاریگەری قووڵیان لەسەر سیاسەت و هزر و هەڵسوکەوتی حیزب دانا. حیزبی دیمۆکرات دەبوایە

شێواز و مێتۆدی خەباتی خۆی بگۆڕێ، بەجۆرێک کە هەم لەگوێر تواناییەکانی ئەودا بێ و هەم کاریگەریی درێژخایەنی لەسەر بیر و هزری کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات هەبێ. گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان دەبوایە فێری ئەوە بکرێت کە چیتر چاوەڕێی هێزی پێشمەرگەی تاراوگە نەبێ بۆوەی بگەڕێتەوە و ئەوان ڕزگار بکا، بەڵکوو ئەوان خۆیان وەک هەر تاکێکی کۆمەڵگە، پێویستە لەجێوە ببنە پێشمەرگەیەکی کارا و بە ڕێنوێنی و ڕەچاوکردنی سیاسەتەکانی حیزب لە کات و ساتی گونجاودا هەڵوێست بگرن و ئەرکە نەتەوەییەکان جێبەجێ بکەن. دەزگایەکی کارای خێرا بە مەبەستی پتەوکردنی پەیوەندی دوولایەنی خەڵک و حیزب لەو نێوەدا، یەکەم پێویستی سەردەم بوو و دەبوایە هەنگاوی خێرای بۆ بنرێت. حیزب بە دامەزراندنی تەلەڤزیۆنەکانی تیشک و کوردکاناڵ لەپاڵ ڕادیۆ دەنگی کوردستان و ڕۆژنامەی کوردستان و دەیان گۆڤاری دیکە و کۆمەڵێک لاپەڕەی ئینترنێتی، پتر لە پێشوو وەک پێشمەرگە لە ماڵەکانی کوردستان میوان بوو. جەماوەری کوردستانیش لەولاوە، حیزبیان دووبارە و بە شێوازێکیتر لە تەنیشت خۆیان هەست پێ کردەوە. حزووری ئەوجارە مەجازیی بوو و وەکوو پێشوو هەرتەنیا بۆ توێژی گەورەساڵان نەبوو، بەڵکوو گەورە و بچووکی بەخۆوە سەرقاڵ کرد. دۆخی سیاسیی حاکم بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر ماوەیەک بێدەنگی و ترس باڵی بەسەردا کێشابوو، دوای ئەو ئاڵوگۆڕانە ئیدی وەرچەرخانێکی مەزنی بەخۆوە بینی و جەماوەر باشتر لەپێشوو دەیانزانی چییان گەرەکە و دەبێ چۆن هەڵسوکەوت بکەن. کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەبەرە بە تەواوی کێشەی فیکر و ئیدیئۆلۆژی وەلا نا و ئەوجار بە ئاشکرا قسەی خۆی دەکرد و لەسەر داخوازییەکانی ساغبێوە. ئەویش کۆمەڵێک داخوازی نەتەوەیی ڕوون و ئاشکرا و جیهانپەسەند. چونکە، هێزە ئیسلامییەکان ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان دەرخستبوو و بەرەی چەپیش بەدوای ڕووخانی سۆڤییەت و ئۆردوگای کۆمۆنیستیدا کەوتبووە گێژاوێکی فیکری ئەوتۆ کە دەربازبوونی هاسان بەدی‌نەدەکرا. دواجاریش، چەند تاقیکارییەکی مەزن، ڕاستی ڕووداوەکانی بە گوێی ئێران و جیهان و بەتایبەت نێوەندە بڕیاردەرەکانی تاراندا چرپاند، هەر لە هاتنە سەر شەقامی جەماوەر بەدوای شەهیدبوونی شوانە سەید قادرڕا بگرە هەتا مانگرتنەکان بەبۆنەی بۆمبارانی قەڵای دیمۆکرات، شەهیدبوونی ژینا و ماتەمینی شەوی یەڵدا یا پیرۆزکردنی نەورۆزەکانی ئەو ساڵانەی دوایی.

لە هەر هەمووی بۆنە و مەراسیمەکاندا، مرۆڤ ئەگەر سەیری تابلۆکان بکا و وێنە و فیلمەکان بە وردی بخاتە بەر زەینی خۆی، هەستدەکا هەستی نیشتمانپەروەری چۆن لە دڵ و مێشکی خەڵکەکەماندا جێی خۆش کردوە. وەختێک کیژەکانمان بە مەبەستی دەربڕینی پشتیوانی لە شۆڕشەکەمان خاکیپۆش دەبن و کوڕەکان جامانە لە مل دەکەن و پێشمەرگایەتی لە سەرتاپای قەڵافەتیان دەبارێ، یا منداڵێکی تازە پێهەڵگرتوو دەسڕەی بەدەستەوە و لەبەر تەلەڤزیۆن بەدەم هەوای سرووودێکی نیشتمانییەوە شادی خۆی دەردەبڕێ، بۆمان دەردەکەوێ نیشتمانپەروەری گەیشتووەتە چ ئاستێک. کە نەتەوەیەکیش ئاستی نیشتمانپەروەری خۆی بەرز کردەوە، چیتر چاولەدەستی دەسەڵاتدار نابێ دروویەکی لە جەستەی دەرێنێ یا برینێکی بۆ ساڕێژ بکا. کوڕ و کچی گەنج و مێرمنداڵمان بە حەزوئارەزووی خۆیان ڕوو لە کلاسی زمانی کوردی و مۆسیقا

و بابەتی‌تر دەکەن. کاتێک لافاو یا بوومەلەرزەیەک ژیانی کۆمەڵە هاونیشتمانییەک وێراندەکەن، بە هەزاران کەس لە شار و گوندەکانڕا بە هانایانەوە دەچن و خەمی ماڵوێرانیان لەسەر سووکدەکەن. شاخێک، لێڕەوارێک یا دارستانێک ئاگری تێبەر دەدرێ، بە سەدان کەس خۆ بە ئاگردا دەدەن بۆوەی بیکوژێننەوە، دواتریش لەجیات هەر بەڕوویەکی سووتاو، دەیان دەنک بەڕووی تازە دەچێننەوە و بە واتایەک خاک و ئاوی وڵاتەکە بە هی خۆیان دەزانن و دەیپارێزن. هەر تاکێکی کورد، مادام نیشتمانەکەی بە هی خۆی زانی، هەوڵی ئاوەدانی و پێشکەوتنیشی بۆ دەدا. پێچەوانەکەشی دروستە، کە وڵاتەکەت بە هی خۆت نەزانی و پێت وابێ هی دەسەڵاتدارە، بەردەوام چاوەڕێی ئەوە دەبی حکوومەت هەنگاوێک بۆ ئاوەدانی و چارەسەری گرفتەکان بنێ و زۆرجاریش لەبەر ئەوەی پیاو ڕقی لە دەسەڵاتدارە، ئەوەندە ئاوەدانییەی هەشە، ئەویش وێران دەکا بۆوەی کۆمەڵگە پتر لە خاوەن دەسەڵات بێزار بێ.

بەدوای گشت ئەو شرۆڤەیەی سەرەوە، قەناعەتمان هێناوە یەک: خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەبەدا وەکوو سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی حکوومەتی پاشایەتی بیر ناکاتەوە. دووهەم: گەنجی کورد ئیدی خولیای دەیان ئیدیئۆلۆژی سەیروسەمەرە نیە و ساغ بووەتەوە و بڕیاری کۆتایی داوە و نیشتمانپەروەری وەکوو ئەرکی بنەڕەتی خۆی پەسند کردوە. واتە کوردایەتی و کوردبوون بە بەژن و باڵای ئەو لاوە کوردە بڕاوە و بۆی بووە بە خەڵاتێکی نیشتمانی. هەرکاتێکیش لەمەر گیانفیدایی پێویستی بە دوابڕیاری مەعنەوی هەبێ، پێشەوا قازی محەممەد دێنێتە بەر دیدەی خۆی و وەسیەتنامەی ئەو دەخوێنێتەوە و گیان لەسەر دەست بەرەو پێش دەچێ. بۆوەی زێدەڕۆییمان لەو بۆچوونەدا نەکردبێ، با سەیری چەند نموونەیەک بکەین. هەموومان بوێری ئەو باوکەمان لە کاتی شۆڕشی ژینادا بینی وەختێک لەسەر گۆڕی جگەرگۆشەی شەهیدبووی دەستی غەدداردا گوتی: ئەو کوڕەم بە قوربانی کوردستان بێ، ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ لەدایک بوو و هەر بەو بۆنەوە ناوم لێ نا کۆمار. ئەو وتەیە پێمان دەڵێ، پێشەوا قازی محەممەد سەرۆککۆمارێکی کاریزما بووەتە سیمبولی وەفاداری و سەداقەت بۆ تەواوی جیلەکانی دوای خۆی. هەر دوابەدوای ئەویشدا، دوکتور قاسملووی شەهید بووەتە قاسیدێکی دیکەی گوازتنەوەی هزری ڕزگاریخوازی بۆ وەچەکانی داهاتوو. ئێمە لانیکەم لەو چەند ساڵەی دواییدا دیتوومانە، هەرکە ڕاپەڕینێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سازدەبێ، گەورە و بچووکی نیشتمانەکەمان لەو بەشە چۆن هاواری "قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" لەسەر شەقامەکان و لەنێو هەناوی دوژمندا دەڵێنەوە. یا ئەوە کە، نیشتمانپەروەرێک وەختێک دەچێتە شاری پاریس، ئەوەندەی بۆی بلوێ سەردانێکی گۆڕستانی پێرلاشێز دەکا. چونکە، بەو کارەی پێی وایە ئەرکێکی ئەخلاقی دەرهەق بە ڕێبەر و ماموستایەکی کاریزما بەجێ گەیاندووە. هەروەها، یەکەم ڕستەی پڕ لە مانا کە بەرچاوی دەکەوێ و لەسەر کێلی گۆڕەکە هەڵکەندراوە، "کە من مردم، کورد نامرێ" سرنجی ئەو ڕادەکێشێ قوڵتر بیر لە داخوازییە نیشتمانییەکانی بکاتەوە. یا هەرکات گرفتێکی سیاسی بۆ جەماوەر لەهەمبەر گرتنەبەری ڕێکارێکی ماقوڵ و هەڵوێستێکی بەجێ دروست دەبێ، پەنا بۆ ئاخاوتنەکانی ئەو سەرکردە شەهیدە دەبەن کە کاتی خۆی تۆمارکراون. کۆتا قسە دوای ئەو

کۆمەڵە قەناعەتە ئەوەیە، ئێستا کە بەرەو ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزرانی حیزب دەچین، ئێستا کە ٨٠هەمین ساڵی تەمەنی پڕ لە شکۆ و خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانی تێپەڕدەکا، دەبێ گەلێک شاد و دڵخۆشبین، چونکە توانیویەتی خۆڕاگر بێ و بە سیاسەتی دروست و پێ لەسەر عەرزی واقیع دەستکەوتێکی مەزن بەدیاریی بێنێ. توانیویەتی ئەرکی ڕاگوێزانی بیر و هەستی نەتەوەیی بۆ نێو دڵ و زەینی تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان سەرکەوتووانە جێبەجێ بکا. ئاکامەکەشی ئەوەیە کە خەڵک لەو بەشە ئیدی لەسەر ئەوە ڕانەوەستاوە ڕۆژێک لە ڕۆژان پێشمەرگە بگەڕێتەوە و ڕزگاریان بکا، نە پێیانوایە حکوومەتیش خاوەن نیشتمانەکەی ئەوانە تا ئاوەدانی بکاتەوە، بەڵکوو خۆیان ساحێبی هزر و هەستێکن بەدوور لە شێوازی کلاسیک و کۆن. خۆیان دەسەڵاتن، خۆیان حیزبن، خۆیان دیمۆکراتن، خۆیان پێشمەرگەن...

**٢٥ی گەلاوێژ، ٨٠ هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران پیرۆز بێ.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## "کوردستان" و ئەدەبی بەرگری




زۆربەی گەلانی جیهان لە سەردەمی خۆڕزگارکردنیاندا خاوەن تایبەتمەندییەکی مێژوویی هاوشێوەن. ئەگەر باسی ئەو بەشە وەلابنێین داخوا ئەدەبیاتی بەرگری هاندەر بووە کە خەڵک بە وشیارییەوە بەرەو بەرخۆدان هەنگاو بنێن، یا ڕاپەڕین و سەرهەڵدان بوونەتە هۆی خولقانی ئەدەبیاتی بەرگری، ئەوە قەناعەتێکی گشتی لای هەموومان دروست دەبێ کە پێمان دەڵێ: هەردوو لایەن کاریگەرییان لەسەر پشکووتن و پێشەوەچوونی هەڤدوو هەبووە و هەرجارێ لایەنێک لەو دوو لایەنە ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە، ئەویش بەپێی دۆخ و زەمەن و هەڵکەوتەی جوگرافی.

سەدەکانی ١٩ و ٢٠ خاوەن زۆرترین ئاڵوگۆڕ و ڕووداوگەلی بنەڕەتین لە مێژووی هاوچەرخدا. زۆربەی گەلانی جیهان، بەتایبەت لە باڵکان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەروەها بەشی هەرە زۆری وڵاتانی ئەفریقا توانیان لە نێوان ئەو دوو سەدەیەدا خۆیان لەدەست ژێردەستەیی ڕزگار بکەن. بزوێنەری جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی ئەو وڵاتانە لە ڕاستیدا دەگەڕاوە بۆ هەستێکی نوێگەرایی بەهێز. هەستێک کە لە شۆڕشی ئینگلیستانەوە لە سەدەی حەڤدەڕا دەستی پێ کردبوو و لە سەدەی هەژدە بە شۆڕشی فەڕەنسە بەهێزتر ببوو. بەرهەمی هەرە گرنگی ئەو نوێگەرایییە دواتر کاریگەری لەسەر بەشی زۆری وڵاتانی جیهان دانا و وەکوو فکر و ئایدیایەکی سیاسی جێی خۆی لەنێو ئەدەبیاتی سیاسی گەلاندا کردەوە. وەک چۆن لە

ئینگلیستان شۆڕش بۆ دێموکراسی و گۆڕینی سەڵتەنەتی موتڵەقە بۆ پاشایەتیی مەشرووتە و بەهێزبوونی سیستەمی پەرلەمانی بەبێ خوێنڕشتن بووە هۆی گۆڕانێکی قووڵ لە کۆمەڵگەی ئینگلیستاندا، لە فەڕەنساش بە شێوەی خۆی، شۆڕشەکە گۆڕانی کۆمەڵایەتی - سیاسی لێ کەوتەوە و سیستەمی پاشایەتی بۆ هەمیشە جێی خۆی دا بە نیزامی کۆماریی دێموکراتیک و حکوومەتی سێکۆلار. هەڵبەت گشت ئەو ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییانە کە بوونە هۆی دارمانی سیستەمێکی موتڵەقە و دامەزرانی قەوارەیەکی دێموکراتیک، هەروا ئاسان جێبەجێ نەبوون و دەبوایە کۆمەڵگەی ئەو وڵاتانە پێشتر ئامادە بکرێن بۆ وەرگرتنی گۆڕانی لەو چەشنە.

ئەو گۆڕانەش پێویستی بە ئامراز و زەمەن هەبوو. بۆ گواستنەوەی فکر و ئایدیا دەبوایە ڕووناکبیرانی کۆمەڵگە قۆڵی لێ هەڵماڵن و بە نووسین و بڵاوکردنەوەی خەون و خۆزگەکان لە کات و زەمەنی گونجاودا ئەرکەکە بەجێ بگەیەنن و ڕێگا بۆ ڕاپەڕین و ئاڵوگۆڕی بەکردەوە خۆش بکەن. بە خوێندنەوەی مێژووی ئەو گەلانە دەبینین هەم ڕووناکبیرەکانیان و هەم نووسراوە و بەرهەمەکانیان وەکوو ئەستێرە لەسەر ڕوخساری مێژوویاندا دەدرەوشێنەوە، چونکە ئەوان لە قۆناغێکی گونجاودا، هەموو بیر و هزریان تەرخانی خزمەت بە ڕزگاریی نەتەوەیی خۆیان کرد. ئەوان یا هەلومەرجیان بۆ ئاڵوگۆڕ خوڵقاند یا ئەگەر گۆڕانێکی ناوچەیی دەستی دابێ، بە باشترین دەرفەتیان زانیوە و قۆستوویانەتەوە. کوردستان، نیشتمانێکی دابەشکراوی سەردەمە جیاوازەکان، یەک لەو شوێنانەی جیهان بووە کە زۆرترین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەیی لە دەوروبەری خۆی دیتووە و ویستوویەتی بە قازانجی سەربەخۆیی بیانقۆزێتەوە، لێ مەخابن تێیاندا سەرنەکەوتووە.

لە سەردەمی بەر لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی، بەتایبەت ئەوانەی سەدەی نۆزدە، هەوڵ و تێکۆشانەکان پتر ناوچەیی و عەشیرەیی بوون و سەرۆک عەشیرەتەکان تەنیا لە فکری پاراستنی جوگرافیای ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بوونە و بەس. دواتریش هەڵبەت، ڕاستە جووڵانەوەکان ڕوخساریان گۆڕیوە و ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی نەتەوەیی ڕەچاو کراوە، لێ دیسانیش لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی ئامادەیی وەرگرتنی بیر و هزرەکە نەبووە، ئەوانەش نەیانتوانیوە بە ئاکامی دڵخواز بگەن. وەختێک توێژەر لە هۆکاری سەرنەکەوتنی هەر کامیان بکۆڵێتەوە، لانیکەم بەو قەناعەتە دەگا کە لە هیچ کام لەو جووڵانەوانەدا، دۆخی گونجاو، ئامرازی پێویست، ئامادەیی کۆمەڵگە لە باری فکرییەوە وەبەرچاو نەگیراوە یا بە ڕادەی پێویست گرنگی پێ نەدراوە. دەکرێ بڵێین ئەگەر لە باکووری کوردستان جووڵانەوەیەک دەستی پێکردبێ، بەدڵنیاییەوە لە موکریانی ڕۆژهەڵات کەم کەس پێی زانیوە، جا چ بگا بەوە کە ئامادەی پشتیوانی لێکردنی بووبێ. لە دەستپێکی نیوەی دووهەمی سەدەی بیست، دوای تێپەڕبوون لە قۆناغی جووڵانەوە ناوچەیی و عەشیرەییەکان، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەر دەستپێکی ڕەوتێکی نوێدا دەکەوین و دەکرێ بڵێین شۆڕشی ڕزگاریخوازیی ئەمجارە ڕەنگ و ڕوخساری نەختێ وەکوو جووڵانەوەی گەلانی سەربەستیخواز، بەتایبەت لە باڵکان دەچێ. بۆیە نالێم زۆر شێوەی جووڵانەوەکانی ڕۆژهەڵاتی

نێوەڕاست و ئەفریقای نەداوە، چونکە وڵاتانی ئەو دوو هەرێمانەی دوایی لەبەر ئەوەی هەم دژی عوسمانییەکان ڕاپەڕیبوون و هەم گەرەکیان بوو خۆیان لەدەست دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان ڕزگار بکەن، ئامرازی هەرە بەهێزیان لەو نێوەدا گەشەی زمانی عەرەبی و دینی ئیسلام بووە. ڕووناکبیرەکانیان لەو بوارەدا کاریان کردوە ناسنامەیەکی عەرەبی ئیسلامی بەهێز فۆرموڵە بکەن تا هەم بەگژ عوسمانییەکاندا بێنەوە و هەم دواتر لەدەست کۆلۆنیالیزمی ئوورووپی ڕزگارییان بێ، نموونەی بەرچاویش لەو نێوەدا وڵاتی جەزائیر بووە.

پێشڕەوانی "ڕێنێسانس"ی جەزائیری، ڕۆشنبیرانێک بوون کە لەم قۆناغەدا جەختیان لە پەروەردە و زمانی عەرەبی و شوناسی ئیسلامی کردوەتەوە. بە خوێندنەوەی مێژووی گەلانی باڵکان بەڵام، بۆمان دەردەکەوێ دۆخەکە لای ئەوان هەندێ جیاوازتر بووە. ئەوانیش لە لایەک نزیک بە پێنج سەدە ژێردەستەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون و لە لایەکی ترەوە داگیرکاری وڵاتانی زلهێزی دەورووبەر. ڕۆشنبیرە نیشتمانپەروەرەکانیان هەم لە سەردەمی عوسمانیدا و هەم دوای ئەو قۆناغە، ڕۆڵی گرنگیان گێڕا لە داڕشتنی شوناسی نەتەوەیی. بۆ وێنە لەنێو ئەلبانییەکاندا کەسایەتیی ڕووناکبیری وەکوو نەعیم فرەشەری هەرکە دیتی عوسمانییەکان بەرەو لاوازبوون دەچن، هەوڵی تەواوی دا شوناسی نەتەوەیی ئەلبانی زەق بکاتەوە. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد کە سەدەی نۆزدە بە سەدەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم ناسراوە، دەبینین لە بەشی ئەورووپیی ژێردەستەی ئیمپراتۆری عوسمانیدا، گەلانی ئەویش هەموو هەوڵی خۆیان بۆ گەشەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی مەسیحی دەخەنەگەڕ. ڕۆشنبیرانی ئەم بزووتنەوانە بە پشتبەستن بە ناسنامەی نەتەوەیی و زمانەوانی، بە ئاراستەی دابڕان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و پێکهێنانی نەتەوە نوێیەکانی باڵکان مامەڵەیان کردوە و بەمەش وردە وردە کولتووری بێگانەی عوسمانییان لە باڵکان دوور خستووەتەوە. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە ڕۆڵ و تایبەتمەندییەکانی ڕۆشنبیرانی نیشتمانپەروەری ڕۆمانیا لە سەردەمی عوسمانیدا بکەین. ئەوان سەرەتا هەوڵیان دا بۆ زیندووکردنەوەی زمان و کولتووری خۆیان. زمانی ڕۆمانییان لە کاریگەرییەکانی سلاڤی و یۆنانی پاک کردەوە و کردیان بە زمانێکی ستاندارد و ئەدەبی. هەروەها جەختیان کردەوە لەسەر ڕەگ و ڕیشەی لاتینی، واتە بە پشتبەستن بە مێژوو و ڕەگی لاتینی گەلانی داکیا و ترانسیلڤانی. هەروەها پێداگر بوون لەسەر پەیوەستکردنی ڕۆمانییەکان بە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و شوناسی لاتینی. هەر ئەو ڕۆشنبیرانە تێکۆشان بۆ دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و بزووتنەوەکەیان یارمەتیدەر بوو لە چێکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی هاوبەش لە نێوان ناوچە جیاوازەکانی دانیشتووانی ڕۆمانی (مۆڵدۆڤا، والاچیا و ترانسیلڤانیا). لە پەنا ئەوەشدا، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر کەنیسە دانا و پیاوانی ئایینی و ڕۆشنبیرانی ئایینی بە بەشدارییان لە ڕێنێسانسی بەردەست، ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لە بەرەوپێشبردنی زمان و ناسنامەی نەتەوەیی لەناو خەڵکی ئاساییدا. دەبێ بڵێین کە ڕۆشنبیرە ڕۆمانییەکان لە ڕێگەی هەوڵەکانیانەوە بناغەی جووڵانەوەیەکی ڕووناکبیرییان بۆ ڕۆمانییەکان دامەزراند تاکوو هەوڵ بۆ سەربەخۆیی لە دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و زلهێزە گەورەکانی دیکەی ناوچەیی بدەن. لە پەنا ڕۆمانییەکان و

لە هەمان سەردەمدا دەبینین بولگارییەکانیش بێکار دانەنیشتوون و نوخبە و هەڵکەوتەکانیان لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا جەختیان لەسەر گرنگی زمانی بولگاری و مێژووی هاوبەشی بولگارییەکان کردوەتەوە و بە نووسینی دەقی مێژوویی و ئایینی، هەستی نەتەوەیی خەڵکی خۆیان بزواندووە و بەهێزیان کردوە.

ئەوان جیا لە گرنگی‌دان بە پەروەردە و کولتوور، تەنانەت خەباتی سیاسی و چەکداریشیان بە ئامانجی دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی و ڕزگاری لەدەست عوسمانییەکان دەست پێکرد. بولگارەکان ڕووناکبیری وەکوو پایسی هێلساندارسکییان هەبوو کە هەر لە سەدەی هەژدەوە خۆی بە مێژووەوە ماندوو کرد و یەکەم مێژووی گشتیی بولگاریای نووسی و تۆوی ناسیۆنالیزمی بولگاری چاند، یا خریستۆ بۆتێڤ، وەک شاعیر و ڕۆژنامەنووس و شۆڕشگێڕ، دواتر بوو بە ڕەمزی بەرخۆدان و خەباتی ڕزگاریخوازانە. لە دراوسێیەتی ئەوانیشدا یۆنانییەکان، ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان وەخۆکەوتن و تەنانەت وەکوو ناوەندێک کاریگەرییان لەسەر خەڵکانی دەوروبەری خۆشیان دانا. ڕۆشنبیرانی نیشتمانپەروەری یۆنانی لە سەردەمی عوسمانیدا، وەکوو ئاداماتنیۆس کورایۆس و ڕیغاس فێرێئۆس و زۆر کەسی تر بە پشتبەستن بە شارستانییەتی هێلینیک و ئورووپی‌بوون و بە ئیلهام وەرگرتن لە دەورەی ڕێنێسانس و سەردەمی ڕۆشنگەری، بنەمای فکری و ڕێکخراوەییان بۆ سەربەخۆیی یۆنان دابین کرد، ئەویش بە زیندووکردنەوەی زمان و کولتوور و مێژووی یۆنانی کۆن. وەکوو بیرۆکە بابەتی ناسیۆنالیزم و دەوڵەت - نەتەوە لە یۆنان، یا هەمان ناسیۆنالیزمی یۆنانی و داوای ڕزگاری لەدەست دەسەڵاتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتمانیی یۆنانی مۆدێرنیان هێنایە گۆڕێ. ڕۆشنبیرەکانیان بە بڵاوکردنەوە و بەرەوپێشبردنی چەمکی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی مۆدێرن هەوڵیان دا کۆمەڵگەی خۆیان ئامادەی تێکۆشانێکی بەربەرین بکەن. ڕۆڵ و چالاکیی ڕووناکبیرەکانیان پتر جەختکردنەوە بوو لەسەر میراتی کۆن، واتە زیندووکردنەوەی مێژووی یۆنانی کۆن و بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی خۆیان و بەراوردکردنی لەگەڵ شوناسی عوسمانیدا. لەگەڵ بیرۆکەی شوناسخوازی، ئەرکێکی گرنگی دیکەشیان جێبەجێ کرد، ئەویش زیندووکردنەوەی زمانی یۆنانی، یا باشترە بڵێم هەوڵدان بۆ ستانداردکردن و پێشخستنی ئەو زمانە وەک زمانی نەتەوەیی کە هێمای یەکگرتوویی بێ. لە بەشێکی دیکەی هەوڵەکانیاندا، دامەزراندنی کۆمەڵگەی نهێنییان کردە ئامانجی سەرەکی. ڕێکخراوە سیاسی و سەربازییە نهێنییەکانیان بە مەبەستی پلاندانان و ئەنجامدانی ڕاپەڕین وەک خواستی بنەڕەتی وەبەرچاو گرت و بە چەکی کولتووری و سیاسیی یۆنانی، دژی هەژموونی کولتووری عوسمانی وەستان و هەوڵیان دا لەجێی نەریتە کۆنەکانی عوسمانی، بیرۆکەی مۆدێرن و ئورووپی جێگیر بکەن. کوردستان، ئەویش وەکوو هەموو ئەو وڵاتانەی باسم کردون، بێبەری لە کارتێکەری ئەو سیاسەت و هەژموونییانە نەبووە کە لە ناوچەدا خاوەن دەسەڵات بوونە، بەتایبەت ئەوانەی هەوڵیان داوە بۆ سڕینەوەی ناسنامە و هەستی نەتەوەیی و بڕینی زمانی کوردی. تازە دەبێ بڵێم بە جیاوازییەکی گەلێک زۆر، چونکە ئەگەر بولگاری یا ڕۆمانی و یۆنانی کەوتنە ژێر هەژموونی کولتووریی عوسمانی، کوردستانی ماڵوێران بە دوو و سێ پارچەبوون، خرایە ژێر زەختی سێ ئیمپراتۆری ناوچەکە، واتە ئێران و ڕووس و عوسمانی. هەندێ ناوچەی کوردستان



سەرچاوە Serchawe

تەنانەت چەند جارێکیش لە مێژوودا کەوتنە ژێر سەیتەرەی هەرسێکیان، چونکە لەبەر شەڕ و ململانێی ئەو سێ زلهێزە، کوردستان هەمیشە یەکەم شوێن بووە ناخواستە بووەتە گۆڕەپانی پێکدادانیان. بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەک لەو شوێنانەی کوردستانی گەورە بووە کە لە کاتی شەڕی نێوان دەوڵەتەکانی دەوروبەردا زۆرجار دەستاودەستی پێ کراوە.

بابەتی سەرنجڕاکێش و جێی باس ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردی لەو بەشە، بەدوای ئەو گشتە زەخت و ئاڵوگۆڕانەدا هێشتا کوردانە ماوەتەوە و ناسیۆنالیزمی کوردی وەکوو خوێن بە دەمارەکانی جەستەی تاکی کورددا دەگەڕێ. ئەوە پێمان دەڵێ کە بۆ هیچ توێژەرێک زەحمەت نابێ بەدوای وڵامێکی بەجێ بۆ دۆزینەوەی هۆکاری زیندوومانەوەی ئەو هەستەدا بگەڕێ. کورد لەو بەشەی کوردستان، دوابەدوای جووڵانەوەی ناسیۆنالیستیی سمکۆ نائومێد نەبوو و زۆری نەخایاند و لە یەکەم دەرفەتی بەردەستدا، بە هیممەتی ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەرانی سەردەم هەستایەوە سەرپێ. چونکە، وڵاتی ئێران لە سەروبەندی شەڕی دووی جیهانیدا ئاوسی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ و لاواز لە باری نیزامی و ئیدارییەوە بوو. وەختێک کەوتەبەر شەپۆلی ئاڵوگۆڕەکانی ئەو شەڕە، لەجێوە لە لایەن دەوڵەتانی ڕووس و ئینگلیسەوە لە ٢٥ی خەرمانانی ١٩٤١دا دابەش کرا.

بە پێی هەڵکەوتەی جوگرافی بەشی زۆری ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەبەر سۆڤیەت کەوت. بە قۆستنەوەی ئەو دابەشکارییە، ڕووناکبیر و نوخبەکانی ئەو سەردەمە جووڵەیەکی نوێیان دەست پێکرد و بە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٢دا، یەکەم بەردی بناغەی ڕێکخراوێکی سیاسییان دامەزراند. ئامانجی ئەو ڕێکخراوە وەک لە ڕۆژنامەی زمانحاڵی ئەودا هاتووە، ئازادیی نیشتمان بووە. بیری ڕووناکبیرانی دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵەیە بە ڕوونی لە ژمارەی یەکی گۆڤاری "نیشتمان"دا هاتووە و دەڵێ: "کۆمەڵەی ژ-ک تێدەکۆشێ تا زنجیر و کەڵەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵێ و لەم کوردستانە لەتوکوتەی ئێستا، کوردستانێکی گەورە و ڕێکوپێک بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێک بە سەربەستی تێیدا بژی...." بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێکخراوە، تەنانەت هەر لە یەکەم نووسراودا باس لە ئاستی توانایی و چۆنیەتیی تێکۆشانی خۆیان دەکەن و دەڵێن: "هەندێک کەس وای لێک دەدەنەوە کە دەبێ نەتەوەی کورد بە زۆر و نیروی چەک ڕزگار بکرێت، بەڵام ئەوانە بەهەڵە چوونە و ڕێگای ڕاستیان لێ ون بووە چونکوو چەک و تفاقی شەڕ کە لە چەنگ کورد دایە، لە بەرانبەر چەک و تفاقی شەڕی ئەوانەی بوونە بەرهەڵستی سەربەستیی ئێمە کار ناکات و دەبێ کورد بزانێت ئەمڕۆ تفەنگ لە چاو گوللە پژێن و تۆپ و تانک و فڕۆکە و... توفتۆفەیەک زیادتر نیە. تەنیا ڕێگایەک دەبێ کورد بەرەو سەربەستی پێیدا بڕوا، شەقامی شارستانیەتییە، ئەو ڕێگایە ڕاست و ڕەوان دەچێتە نێو مێرگی ئازادی و سەربەستی ..." گەرای دامەزرانی کۆڕێک لە ڕووناکبیرانی کورد بە بیرکردنەوەی جیاواز، مەودایەک دەخوڵقێنێ کە تاکی کورد بە چاوی هەڵسەنگاندن سەیری سەرهەڵدانەکانی پێشوو بکا و پێشنیاز و پلانی نوێی بۆ داهاتوو هەبێ، بێ ئەوەی بکەوێتە گێژاوی ئایدیۆلۆژییەکی تایبەت. هەر ئەو کۆمەڵە ڕووناکبیرانەی تا دوێنێ ئەگەر ناچار بوون بە ئامانجی ڕاگۆڕینەوە و ڕاوێژێکی

سیاسی لە حوجرە و خانەقاکاندا کۆبینەوە، بە دوای دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە دەوری گۆڤاری نیشتمان کۆبوونەوە.

لەڕاستیدا ئەو گۆڤارە بوو بە پلاتفۆرمێکی مۆدێرن بۆ بڵاوکردنەوەی بیرە جیاوازەکان و لەسەرووی هەمووشیانەوە ناساندنی هەرچی پتری بیری ناسیۆنالیستیی کوردی، یا باشترە بڵێم پەرەسەندنی کوردایەتی. زۆری نەخایاند و تەنیا سێ ساڵێک بەسەر ئەو دامەزرانەدا تێپەڕی و هەر ئەو ڕووناکبیرانە دیسان ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٤٥، دوابەدوای هەڵسەنگاندنی دۆخی سەردەم و بەرژەوەندی کورد لەو قۆناغەدا، "کۆمەڵەی ژ – ک"یان گۆڕی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەوانە ئەگەر پێشتر یەک لە شەرتەکانی ئەندام وەرگرتن لایان ئەوە بوو کە شێخ و مەلا و ئاغا بۆیان نیە، دوای دامەزرانی حیزب، ئەمجار خۆیان کەسایەتیی خۆشنێو و بەوەجی وەکوو "قازی محەممەد"یان بانگهێشت کردوە. هەر ئەوانە، دوابەدوای ئەو ئاڵوگۆڕانە، کۆماری کوردستانیان دامەزراندووە و گرنگترین نەخشیان بە جەنابی قازی وەکوو پێشەوا و سەرکۆمار ئەسپاردوە. بەوەندەش نەوەستاون و ئەمجار بە زیادیشەوە، لە دەوری ڕۆژنامەی کوردستان کۆریان بەستووە کە لەو کاتەدا زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە.

وەختێک بە تێڕامانەوە سەیری بابەتەکانی "کوردستان" دەکەین، دەبینین سنوورە دەستکردەکان وەلانراون و ئەژمارێک لە ڕۆشنبیر و نووسەرانی باشووری کوردستانیش ڕوویان لە نووسین بۆ ئەو گۆڤارە کردوە. "کوردستان" ئیتر لەو وەختەوە بووەتە قوتابخانەیەکی بەوەج بۆ پەروەردە و گەشەی زمانی یەکگرتووی کوردی، پلاتفۆرمێک بۆ کۆبوونەوەی گشت بیر و هزرە سیاسییەکانی سەردەم و تریبوونێک بۆ بڵاوکردنەوەی ئامانج و خواستەکانی کورد و گەیاندنی هزری سەربەستی و ئازادی بۆ هەموو شار و گوندەکانی کوردستان. ئەو ڕۆژنامەیە ئیتر، لەو وەختەوە بوو بە بەردی بناغەی قوتابخانەیەک و سەرچاوەیەکی مێژوویی کە جیا لەوەی هەموو ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی تێدا تۆمار دەکرا، لە هەمان کاتدا ببوو بە گەنجینەیەکی ئەدەبیی دەوڵەمەند و فێرگە و ناوەندێکی بەوەجیش. چونکە، بەشێکی فرە لە بەرهەمی تەواوی شاعیر و نووسەر و سیاسییەکانی ئەو قۆناغە لەو گۆڤارەدا بڵاو دەبۆوە. ئێمە ئەمڕۆ بە خوێندنەوەی بابەتەکان، دەبینین هەر هەموو قەڵەمبەدەستانی ئەوکات، بە ژن و پیاوەوە بگرە هەتا مرۆڤگەلی ئایینی و سێکۆلار، جا دەوڵەمەند بوایە یا هەژار، لەهەمبەر یەک هەستدا خۆیان بە بەرپرسیار زانیوە: دەبێ نووسین و بەرهەمی ئەدەبی لە خزمەت گەلەکەیدا بێت. هەروەها هاندەر بێت بۆ تاکی کۆمەڵگە بە مەبەستی خزمەت بە نیشتمان و پاراستنی سەربەستی و ئازادیی خۆی. هاوکاتیش خزمەتی پەرەپێدانی هەمان هزر و بیرکردنەوە لە بەشە ژێردەستەکانی دیکەی کوردستان بکا. بە خوێندنەوەی مێژووی گەلان، زۆر ناوی ناسراومان بەرچاو دەکەوێ کە نەخشی بەوەجیان گێڕاوە لە بەرەوپێشبردن و بڵاوکردنەوە و بەهێزکردنی هزری سەربەخۆیی وڵاتەکەیاندا. بۆ وێنە شاعیر و نووسەرانی یۆنانی. ئەوان لەنێوان شەڕەکانی یەکەمی جیهانییەوە تا

دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، هەموو پێنووسەکانیان خستەگەڕ بۆ خزمەتی گەشەسەندنی بیری سەربەخۆیی وڵاتەکەیان.

لە نیشتمانی ئێمەش، ڕۆژنامەی کوردستان کە بەتەمەنترین گۆڤاری زیندووی کوردییە، چەشنی مەکۆیەکی مەئمەن، ڕووناکبیرە ناسراوەکانی وەکوو حەسەن قزڵجی، هێمن، هەژار، هێدی، فایەق بێکەس، قانع، مەلا مارف کۆکەیی، شێخ جەمیل زیائەدینی، دڵدار، دڵشاد ڕەسووڵی، سەید کامیل، مامۆستا حەقیقی، سەید محەممەد حەمیدی، محەممەد نووری (عەتری گڵۆڵانی) و زۆرانی تری کۆکردەوە. ئەو نووسەرانە جیا لە بابەتەکانی خۆیان، بە سەدان بابەتی دیکەی نووسەرانی ناسراو و نەناسراوی ئەو سەردەمە و بەرلە خۆیان چاپ و بڵاو کردەوە. ئەو ئەرکە گرنگانەی ئەو ڕووناکبیرە کوردانە لەو قۆناغەدا لەبەردەم خۆیان دانا و تێیدا سەرکەوتن، بریتی بوون لە: دامەزراندنی بناغەیەکی پتەو بۆ پەروەردەکردنی ئەدەبی بەرگری، دامەزراندن و گەشەپێدانی زمانی یەکگرتووی کوردی، پێناسەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی، پاراستن و بەهێزکردن و پەرەپێدانی کوردایەتی لە سەردەمە سەخت و دژوارەکاندا، تەنانەت دوای نەمانی کۆماری کوردستانیش. ئەو هەستە گیانفیداییە، ئەو ئەدەبیاتە شۆڕشگێڕانەیە، جیا لەوەی هێزێکی بە باوەڕ بوو لە زەینی هەر تاکێکی کورددا، ڕۆحیشی بەخشی بە هەستی خۆشویستن و ڕێزلێنان لە سیمبۆلەکانی دیکەی نەتەوەیی وەکوو ئاڵا و سروود و نیشتماندۆستی.

به واتایەک، وەختێک عەتری گڵۆڵانی لە شێعری "یا وەتەن یا مردنم"دا دەڵێ:

"باری ئەستۆی دوژمنە وا هێسی کردوە گەردەنم، نامەوێ ئەو ژینە تاڵە یا وەتەن یا مردنم
ئەی وەتەن لەو وەختەوە ئەم ڕۆڵەیەت هاتۆتەڕوو، شیری تۆی کەوتۆتە یاد و مێهری تۆی کەوتۆتە خوو" ...

ئیدی ڕووناکبیر و نووسەری کوردیی هیچ سەردەمێک، تا ئەو ڕۆژەی نەتەوەکەی وەکوو گەلانی دیکە سەربەست نەبێت، ناتوانێ ئەو هەستە وەلابنێ. ڕەنگدانەوەی ئەو هەستە نیشتمانپەروەرییە نەک هەر لە گۆڤاری کوردستاندا، بەڵکوو لە گۆڤار و هەفتەنامەکانی دیکەی وەکوو هاواری کورد، ئاوات، هەڵاڵە و هاواری نیشتمانی سەردەمی کۆمار و گۆڤارەکانی دیکەی دوای کۆماریشدا بووەتە هەوێنی شێعر و پەخشانەکان. بە واتایەک گرنگیدان بە ئەدەبی بەرگری لە هەمووی ئەو بڵاوکراوانەدا بەردەوام وەبەرچاو گیراوە. گۆڤاری "کوردستان" لەنێو گشتیاندا نموونەیەکی هەرە دیار و ناسراوە و لەمەڕ بڵاوکردنەوەی ئەو ئەدەبیاتە شۆڕشگێڕانەیە پشکی شێری پێ براوە. ئەو ڕۆژنامەیە ئێستاشی لەگەڵ بێت، دوای هەشتا ساڵ تەمەن، کە دیارە وێڕای حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشی هەرە زۆری لە ئاوارەییدا تێپەڕ کردوە، هەروا بە هیممەت و تێکۆشانی نووسەرانی دڵسۆزی خۆی، لە چاپ و بڵاوبوونەوە نەکەوتووە. گەلی کورد بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe

بەتــایبەت، ئەمەگــداری خــۆی کــردوە. چــونکە مێــژووی نووســراو و پــارێزراوی هەشــتا ســاڵ تەمەنــی بەرخــۆدان و شــەرحی ڕووداوگەل و بەیانی ئاڵوگۆڕ و هزر و ئامانجەکانی ئەو بەشەیە. لە هەمان کاتدا قوتابخانەیەکیش بووە بۆ پێگەیاندن و پەروەردەی سەدان خاوەن قەڵەم و ئاشناکردنیان بە ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانەی سەردەمەکان.

٢٤ی بەفرانباری ٢٧٢٥

# هەڵگەڕانەوە، دوایین قۆناغی ناهومێدی




هەڵگەڕانەوەی لایەنگر و هاندەر و بوون بە ڕکابەر، پرۆسەیەکی فرەڕەهەندە. ئەو دیاردەیە جیا لە وەرزش، لە سیاسەت و بازاڕکردنیشدا بەدی دەکرێ. کردەیەکی پێچەوانەیە، بە واتایەک پشتیوانیکردنی پێشوو جێی خۆی دەدا بە دوژمنایەتی. لێکەوتەش دەبێتە ناهومێدی یان ڕکابەرایەتیی چالاک. ئاڵوگۆڕێکە و بەستراوەتەوە بەوەی کە لە کام بواردا ئاماژەی پێ بکرێ. بۆ وێنە لە وەرزشدا زۆرجار ڕکابەریی تەندروست، دەگۆڕێ بۆ هاندەرایەتیی کوێرکوێرانە. لە جیهانی سیاسەتدا بەردەوام هەڵدەکەوێ ئەو گۆڕانە قووڵتر بێ و جەمسەرگیریی سیاسیی لێ بکەوێتەوە و دواجاریش بچێتە قۆناغی ناهومێدیی تەواو. هەڵدەکەوێ هەندێ کەڕەت خەیانەتیشی بەدوادا بێ. لایەنگر لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا دەبێتە دژبەرێکی سەرسەخت، چونکە سەرکردە، سیاسەتمەدار یان حیزب و سازمان و ئەو براندەی پێشتر باوەڕی پێی هەبووە، بە پێچەوانەی ئایدۆلۆژیی ئەو جووڵاوەتەوە یان لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی پێشوودا کەمتەرخەم بووە.

هەڵگەڕانەوە یاخود بڵێین گۆڕانی لایەنگری بۆ دژبەرایەتی، دیاردەیەکی باوی کۆمەڵایەتی - سیاسییە و زۆربەمان ئەو جێگۆڕکێیەمان لە زۆر بواردا بینیوە. بەپێی توێژینەوەکان، گرنگترین هۆکاریش بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە، وەک پێشتر ئاماژەی پێکراوە، بێهیواییە. واتە، چیتر ئایدیال لەگەڵ واقیع تەبا نابێ و ناگونجێت. کەسی لایەنگر سەرەتا وێنەیەکی تەواو ئایدیالی لە مێشکی خۆیدا خوڵقاندووە و دواتر لەبەر زۆر هۆکار ئەو وێنەیە دەشێوێ. ئەویش سەرەتا لە لایەنگر دەبێتە ڕەخنەگر و دواتر ناڕازی و لە دواساتیشدا دژبەری تەواو. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە زۆر کەڕەت، ئەگەر ئەو کەسانە لەلایەن ڕێبەران یان حیزب و گرووپەکانەوە سەرکۆنە دەکرێن و لە پەراوێز دەخرێن، ئیتر کەسەکەی پێشوو نامێنن و ڕێگەی ڕکابەری و ململانێ دەگرنە بەر. لەوەش خراپتر، چونکە ئەو ناڕازییانە ئەوجار لەلایەن کەسانی وەفادار بە ئایدیای

پێشوو تۆمەتبار بە خائین و ئاژاوەگێڕیش دەکرێن، لە کۆتاییدا ئاکامێکی مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە و ڕەنگە کەسەکە گیانیشی لەسەر دانێ.

هەندێ پێشتر لە باسەکەمدا، ئاماژەم بە بێهیوایی کرد وەکوو بنەمای ئاڵوگۆڕی فیکری و دواجار هەڵگەڕانەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێنمە گۆڕێ، ئەرێ ئەو دیاردەیە، واتە "هیوا" چییە کە بە خەوشداربوونی، مرۆڤ لە دۆخێکەوە دەگۆڕدرێت بۆ حاڵەتێکی تر؟ هیوا یاخود هومێد دیارییەکی بەوەجە و بە ڕێژنەی خۆزگە و خەیاڵ پاراو دەبێت. قەدیمییەکان گوتوویانە کە هیوا دیاریی گوماناویی خوداکانە. لەبارەی هیوا و هومێد زۆر نووسراوە و گەلێک زانا لێی دواون. هیوا وەکوو هەست، لەوەتەی هەیە، نەک هەر مرۆڤەکان، بەڵکوو ئاژەڵ و زیندەوەریش ژیان و گیانی خۆیان فیدای ئەو کردووە. هومێد یان هیوا لە میتۆلۆژیی یۆنانی کۆندا سەرەتا لە گۆزەیەکدا دەدۆزرێتەوە. خوداوەند "دیا" ئەو گۆزەیەی بە یەکەم ژنی مرۆڤایەتی بەخشیوە. ئەو ژنە ناوی پاندۆرا بووە. خوداوەند دیا، داوای لە پاندۆرا کردووە زاری گۆزەکە نەکاتەوە. بەڵام، ژنە یەخسیری دەستی پەیجووری، کاتێک زارکی گۆزە دەکاتەوە، گشت چارەڕەشی و نەهامەتییەکانی نێوی دەڕژێتە دەر و مرۆڤایەتی لەخۆیدا نووقم دەکا. پاندۆرا دەترسێ و هەوڵ دەدا زارکی گۆزە دابخاتەوە، بەڵام تازە بێسوود دەبێ. ئەوەی نەدەبا کرابا، ئەو کردبووی. لەو نێوەدا، تەنیا یەک بابەت لەنێو گۆزەدا دەمێنێتەوە، ئەویش هومێد بووە. دەردەکەوێ کە خوداوەند دیا، واتە باوکی خوداوەندەکان، لەنێو ئەو گشتە نەهامەتی و چارەڕەشییەدا، هومێدیشی داناوە. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە تەنیا هومێدە، نەڕژاوەتە دەر و لەنێو خەڵکدا بڵاو نەبووەتەوە. ڕەنگە دەرنەکەوتنی هومێد وێڕای نەهامەتییەکان حیکمەتێکی لەپشت بووبێ. وەکوو خوڵقاندنی مەجالێک بۆ مرۆڤەکان کە بێجووڵە نەوەستن و هەوڵی دەرهێنانی ئەو بە یارمەتیوەرگرتن لە هێزی خۆیان بدەن. هومێد کە هێندە باسی دەکرێت بەڕاست چی بووە؟ نیچە، فەیلەسۆفی ئەڵمانی پێی وایە هومێد خراپترینی خراپەکانە، چونکە ناڕەحەتی و ئازاری مرۆڤ درێژماوەتر دەکا. ئەرەستوو هومێد وەکوو خەونێک لە کاتی وشیارییدا دەبینێ. هومێد ئەگەرچی دەتوانێ کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ژیانی مرۆڤدا هەبێ، لە هەمان کاتدا دەتوانێ نەرێنیش بێ، بەتایبەت ئەو کاتەی هێزی بەسەر کار و پلانەکانی ئێمەدا بشکێ. ئەو دەتوانێ بە ئاسانی تووشی بێکردەوەییمان بکا و ترسنۆک و خۆشباوەڕ بارمان بێنێ. بەهۆی ئەو، دەتوانین زۆر بە سادەیی سەیری تێپەڕبوونی ژیان بکەین، چاوەڕێی کەسێک یان خودایەک بین، بەڵکوو چارەنووسمان بگۆڕێ و خۆمان بە قەناعەت بگەیەنین کە دیاردەیەکی سەیر نییە ئەگەر کز و بێدەسەڵات، هۆگری هۆکاری دەرەکی بین. بۆیە، پەندێکی ئەڵمانی هەیە کە دەڵێ: بەهێزەکان ئیرادەیان هەیە و لاوازەکان هیوا و هومێد.

بابەتی هومێد و هەڵگەڕانەوە بۆیە بەلامەوە گرینگ بووە و هێناومەتە بەرباس، چونکە ئەم ڕۆژانە بەهۆی ئاڵوگۆڕە خێراکانی ناوچەکەمان، دەرکەوتەکانی ئەو بەشێوەی جۆراوجۆر دەبینین. ڕەنگە زێدەڕۆییم نەکردبێ ئەگەر بڵێم کۆمەڵگەی



سەرچاوە Serchawe

ئێران بۆ بەیانکردنی چەمکێکی ئەوتۆ، نموونەیەکی زۆر زەقە و ناتەباییەکان لەوێدا ڕوونتر دەبیندرێن. هەموومان کەم و زۆر دەزانین کە نزیک بە نیو سەدە دەبێ لەلایەن ڕێبەران و هێزە سیاسییەکان و دامودەزگاکانی حکوومییەوە، دانیشتووانی ئەو کۆمەڵگەیە لەباری فکری و عەقیدەتییەوە بۆ لایەنگربوونێکی تۆخ یان بە واتایەکی تر بەندەیی و هۆلیگانبوون ئامادە دەکرێن. هەرچەشنە بڕیار و تێفکرینێک لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەوە، بووەتە ئایەتی پیرۆز لەنێو لایەنگران یاخود مریدەکانەوە. فەرمانڕەوایانی دەزگای حاکم هەر لە سەرەتاکانی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، دژایەتییەکی ئامانجداریان دژی زۆربەی وڵاتان و بەتایبەت ئەمریکا و ئیسرائیل کردە سیاسەتی ڕۆژانەی خۆیان. بەرەبەرە باری فکری و مەکتەبییان بەو سیاسەتە دا بۆ ئەوەی چاکتر لە زەینی هۆگرانیاندا وەکوو ئایدۆلۆژی جێ بگرێت. چەند بەرەباب بەو گوتارە فرچک دران و دژایەتیکردنی ئەو دوو وڵاتە بۆ زۆربەی کاربەدەستان بووە بنەمای سەرکەوتن بە پەیژەکانی گەیشتن بە دەسەڵاتی پتردا. هەروەها نێوەنێوە وەک فەرهەنگی خۆپێناسەکردن و وەفاداریی تەواو بە نیزام جێی خۆی کردەوە.

ئەگەر ململانێ و نێوان‌ناخۆشیی دەیان ساڵەی ئێران و ئەمریکا لەولا دانێین. ئەگەر کاتژمێری گەورەی سەر گۆڕەپانی تاران کە تەمەنی فەوتانی ئیسرائیلی پیشان دەدات لەبەرچاو نەگرین. هەر بەوەندە قەناعەت بێنین کە شەوی ٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٤، هێرشی ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیل کرایە سەر ئێران، تا دەگاتە دووشەممە ٢٥ی جۆزەردانی ١٤٠٥، بۆمان دەردەکەوێ کە هیوا و هومێد چۆن لە نێوەڕۆکدا بەتاڵ دەبن و بێهیوایی جێگایان دەگرێتەوە. بێهیوایی وەک دەزانین لەبەر نەبوونی هومێد و باوەڕی بەتەواوەتی، کە دۆخێک دەتوانی بە مەیلی ئەو کەسە یان کەسانە بگۆڕدرێ، دروست دەبێ و خەمێکی کاتی نییە و هەستێکی قووڵ و درێژخایەنە. وەختێک مرۆڤ تووشی ئەو دیاردە نەرێنییە دەبێ، هەست بە گیرخواردن لە بازنەیەکی داخراودا دەکا کە هیچ ڕێگایەکی دەربازبوونی بۆ نییە. وەکوو فکریش کە زەین داگیر دەکا، ڕێگایەک بۆ هەڵهاتن لە دۆخەکە ناهێڵێتەوە. لە زۆربەی ئەو کاتانەدا ماندوویەتیی فکری و شەکەتیی جەستەیی و ئازاری ڕۆحی پاڵنەری بەهێز دەبن بۆ بێباکی و خولْقاندنی هەستی بێباکی و ئیهمال و وازهێنان لە ئامانجی سەرەکی. ئەو مرۆڤەی تووشی پەتای بێهیوایی دەبێ، هەستێکی نەرێنیی سەرتاسەری مێشک و جەستەی دادەگرێت و هیوا و باوەڕی بەو بابەتگەلەی پێشوو کە لای ئەو پیرۆز بوونە، نامێنێ. ئەو کۆمەڵە مرۆڤە دواسات، هەستی لەخۆبێزارییان دەگاتە قۆناغێک کە هیچ هێڵێک سنووری نابێ و کوشتن و تیرۆر دیاردەیەکی زۆر ئاسایی دەبێ.

ئێمە لەسەرەوە وەکوو نموونە باسی شەڕ و ململانێی نێوان ئێران - ئەمریکا و ئیسرائیلمان کرد. لە چەند هەفتەی دوایی بەرلەوەی تەواوبوونی شەڕ، کۆمەڵێکی فرە لە خەڵک کە لایەنگری سەرسەخت یان خولیگانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون، بە شەو و بە ڕۆژ لەسەر شەقامەکان دروشمی لایەنگریی لە شەڕ و هێزەکانی حکوومەتییان دەدا. هاوتەریب لەگەڵ ئەو ململانێیە، دانوستانی نەیاران پێکەوە، دۆخەکەی گەیاندە قۆناغی ئاگربەس و ڕێککەوتن. سەرەتا، هەرکە هەواڵی پێکهاتن

و واژۆی ڕێککەوتن بڵاوبووەوە، لایەنگریی ئەو جەماوەرەی سەر شەقام گۆڕدرا بۆ هەڵگەڕانەوەیەکی مەترسیدار و هومێدی پێشوو جێی خۆی دا بە بێهیوایی و ناهومێدی. ئەگەر تا دوو سێ ڕۆژ بەرلە دەرکەوتنی ڕاستییەکان، جەماوەر دروشمگەلێکی بە نێوەڕۆکی پشتیوانی لە دەسەڵاتدارانی خاوەن ڕۆڵ لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکاندا بەردەوام دەگوتەوە. هەر ئەو جەماوەرە وەختێک دیتیان نێوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە بەدڵی ئەوان نییە، هێدیهێدی دژایەتییان دەست پێکرد. سەرەتا دروشمی نەرم هاتنە گۆڕێ وەک ئەوەی کە هاواریان دەکرد: "لەگەڵ دوژمنی بەدکار ئاشتی ناکەین". زۆری نەخایاند، کە ئەو حەشیمەتە زیاتر لە بڕیارەکانی دانیشتنەکان ئاگادار بوونەوە، هاواریان لێ هەستا: "قالیباف، عەراقچی، ئەی خوێنی ڕێبەرم چی؟". پاشان، هەر دوو ڕۆژ بەرلە ڕێککەوتنی کۆتایی، جەماوەری ناڕازیی سەر شەقام، ئەوجار تووڕەییەکی وەها دایگرتن کە سنوورەکانی هەڵگەڕانەوەیان تەواو تێپەڕاند و دروشمەکان لە قالبی ئاگادارکردنەوە هاتنە دەر و بوون بە هەڕەشە و کار گەییشتە ئەو جێگایەی کە هێزەکانی ئاسایشی شارەکان ناچار بە پەلاماردانی ناڕازییان بن. چونکە ئەوانە بە ڕق و کینەوە دەیانگوت: "مەرگ بۆ سازشکاری بێشەرەف" و "مەرگ بۆ عەراقچی سیخوڕ". بە واتایەک، توانیمان لە ماوەیەکی زەمەنیی کورتدا، ڕەوتی گۆڕانی ئایدیاڵ و هەڵوێست کە پشتی بە هیوا و هومێدەوە قایم بوو، ببینین چۆن پاڵی وە ترس دا.

لەوەش زەقتر، پشتیوانیی پێشوو چۆن خێرا بگۆڕدری بۆ دژایەتی. هیواش جێگۆڕکێ بکا لەگەڵ ناهومێدی. واتە هەڵگەڕانەوەیەکی ترسناک و هاندەر بۆ دوژمنایەتی. ئاکام، هێز و حکوومەت و مرۆڤگەلی سیاسی، هەرکات پرۆسەیەکی سیاسی - کۆمەڵایەتییان دەست پێکرد، ناکرێ هەر تەنیا بەشی هومێد و سەرکەوتنی پرۆسەکە بەرچاو بگرن، بەڵکوو پێویستە پشتی سکەکەش ببینن، چونکە ڕەنگە ناهومێدی و هەڵگەڕانەوەشی لێ بکەوێتەوە. ئەوەتا لە کۆی شەڕ و پێکدادانی چەند مانگی دوایی نێوان ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل، دیتمان ئاڵوگۆڕەکان بە کام ئاقاردا تێپەڕبوون و چۆن ئاکامێکیان لێکەوتەوە. قەناعەتم وەهایە هیچ هەڵگەڕانەوەیەک بەقەدەر هەڵگەڕانەوەی سیاسی مەترسیدار نییە و لە مێژوودا بە سەدان نموونە هەن و بوونەتە هۆی ڕژانی خوێنێکی زۆر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٧ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

## لە فەیسبووکی نووسەرەوە

---

### کیکی دیمووڵا



پێتدەڵێن خاوەن بڕیار نی
بۆت گرینگ نەبێ،
تۆ بەگشتی کەسێکی هەستیاری
لە هەڵبژاردندا دوودڵی و
وەلانان بەلاتەوە زەحمەتە.
ماوەیەکی زۆرە بیر لە ئەم یا ئەویان دەکەیەوە، شکدایگرتووی
ئێستا ئیدی خووت پێیانگرتووە و هەردووکیانت گەرەکە.
لە کۆتاییدا،
هەستی هەڵبژاردن لێت بووە بە دوودڵی
دەخوازی هەردووکیان هەڵگری،
مەخابن ئەوە یاسایە و دەبێ یەکیان ڕاگری.
کەم وایە بژاردەیەکی هەڵە بێ
ئەگەر ئەوەیان هەڵبژێری کە زۆرتر لێی بە گومانی.

٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## نازانم باسی کامیانت بۆ بکەم. زۆر دژوارە....



هەستم پێکرد خەفەتێکی قوڵ سەرتاپای داگرتووە. ڕوخساری خەمباری ئەو وەبیر ئەو ڕۆژەی خستمەوە کە تەنیا حەوتوویەک بەسەر شەهیدبوونی ئازاد و ئەمیر لە ناوچەی سەردەشتدا تێپەڕیبوو.

- نازانم باسی کامیانت بۆ بکەم. زۆر دژوارە.... ڕۆژێک هەژار قاسمی، ڕۆژێک قادر قادری، دواتر ئازاد ئالی و قۆیتاسی و ئەوجاریش هاوڕێیانیتر. هەرکامیان کۆڵێک بیرەوەری لەدوای خۆی جێهێشتووە و خەیاڵ بەرەو گۆشەی خەفەت ڕادەکێشێ.

- تێدەگەم. سەختە. سەردەمێک ئێمەش زۆر لە هاوڕێیانی پێشمەرگەمان دیت شەهید بوون و تەنانەت بەدەستەکانی خۆمان بەخاکمان ئەسپاردن.

- ڕاستە.

- لانیکەم ژمارەیەک لەو شەهیدانەی دواییمان لە گۆڕستانێکن کە دەتوانین سەردانی گڵکۆکانیان بکەین، بەداخەوە ئێمە زۆر هاوڕێمان کاتی خۆی شەهید بوون کە گۆڕ ونن..

ڕووبەڕووی یەکتر دانیشتبووین. کاک خالیدی عەزیزی جاران نەبوو. لێیگەڕام سفرەی دڵی خۆی بکاتەوە. کە خەیاڵ

هەڵیدەگرت، دەمزانی بە جەستە میوانی منە، بەڵام بە فیکروزیکر لە شوێنی ڕووداوەکانە. لەنەکاو دەستی پێدەکرد:

- عەلی! باوەر بکە ڕاست لە ژووری ساڵۆن بووم، چەند خولەکێک پێشتر خەڵکانێکم دەدیت بزە لەسەر لێو، سڵاو و ئەحواڵپرسی یەکتریان دەکرد، شۆخی و جەفەنگ و قسەی خۆشیش کە هەر باسی مەکە....

**چایەکەی بەردەمی هەڵگرت و یەکدوو قومی لێخواردەوە.**

- ئا ئەوەم دەگوت: هەموویان گەش و شادبوون، باسی ئازاد ئالی ناکەم کە لەدوایین ساتدا ماڵاوایی کرد و هەوڵمدا لە سەفەرەکەی پاشگەز بێتەوە.... ئا... باسی وەهابی دەکەم، وەهابی میرخزری دەڵێم، ڕەنگە تۆ لە نیزیکەوە نەتناسیبێ، ئەو شەوە، مەبەستم شەوی یەلدایە، گەش و دەم بە پێکەنین هاتە لام، هێشتا دوو قسەی خۆشمان نەکردبوو، دەمانویست وێنەیەکی یادگاری بگرین، لەنەکاو دەنگی گرمەیەکی کز هات... ئاخ، وەهاب خۆی نەگرت و خێرا ڕایکرد بۆ دەرەوە. چوو بۆوەی بزانێ چ باسە و چی قەوماوە. دەنگی گرمەی بەهێزی دووهەم.... بەداخەوە چەند شەهیدێک...

هیچ پرسیارێکم نەکرد. لێیگەرام بەدڵی خۆی بگەڕێتەوە بۆ ئەو شەوە شەهیدبارە. هەستی خۆشەویستی ئەو بۆ مرۆڤەکانی دەوروبەری، دیمەنێکیان ئافراندبوو، پڕ لە سۆزی بەژان.

**دیسان بێدەنگی زاڵ بەسەر دانیشتنەکەمانی، بە بزە و ئاخێک تێکشکاند.**

- نازانم باسی کامیان بکەم. ئەوە چارەنووسی وەهاب بوو کە دیتم لە ژووری ساڵۆن خۆی پێنەگیرا و خێرا ڕایکرد بۆ دەرێ کە بزانێ چ باسە و چی قەوماوە. بۆوەی لە فریای پێشمەرگەکان بکەوێ. خۆی بە تەقینەوەی دووهەم شەهید بوو. ئاخ .. ئاخ... هەر من دەزانم ئەو ئینسانە چەندە دڵی بە شۆڕشەکەمان خۆشبوو.

- خالید گیان، ژیانە و پڕ لە سەفەر. ئەوەی نیکۆس کازانجاکیس کە دەڵێ: لە بیرێکی تاریکەوە دێینەدەر و بەرەو چاڵێکی تاریکتر بەڕێوەین و مەودای سەفەری نێوان ئەو دوو چاڵە تاریکە ناوی لێنراوە ژیان، بەلامەوە جوانترین بۆچوونە.

- ڕاستە... ئەوە سەفەرە. دەزانی هیچکام لەو مرۆڤانە فەرامۆش ناکرێن؟ قەت ناتوانم یادی سوهەیلا نەکەم. باوەڕ بکە جیا لەوەی هاوڕێی حیزبیم بوو، وەک خوشک بەقەرا هەموو بنەماڵەکەم دڵسۆزم بوو. نازانم باسی کامیان بکەم، ئەوە

نەسرین، ئەوە حەسەنپوور کە سندووقەڕەشی حیزب بوو و دنیایەک ڕازی لەگەڵ خۆی بردە ژێرگڵ، ئەوەندە جێی متمانە بوو، لەڕاستیدا قەڵایەک لەنێو قەڵادا بوو. تۆ سەیرکە! ئازاد ئالی شەهید دەبێ، هاوڕێ کارساز خێرا دێت و جێیدەگرێتەوە. هەستم دەکرد، بێ ئەوەی خۆم پێیبزانم، ئەو چۆن هەوڵیدەدا ئاگای لێمبێ. هاشم عەزیزی شۆخ و ڕوحسووک، بنەماڵەکەیان، هەر دەتگوت لە ئالیاوێ و ماڵی خۆمان دەژیم، ئەوەندە لەلایان هەستم بە گەرمی و خۆشەویستی دەکرد، هەر سەیر..... کاک کەریم سەقزی، کاک ڕەحمان پیرۆتی، عوسمان، پێشەوا، جەماڵ و مەنسوور، هەرهەموویان یەک لە یەک خۆشەویستتر. باوەڕ بکە بەدڵ سەیری گەشەی کاک برایم زێوەییم دەکرد، تەواوێک تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بوو. ئاخ عەلی! نازانی چەندە خەفەتبارە وەختێک دڵنیای تازە ئەو کەسە ئازیزانەت کۆچی هەمیشەییان کردووە و کۆڵێک حەسرەت و خۆزگەیان جێهێشتووە.

- هەست بە خەمەکانت دەکەم، بەتایبەت کە لە نیزیکەوە لەگەڵیان ژیاوی. ناچارین لەگەڵ ژانەکان ڕابێین. جەبری ژیانە و دەبێ قبوڵی بکەین.

نەمدەتوانی لە ئاست خەتبارییەکەی کاک خالید هیچ بڵێم. بە پارچە شێعرێکی یانیس ڕیچۆس خۆم بە قەناعەتێک گەیاند.

**– کەسی برا، ڕیچۆس بۆ کات و ساتی ئەوتۆ گوتەیەکی جوانی هەیە:**

"هەموو ڕۆژێ دەمانکوژن
کوژراوەکانمان لەژێر خاک حەساوەترن.
لێرە، لەسەر ئەو خاکەمان،
هەموو ڕۆژێ دەمانکوژن،
هەموو ڕۆژێ دەمرێنن هیوا و خۆزگەمان
هەمو ڕۆژێ خامۆشدەکەن خۆری بەر دەرکەمان
یا ئەو ڕووناکییە کزەی لەسەر سفرەمانە
یا ئەو ماچەی لە گۆشەی لێومانە،
بەوحاڵەش ئێمە نامرین،
چونکە ناتوانین بمرین."

بێدەنگی و بیرکردنەوە، یا باشترە بڵێم وەردانەوەیەکی خێرای یادەوەرییەکان لەنێو بێدەنگی زەیندا، باڵی بەسەر ژوورەکەماندا کێشا. تاوێک سکووت.....
دەنگی ئیسکانەکەی هات.

- عەلی چایەکی دیکەم بۆ تێکە! بەڵێ، تەواو لەگەڵ ئەو قسەیەم ، سەفەرێک، ئەو سەفەرەی بۆ هێندێکمان دوور و درێژە و بۆ خەڵکانێکیش کورت و خێرایە.

بەپێوە، پەرداخی چای ئەوم پڕدەکردەوە. ئەو لە سوئێد نەبوو، بە خەیاڵ لە حەساری قەڵا پیاسەی دەکرد:

- چاو لەو هەڵکەوتەی بکە! تاوێک لەوە پێش بۆم باسکردی. لە ژووری ساڵۆن لەگەڵ وەهاب میرخزری پێکەوە ڕاوەستابووین وێنەیەک بگرین کە دەنگی گرمە هات و ئەو خێرا ڕایکردەدەرێ بۆوەی بزانێ چی قەوماوە و لەگەڵ هاوڕێیانیتر شەهید بوو و شەوی یەلدای خوێناوی لێکەوتەوە.

یەکدوو قوم چایی خواردەوە.

- ئەوجارەش لە کۆبوونەوەی پلێنۆم، سوهەیلا ڕاست لە بەرامبەرم دانیشتبوو. ماوەیەکی زۆر بەسەرچووبوو و هەستم بە ماندوویی دەکرد و ئیشتیام لە قاوەیەک بوو. سەعاتی دەستی خۆم دەرهێنا و لەپێش خۆم دانا. ساڵانێک لە کۆبوونەوەکاندا ئەوە لێم ببوو بە عادەت، کە ماندوو دەبووم سەعاتی دەستم دادەکەند و لەپیش خۆم دامدەنا. کاک مستەفا خێرا پێیزانی و بە جەفەنگ گوتی: "کاک خالید ئەگەر سەعاتەکەی دانا، مانای ئەوەیە کە کاتی پشوودانێکە."، سوهەیلا چاوێکی لێکردم و بە پێکەنینەوە شۆخییەکی لەگەڵ کردم: " بە خودای دەزانم ئیشتیات لە قاوەیە، دەنا ماندووی کۆبوونەوەکە نی". عەلی بۆ ئاگاداریت ژووری حەسانەوەم ڕاست بە تەنیشت ساڵۆنی کۆبوونەوەکەمانەوە بوو. دەمویست بچم لەوێ قاوەیەک بۆ خۆم بێنم و دانیشمەوە. بەڵێ، دوای شۆخییەکەی سوهەیلا، کاک ڕەحمان پیرۆتی گوتی: " زۆرمان نەماوە، بیست دەقیقەی دیکە پشوو وەردەگرین".

گرمەیەک هات. یەکەم موشەک بوو کە لە ژووری سەرەوەی ئێمەی دابوو و هۆدەی یەکیەتی ژنانی ئەنگاوتبوو. چەند خوشکێکمان لەوێ بریندار ببوون. ژێربانی ساڵۆنەکەی ئێمەش بەو گرمەیە بەسەرماندا هاتەخوار..... بە دوو درگادا دەردەکەوتین، بەداخەوە سوهەیلا و هاوڕێیانی دیکە کە بە درگای لای خۆیاندا دەرکەوتن، وەبەر موشەکی دووهەم

کەوتن.... ئیدی هەر ئەوەندەم لەبیرە... خۆم لە نەخۆشخانە دیتەوە...


------

چارەنووسی مرۆڤەکان سەیرە، ڕەنگە سەدان چرکە ساتیتر هەبن و بێدڵەخورپە قسە و شۆخیان تێدا کرابێ، بابەتی زۆر گرینگیان تێدا پەسندکرابن، بەڵام هیچیان بەو گرینگییە لە زەیندا تۆمارنەبووبن، ئەوەندەی دوو گوتە یا جووڵەی کۆتایی ژیان بۆ هەمیشە دەبنە یەکەم واگۆنی قەتاری یادەوەرییەکان. وەهاب لەگەڵ خالید وێنەدەگرێ، سوهەیلا شۆخییەک دەکا. هەردووکیان بە یەک شێوە شەهید دەبن. ماردینی کوڕی وەهاب و نەمامی کچی سوهەیلا هاوژینی یەکترن. ئەوان هێشتا زامی لەدەستچوونی وەهابیان سارێژ نەبووەتەوە، برینی ماڵاوایی سوهەیلاشیان بۆ زیاددەبێ. وەهاب و سوهەیلاکان بۆ هەمیشە ماڵاوایی دەکەن، بەڵام دواچرکەساتەکان بە سوڕانی ئاقرەبەکانی تەمەن، لە زەینی پڕ خەیاڵ و دڵی بریندار و ڕوحی پەرێشانی ئێمەدا دەنگدەدەنەوە. زایەڵەیان بەردەوام دەبێ تا ئەو ڕۆژی ئێمەش سەردەنێینەوە. ڕاست وەکوو گەڵازەردهەڵگەڕاوێکی پاییزی کە لە شەقامی تەنیایی شەوانی پیاسەی هەستدا ، بەدوامانداڕادەکا.

**بەڵێ، دواچرکەکان دەڵێم، ئەوانەی شێوەی ماڵاوایی خامۆش و لەنەکاو دەدەن.**

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## ١٧ی خەرمانان، قەڵای دێموکرات مووشەکباران کرا.



ڕوحی سەرکێش زۆرجار بەهێزترین وڵامی دژ بە هەڕەشە پێیە. پەیامی ئەو ڕوحە، وەکوو شەماڵی گەرمی سەرەبەهار دەهەموو کەلێن و قوژبنێک دەگەڕێ و بەفر و بەستەڵەکی ترس دەتوێنێتەوە. میوانی دڵ دەبێ و قەڵایەک لە ورە لە هەناوی مرۆڤدا بنیاتدەنێ.

١٧ی خەرمانان، قەڵای دێموکرات مووشەکباران کرا. دوابەدوای ئەو کارەساتە، سێچوار جووڵەی بەجێ بەهێزترین پەیامیان بەڕێکرد. بە باوەڕی من ئەو پەیامانە، لە هەمان کاتدا کە ئەرک بوون، پڕیش‌بوون لە ڕوحی سەرکێشیی و ڕۆشنترین واتای سیمبولیکیان پێبوو.

**یەکەم**: ڕاست لەو کات و ساتەدا کە هەموو لایەکمان لە دەرەوە و ژوورەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیگەران‌بووین داخوا ئەو مووشەکبارانە چ خەسارەتێکی خوڵقاندووە، شەهید و بریندارەکان چەند و کێن، کاک کەماڵ کەریمی وەکوو ئەندامی دەفتەری سیاسی بە ڕوخساری بریندارەوە لە تەلەفزیۆن دەرکەوت و بێ هیچ شڵەژانێک، ورد و دەقیق و سیاسیانە، هەواڵەکەی باشتر لە هەرکەسێک ڕاگەیاند. تا ئەو کاتەی بەڕێزیان قسەی‌نەکردبوو، هەواڵی ناڕاست و ڕەنگە بڵێم هێندێکیش چەواشەکراو لێرە و لەوێ بڵاودەبوونەوە. گەورەیی ئەو حەرەکەتە لەوەدا بوو کە هێشتا مەترسییەکە لەسەر قەڵا نەڕەوییبێوە. کاک کەماڵ جیا لەوەی بە جەستە بریندار‌بوو، سەبارەت بە شەهید و بریندار‌بوونی ئازیزترین کەسانی دەوروبەریشی زامدارێکی ڕوحی بوو. هەمیشە لە دۆخێکی ڕوحی و جەستەیی ئەوتۆدا، هێزێک پێویستە پاڵنەری دەربڕینی گوتە بێ، بۆوەی مرۆڤ بتوانێ بە ئارامی هەواڵێکی دروست بە خەڵک ڕابگەیەنێ، بتوانێ وەکوو قەڵایەک لەبەرامبەر دوربین بوێستێ و قسەبکا. ئەو ڕوحە سەرکێشەم لەو ساتەدا بە ئاشکرا لە هەڵسوکەوتی کاک کەماڵدا بەدی‌کرد و زۆر سەرکەوتووم دیت. ئەو چاک توانی بڵێ : کۆماری ئیسلامی سێدارە! چەندەی هەوڵ بدەی بمانکوژی، لەبیرت نەچێ، ئێمە

نامرین، چونکە نازانین بمرین.

**دووهەم**: هیوا جەماڵ لەلایەن تەلەفزیۆنی ڕووداو هاتە قەڵا بۆ ئامادەکردنی ڕیپۆرتاژێک. سۆراغی کاک خالید عەزیزی گرت. پرسیاری لە کاک خالید کرد لە کوێ هەڤپەیوینەکە جێبەجێ بکەن؟ کاک خالید وڵامی داوە: ڕاست لە شوێنی موشەکبارانەکە. کاک خالیدیش ویستی ڕاست لەوێ بە کۆماری سێدارە بڵێ، سەد هێندەی دیکەش هەوڵی فەوتانی ئێمە بدەن، سەرکەوتوو نابن. بەڵێ، ڕاست لەو شوێنە قسەی لەگەڵ تەلەفزیۆن کرد. لەو جێیەی کە کۆماری خوێنڕێژ گەرەکی بوو ببینێ چۆن جەنازەی ئەو و هاوڕێیانی لەژێر خاک دەردەکێشرێن و لەتوپەتەکانی جەستەیان کۆدەکرێنەوە. ئەو ئازیزەشمان بەو حەرەکەتە سیمبولیکەی، کە هەڵقولاوی ڕوحی سەرکێشی ئەو بوو، توانی بە دوژمن بڵێ: کۆماری ئیسلامی سێدارە! چەندەی هەوڵ بدەی بمانکوژی، لەبیرت نەچێ، ئێمە نامرین، چونکە نازانین بمرین.

**سێهەم**: برینەکانی ڕوخساری شێواوی دیوارەکانی قەڵا بەدەستی هونەرمەندە بەتواناکانی ئەو گەلە، شۆڕش ئاهی و بەیان سۆهرابی جوانتر لە پێشوو سارێژبوون. لەسەر زاری هەر برینێکی دیوار، پەپوولەیەک نیشت. بە نووکی فڵچە و ڕەنگی ئەو ئازیزانە بزەی سەرلێوی ڕێبەرانی شەهید تێکەڵ بە ورەی سوهەیلا و نەسرینەکان کرا. ئەوان پەیامی خۆیان لەسەر لاپەڕی دیوار تێکەڵ بە ڕوحێکی سەرکێش کرد و لە تابلۆکاندا ڕەنگی‌داوە. لەولاش، هەموو لایەک هیممەتیان وەبەرخۆ نا و قەڵا کەوتە قۆناخی نەوژەن بوونەوە. هاواری پەپوولەکانی ئەوانیش ڕوو لە جینایەتکاران بوو. بە دوژمنی مرۆڤایەتییان گوت: چەندەی هەوڵ بدەی بمانکوژی، لەبیرت نەچێ ئێمە نامرین، چونکە نازانین بمرین.

**چوارەم**: پەیامێکی سیمبۆلیک، دوای نەققاشییەکانی شۆڕش و بەیان، ئەوجار لەلایەن کاک مستەفا مەولوودیەوە کەوتە سەر زەین. بەڕێزیان لەجیات میکرۆفۆن دەستی دایە پێمەڕە. ئەوەش خۆی پەیامێکی نەمادین بوو بۆ کۆماری سێدارە. ڕوحی سەرکێشی ئەویش ڕایگەیاند کە ئێمە لێرە ماوین ، دەژین و دەمێنینەوە. کاک مەستەفا بەدەم پاککردنەوەی پاشماوەی خاک و بەردی سەر ڕێگای نێو حەساری قەڵا، بە کۆماری وەحشەتی گوت، ئەوە باش بزانە! چەندەی هەوڵ بدەی بمانکوژی، لەبیرت نەچێ ئێمە نامرین، چونکە نازانین بمرین.

"بەڵێ ئێمە نامرین، چونکە نازانین بمرین." بەڕاست، کورد دەتوانێ بێ ئەو ڕوحە پڕ لە سەرکێشییە بژی؟ وڵام: " مێژوو ئەگەر وەکوو ئەزموون کەڵکی لێوەرنەگیراوە، لانیکەم ئەو گەلەی لەئاست جەبری ژیان، مان بەدرێژایی زەمان، باش دەرسداداوە."

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

# کۆچت ئۆغر، ڕێبازت پڕ ڕێبوار،



دواجار کە پرسیم چۆنی،

گوتت حەز لە کۆچی ناوەخت ناکەی،

گوتت عاشقی ژیانی و دڵت پڕ لە خۆزگەیە،

لەهەمان کاتدا

بزەیەکت هاتە سەرلێوان و دوایین وڵامت ئەوە بوو:

مەرگی لەنەکاویشم، خۆی درێژەی ئەو ژیانەیە،

گوتت شادم کە خاوەن سەرووەرییەکم، شادم کە بۆ گەلەکەم سووتام، شادم کە سەربەرز سەردەنێمەوە، ئەی کەسی برا شانازی لەوە جوانتر؟...

بەڵێ کەسی برا، خۆم بە چاوەکانی خۆم، بەدرێژایی ساڵانێک دیتم سەردار ژیای و ئەمڕۆش سالار ماڵاواییت کرد. منیش لە تۆ شادترم کە ماڵت لەنێو دڵی نەتەوەکتدا بنیاتنا، سەربەرز ژیای و گەورەیی و یادەکانت بۆ هەتاهەتایە لە دڵماندا جێیانگرت.

کۆچت ئۆغر، ڕێبازت پڕ ڕێبوار، دۆستە بە ئەمەگەکەی ڕۆژانی سەختی شانازییەکان......

بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک ئەبووبەکر ڕاد، سەرەخۆشی لە خۆم و گەلەکەم و لە دۆستان و ئازیزان دەکەم. هیوادارم دواخەمی گشت لایەکمان بێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی جانێوێری ٢٠١٩

---

## "با" و "ئانارشیسم"


زمانی دایکی هەرهەمووی لە خاڵێگەی دایکەوە دەست پێدەکا!
توونی خولیای ماف
هێلیا، ئەو ژنە سەرکێشەی دەدوێ
ئەدەبیاتی کۆمار
" ئەندیغۆنی"یەکانی نیشتمانی من
کۆمار لە ئاوێنەی شێعرەکانی سەردەمی خۆیدا عەلی فەتحی
هێما نەتەوەییەکان، ڕەمز و نیشانی نیشتمانن
ڕۆژنامەی "کوردستان"، ئارشیوێکی نەتەوەیی
گڕی سەرماوەز و ئاڵای شەکاوە


---

## بەشێک لە کتێبەکان:

## جوگرافیا




نووسەر: ستراڤۆن

وەرگێڕلە یۆنانییەوە: عەلی فەتحی

بابەت: زانستی مرۆیی

٦ی ئاگۆستی ٢٠١٦


**گەلی دە دۆستان و خۆشەویستان، گۆتم با تۆزێک ڕێکلام لۆ کتێبە تازە چاپکراوەکانم بکەم..**




**٦ی ئاگۆستی ٢٠١٦**

---

## ئاناباس






سەرچاوە
Serchawe


کتێبی «ئاناباس» لە نووسینی «گزنفۆن»ـە کە «عەلی فەتحی» بۆ یەکەم جار لە «یۆنانی»یەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی «کوردی».

گزنفۆن مێژوونووس و فیلسووفی یۆنانییە کە لە سەدەکانی چوارەم و سێهەمی پێش زایینیدا ژیاوە. گزنفۆن گەلێ بەرهەمی هەیە کە ئەم کتێبە واتە ئاناباس، بەناوبانگترین و گرینگترینیانە. گرینگی تایبەتی ئەم بەرهەمە بۆ کورد، دەگەڕێتەوە سەر ئەم بابەتە کە نووسەر خۆی وەک سەربازێکی یۆنانی بەشداری شەڕەکانی ئەو سەردەم بووە و بە ناوچەکەدا تێپەڕیوە و باس لە جوگرافیا و بارودۆخی ناوچەی کوردستان دەکا.

٣ی ئاگۆستی ٢٠١٨

---


## غەیبەتی کوبرا و دەسکەوتی سوغرا.




١٧ی جوونی ٢٠١٨

---

## مێژووی شەڕی پارسەکان، ناسراو بە (مێژووی هێرۆدۆت)





**نووسەر: هێرۆدۆت**

**بابەت: زانستی مرۆیی**

**وەرگێڕ لە یۆنانییەوە**

---

## خاکی خوێناوی




وەرگێڕانی ڕۆمانی "خاکی خوێناوی" بەلامەوە حەسرەتێک بوو. ساڵانێک بوو لە گۆشەی کتێبخانەکەمدا پاڵیلیدابۆوە و



سەرچاوە
Serchawe

جاروبار بە خێسە پێیدەگوتم نۆرمە. ڕاستییەکەی خۆیشم چاوبڕکێم دەگەڵدەکرد و حەودالی فرسەتی ژوانێک بووم. چەند مانگێک لەوەپێش، شەوێکیان دەستمدایە و ملم دەبەر ملی نا. هەستمکرد سەیر بەدوای خۆیدا ڕامدەکێشێ. هەر ئەوەندە کە زانی عاشقی بوومە، دەستی گرتم و بەنێو دۆڵ و چیا و پێدەشتەکانی ئاسیای بچووکدا بردمیە نێو جیهانی پەرادۆکسەکان، بۆ ئەو شوێنەی عەشق و نەفرەت، جوامێری و خەیانەت، شادی و خەم، تێری و برسیەتی، ترس و بوێری، گریان و پێکەنین، هیواداربوون و بێهومێدی، نەخۆشی و سلامەتی و ئازادی و کۆیلەتی.... دراوسیی یەکترن. ئەوجار پەردەی لەسەر هەموو ڕووداوە شیرین و تاڵەکان لادا بۆوەی لەلایەک بزەی دایک بۆ کۆرپە و لەولاشەوە جەستەی لەتوپەتکراوی بێتاوانەکان ببینم و بەو قەناعەتە بگەم عینایەت و جینایەت هەردوو دەستکردی مرۆڤن لە پێناو بەرژەوەندی و مەسڵەحەتدا، هەڵبەت بە پاڵپشتی سیاسەت و ڕەگەزپەرستی. ئەو هەستانەی باسمکردن، کۆڵێک پرسیاریان خولقاندبوو. خاتوو "دیدۆ سۆتیریبوو"ی نووسەر، ئەویش وەکوو هەمووی ئێمەی خوێنەر، دەبوایە بەدوای ڕووداوەکاندا بچێ و وەڵامێک بۆ هەرکامیان بدۆزێتەوە. ئەو مەعموریەتەی بە ئەکتەری ڕۆمانەکەی دا دەرێکەوێ و هەموو پارادۆکسەکان بە چاوی خۆی ببینێ. بەڵێ، مانۆلیس ئاکسیۆتیس، کوڕە لادییەکەی ڤیرقینجە لە دەڤەری ئیزمیر، بەقسەی نووسەر وەڕێکەوت و منی خوێنەریشی لەگەڵ خۆی کردە هاوڕێ و جار دەبوایە بۆ دۆخی ئەو بگریم و جار قاقای بۆ لێدەم. هەر هەمووی ئاڵوگۆڕەکانم بەدڵ بوو.

مانۆلیس سەرەتا باسی پێکەوە ژیانی نەتەوکانی بۆ کردم. خۆی مەسیحی بووە و چ کێشەیەکی لەگەڵ تورکی موسوڵمان نەبووە. ئەو لە گوندەکەی خۆی ژیاوە و چ نەفرەتێکی لە سوڵتانی عوسمانی نەبووە. ئەو هەستە تا ئەو کاتە بەردەوام بووە کە تورک هێشتا تووشی پەتای ڕەگەزپەرستی نەبوونە، بەڵام هەرکە بانگی ئاڵمانی لە فەلەستین مەعموریەتی پێدەدرێت دۆخەکە بشێوێنێ، خێرا گورگە بۆرەکانی تورک دێنەمەیدان و لەژێر ناوی ئیسلام دەگیانی نەتەوەکانی دیکە بەردەبن. یونانی و ئەرمەنی بە گاور بانگ دەکەن و کورد بە کێویلکە.... چەندی دڵیان دەخوازێ دەکوژن و بەزەییان بە منالی نێو لانکەشدا نایە.

"خاکی خوێناوی" بەدڵم بوو. خۆشحاڵم وەرگێڕانی تەواو بوو. دڵنیام هەر خوێنەرێک دەست بە خوێندنەوەی بکا، هەم لە دنیای بەرژەوەندییە سیاسییەکان و هەم لە خۆشەویستی بۆ نیشتمان چاکتر تێدەگا و ئەوەشی تەواو بۆ ڕووندەبێتەوە کە ڕووداوەکانی ئەو سەردەم و ئێستا دەکرێ بڵێین ڕاست وەکوو یەکن: " زلهێزەکان، بۆ بەرژەوەندی خۆیان، گەلانی ژێردەستە دەکەنە گۆپاڵ بۆ لێدانی نەیارانی بەرژەوەندییەکانیان و هەرکە بە مەبەستیان گەیشتن، ئەو گۆپاڵە فڕێدەدەن و ڕێگە بە نەیاری کۆن و یاری تازەیان دەدەن چەندی حەزدەکا گۆپاڵەکە لە داروبەرد ڕاکێشێ و لەتوپەتی بکا...!"

٧ی مای ٢٠١٦



زۆر جار لێم دەپرسن چۆنی؟ منیش وڵامدەدەمەوە کە وەکوو سەپانی شێخم لێهاتووە. پێنجی بەیانی دەچمە سەرکار. هەڵبەت ئەوەیان بەشی بەڕێچوونە لەباری ماڵییەوە. بەڵام، لەباری ڕوحیشەوە پێویستیم بە بژیو هەیە. ئێوارە دوای کار، خۆم سەرقاڵی خوێندنەوە و نووسین و بەتایبەت وەرگێران دەکەم. کەوابوو دەکرێ بڵێم سەپانی شێخیم. وەک دەڵێن: حەسانەوەم نیسک هەڵقەندنەوەیە. نایشارمەوە گەلێک شاد دەبم کە جاروبار بەرهەمی چاکیش بەدەستمەوە دێ.


دوو ساڵی ڕێک، زۆربەی وەخت، خۆم مژووڵی ئەو سەرچاوە بەنرخەی نێو وێنەکە کرد. کۆمەڵە کتێبێکی مێژووییە، هەرچەند ناوی جۆغرافیای ستراقۆنی لەسەرە. ئەو کۆمەڵە لە ١٧ کتێب پێکهاتووە. نووسەر لە کتێبی یەکەمڕا تا دەهەم سەبارەت بە مێژووی قارەی ئوروپا لە سەردەمی باستاندا دەدوێ، بەڵام لە کتێبی یازدەهەمڕا تا حەڤدەهەم باسی ئاسیا بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوین بەتایبەتی دەکا. کوردستانیش لەو نێوەدا بێبەش نییە. سەرچاوەیەکی بەنرخە بۆ توێژەرانی مێژووی کوردستان و ناوچەکانی دەوروبەری.

بەخۆشییەوە ئەمڕۆ وەرگێڕانی ئاخر دێرەکانی ئەو حەوت کتێبەی دوایی، واتە بەشی ئاسیام تەواوکرد و دڵم حەساوە کە توانیم بەرهەمێکی دیکە لە زمانی یونانییەوە وەرگێڕمەوە و خەڵاتی کتێبخانەی نیشتمانەکەمی بکەم. چ هەستێک لەوە خۆشتر کە جگەرگۆشەیەکیترم لە کتێبخانەی مێژووی کوردستاندا جێدەگرێ.

هیوادارم هەرچی خێراتر بە چاپێکی جوان بکەوێتە دەستی خوێنەرانی خۆشەویست.

٥ی ئەپریلی ٢٠١٦

## پەڕاوی یاداشتە شاراوەکان





والێریا خاوەن ژیانێکی ئاسایی لەگەڵ میشێلی مێردی بژێوی بنەماڵە چوارکەسییەکەیان دابیندەکەن. خاوەن دوو منداڵن میرلا و ڕیکاردۆ . والێریا ماندوو لە ژیانی سەختی دوای شەڕ، نووقمی گۆلاوی کێشەکانی سەردەم، بڕیارێکدەدا و پەڕاوێک، دەفتەرچەیەکی بەرگ چەرمی ڕەش دەکڕێ و نوختەی دەسپێکی ڕووداوەکان و تەنیا هاوڕاز و هاودەمیی ئەو لەو ساتەوەختاندا دەبێ. وەرچەرخانێکی ڕوحی لە هەست و تێفکرینەکانیدا پێکدێ. خۆی دەداتە بەر شەپۆلەکانی خۆشەویستی و بەتاکە مەرهەمی زامەکانی دەزانێ بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکانی چینایەتی و نهێنی ئازارەکانی لای یادنامەکەی دەدرکێنێ.

شێوازی نووسین ڕۆژنامەگەرییە. ڕوانگەکانی خۆی و میشێل و میرلای کچیان و ڕیکاردۆی کوڕیان دەخاتە بەرباس و هەڵسەنگاندن. سەربەخۆیی میرلا و بێدەسەڵاتی ڕێکاردۆ، خەمخۆری میشێل و خەراپی باری ماڵیی بنەماڵە و یەکهەوابوونی ژیان، بنەمای نووسینەکانی والێریا پێکدێنێ. گرفتە ماڵی و ڕوحییەکانی سەردەمی دوای شەڕ، والێریا دەخاتە بەردەم شەپۆلە نوێیەکانی خۆشەویستی لە دەرەوەی بازنەی ژیانی بنەماڵەیی و زێدەتربوونی ئازارەکانی فیکری ئەو. ئەو بەردەوام ناچارە پەڕاوەکە وەشێرێ و حەزناکا هیچکام لە ئەندامانی بنەماڵە بە ڕازە نهێنییەکانی بزانن......

١٢ی جوولای ٢٠١٥

## پەنجەرەکان





گوڵ بژێرێک کە لە شێعری ٧٦ شاعیری یونانی و ٣٢ شاعیری بیانی پێکهاتووە. ئامادەکردنی ئەو بەرهەمەمە پتر لە دوو ساڵ کاتی بۆ وەرگێڕان پێویست بووە. لە شاعیرانی یونانی ناسراو وەکوو کەڤاڤیس و یانیس ڕیچۆس و یۆرغۆس سێفێریس و چەندێکیتر، زۆرترین و بەناوبانگترین شێعرەکانیانم هەڵبژاردووە.....

٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

---

## ژنی خەیانەت لێکراو




سیمۆن لووسی ئێرنستین ماری برتراند دوبووار ناسراو بە سیمۆن دوبووار، فیلۆسۆف، نووسەر، فێمینیست و ئێگزیستانسیالیستی فەڕانسەوی بوو. ناوبراو لە ٩ی ژانوییەی ١٩٠٨ی میلادی لە شاری پاریس لەدایکبوو و لە ١٤ی ئاپریلی ١٩٨٦ی میلادی ماڵاوایی یەکجاری کرد.

سیمۆن لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی کاتۆلیک چاوی بەدنیا پشکووت، خاوەن بڕوانامەی ماستێری ماتماتیک و فەلسەفە بوو و دواتر ئەدەبیاتی خوێند. لەسەردەمی خوێندنی فەلسەفە، لەگەڵ ژان‌پۆل سارتێر ئاشنابوو. ئەو جووتە ژیانی پڕلە وەفاداریی تاکهاوسەرییان گرتەبەر.

بووار دوای ساڵی ١٩٦٨ وەکوو دایکی فێمینیسم ناوبانگی دەرکرد. بەرهەمی نووسراو و ناسراوی ئەو، واتە ڕەگەزی دووهەم، ساڵی ١٩٤٩ چاپوبڵاوکراوە و دواتر چەشنی مانیفێستی فێمینیسم ناسرا. چەند شاکارێکی دیکەی سیمۆن بریتین لە: میوان، خوێنی کەسانی‌تر، هەموو دەمرن، ڕەگەزی دووهەم، ماندارینەکان، بیرەوەری کچێکی بەگوێ، مەرگێکی پڕلە هێمنی، وێنەجوانەکان، ژنی خەیانەت لێکراو، پیری، ڕێوڕەسمی ماڵاوایی....

٢ی ئاگۆستی ٢٠١٤

## بارەگای حاجی ڕەشید




ڕەسوو خوو و ڕەوشتی تایبەت بە خۆی هەبوو. لە بارەگا، یەغدانێکی شاراوەی هەبوو کە سەری مارومێرووی تێدا بوو. بەردەوام دزی دەکرد. هەرکات لەماڵ نەبوایە و پیاو توانیبای چاوێک لەنێو یەغدانی ئەو بکا، بەدڵنیاییەوە بیستسی لینگە کەوشی دەدۆزییەوە. هەر لینگە کەوشێک، خاوەن ڕەنگ و ژمارە و قەوارە و ئەندازەیەک بوو. ئەگەر چواریان ڕەش بان، حەتمەن شەشیان قاوەیی بوون. نە ڕەشەکان و نە قاوەییەکان یەک ژمارە نەبوون. نە وێکدەچوون و نە لەگەڵ یەکتر جووت دەکران. ڕەسوو هەرجارێک سەفەری شاری کردبا، سەردانێکی دوکانەکانی پێڵاو فرۆشی دەکرد. تا کابرای خاوەن دوکان لینگە کەوشی خواستی ڕەسووی دەهێنا، ئەو لینگێکی‌تری دەدزی و پێیوابوو لەگەڵ ئەوانەی ماڵەوە یەکدەگرنەوە. گشت جارێ بەبێ ئەوەی هیچ جووتە پێڵاوێکی کڕیبێ، لینگێکی دزراوی لەگەڵ خۆی دەهێنایەوە. لە دواییشدا دەردەکەوت کە ئەو لینگە تازەیەش لەگەڵ ئەوانەی هەیەتی، یەکتر ناخوێننەوە!!!!!

٢٧ی فێبریوێری ٢٠١٤

# مۆمەکانی سپێدە..... ڕۆمان




لەبەر هەژاری گیرفان، ڕۆمان لە سەرگەردانیدا دەخولێتەوە.

جوانتر لە گشت جارێ بوو. برۆکانی باڵی سەقری بەرزایی بوون و بەسەر دەشتی روخسارێدا چەتریان بەستبوو. ئەستێرکی چاوەکانی روونتر لە کانیاوەکانی سێسنوور، دەوریان بە شیلانی مژۆڵکان گیرابوو و مەرمەری سەوز و خاڵی رەش لەسەر لاپەڕەی سپی بووکی خەیاڵ بوون. هەرجارێ بەرمزە دەمی پشکووتووی وەخۆ دەخست، ئەوینی دڵی ساوای من باڵای دەگرت. تابڵۆی ئەستێرک و باز و خونچە کەوتبوونە ژێر سایەی چینێک زولفی خورمایی و لەسەر پەیکەرەی بەژنێکی ئەفسانەیی داندرابوون. ئەو شەوە جێژنی گرتبوو. خۆی بۆ شاییەکی نهێنیی سازکردبوو. کراسی شینی ئاسمانی نگین لەو شەوەدا، گۆڕەپانی کۆمەڵێک ئەستێرەی تروسکەدار بوو و لەدەوری کەمەر، پشتێندی رەنگ پەمەیی روون و سوخمەی دەسچنی شین، مۆدێلی هۆنەریی کیژە کوردی دەنواند. کاتێک هەڵدەستا سەرپێ، شازادەیەک لەبەردەم مندا بە لەنجەوە هاتووچۆی دەکرد. نگینی من ئەو شەوە شاجوانی کێبەرکێی خەیاڵی و ئەفسانەیی بوو. ملوانکەی مورووی شین تا راستای مەمکانی شۆڕ ببۆوە و دڵی تروسکەداری زێوینی نێوان هەرمێیەکانی سینگی، پەیامێکی ئاشقانەی بە بەژنی ئەفرۆدیتی ئەو بەخشیبوو. پاپیۆنێک بە تەنیشتی راستی پشتێندی هەڵواسرابوو و گرێی پاپیۆن گوڵ هەناری نێوک زێوینی شینی توونـد بوو. هەرهەمووی دەسکردی خوای جوانی شازادەکەم بوون.

٨ی فێبریوێری ٢٠١٤

## ژماره ٣١٣٢٨

**ڕۆمانێک سەبارەت بە ڕەشەکوژیی ئەرمەنی و یونانییەکان بەدەست تورکەکان، لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا.**





**٢٣ی جانێوێری ٢٠١٤**



سەرچاوە
Serchawe

# تەسلیم یا مەرگ





**١٨ی جانێوێری ٢٠١٤**



سەرچاوە
Serchawe

## کورد و کوردستان




**لە نووسینی کەماڵ بورکای.**

٦٠٠ لاپەڕەیە. ئەو کتێبە بە زمانی تورکی نووسراوە. سەرەتا وەرگێڕدرایەوە سەر زمانی یونانی و دواتر من وەرمگێڕاوە سەر زمانی کوردی. من هەردوو دەقی یونانی و تورکیم لەبەردەستدا بوو، بۆوەی لە کاتی وەرگێڕاندا بەراوردی بکەم. کتێبێکی دەوڵەمەند لەمەر ڕووداوە مێژووییەکانە و پڕە لە زانیاری نوێ. لەلایەن دەزگای وەرگێڕان لە هەولێر، چاپ و بڵاوکرایەوە.

**٨ی جانێوێری ٢٠١٤**

## مێژووی جەنگی پارسەکان




**مێژووی هێرۆدۆت. ٩ کتێب لە ٢ بەرگدا. چاپی دەزگای موکریانی.**

**مێژوو بەباوەڕی من تەنیا گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهاتی ڕابردوی مرۆڤ نییە، بەڵکوو کۆڵێک ئەزموون و بەڵگە بۆ داهاتوویە و بۆیە وەک سەرچاوەیەکی بەوەج سەیری دەکەم. حەزدەکەم زانیارییم لەمەر ڕەوتی ئاڵوگۆڕی چارەنووسی گەلان و وڵاتەکانیان دەسکەوێ و کەند و کۆسپی دواکەوتنی ئێمەی کورد و بێ کیانیی نەتەوەکەم لێ‌روونبێتەوە.**

**ئەو کتێبەی لەبەر دەستی تۆی خوێنەری بەڕێزدا، هەرچەند سەبارەت بە شەڕی پارسەکان لە سەردەمی باستاندا، بەڵام وەک مێژووی هێرۆدۆت ناسراوە. مێژووی هێرۆدۆت، پڕە لە زانیاری و بەڵگەی مێژوویی و هاوڵاتیانم دەتوانن وەک سەرچاوەی توێژینەوە کەڵکی لێوەرگرن. سەرجەمی بەرهەمەکە لە نۆ کتێب پێکهاتووە. هێرۆدۆت هەرکام لە کتێبەکانی پێشکەش بە خواوەندێکی سەردەمی باستان کردوە و منیش وەرگێڕاوەکەی خۆم بەتەواوی خەڵاتی شەهیدانی گەلم دەکەم.**

**ئەگەر بەهەڵە نەچووبم، خوێنەر و توێژەری کورد تا ئێستا پتر سەیری ئەو مێژووەیان بە زمانەکانی بێگانە کردوە. وەرگێڕاوی فارسییەکەی بەلای منەوە جێگای متمانە نییە و تەواو دەسکاری کراوە. فارسەکان پێیانوایە مێژوونووسانی بێگانە دەبێ بەخواست و حەزی ئەوانەوە بنووسن، ئەگینا ئەوە مێژووی ڕاستەقینە نییە و بۆ هەر پاراگرافێک کۆڵێک بۆچوونی دەسکردی خۆیان بە کتێبەکانەوە زیاد کردوە. من خۆم ئەو دەسکارییەی خەڵکانی وەرگێڕی فارسم پتر لەو کتێبە و لە کتێبی ئاناباسی گزنفۆندا بەدیکرد. گشت مێژوونووس و توێژەر و خوێنەریتر هێرۆدۆت وەک باوکی مێژوو دەناسن، لەحاڵێکدا**

فارسەکان لەو بارەوە گومانیان هەیە، چونکە بەحەزی ئەوان سەیری ڕووداوەکانی نەکردوە. سەبارەت بە زمانەکانی‌تر وەک تورکی و عەرەبی ناتوانم بۆچوونم هەبێ. هەربۆیە، من خۆم هەستم بەو پێویستییە کرد کە ئەو سەرچاوە مێژووییە، لەبەر ئەوەی گەلێک دەوڵەمەندە، ڕاستەوخۆ لە زمانی یونانییەوە وەرگێڕمەوە سەر زمانی کوردی.

خوێنەری بەڕێز! لەکاتی خوێندنەوەدا ژمارەیەکی زۆر ناو بەرچاو دەکەون. من بەنۆرەی خۆم هەوڵم داوە ئەوەندەی بکرێ، لە پاراگرافەکاندا ڕوونکردنەوەی کورت و پێویست سەبارەت بەو ناوانە بنووسم، هەڵبەت ئەوانەی گرینگن. ڕەنگە جاروبار بەسەر شوێنێکی نەناسراودا کەوتبم کە کوێرە کانییەک لەوسەری قاڕەی ئەفریقیا بووبێ و ئەمڕۆ نە ئاسەواری مابێ و نە لەباری مێژوویی و جۆغرافییەوە گرینگییەکی ئەوتۆی هەبێ، ئیتر نە خۆم بەو شوێنەوە ماندوو کردوە و نە لە هیچ سەرچاوەیەکی‌تریش ناوی هاتووە تا من وەک زانیاری بیخەمە بەرچاوی خوێنەر.

مەبەستێکی‌ترم لەو وەرگێڕانە ئەوە بوو کە زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکانی هێرۆدۆت، گزنفۆن، ستراڤۆن، پلوتارخیس و چەندێکی‌تر، لە زمانی ڕەسەنی یونانییەوە وەک خۆیان وەرگێڕمەوە سەر زمانی کوردی و کتێبخانەی کوردیان پێ دەوڵەمەندتر بکەم و خوێنەر و توێژەرانی کورد چاو لەدەستی زمانەکانی بێگانە نەبن. هیوادارم بەرهەمێکی بەکەڵک بێ و تۆی بەڕێزیش چێژی لێوەرگری. بێشک هیچ بەرهەمێک بێ کەموکوڕی نابێ و بە تێبینی و هەڵسەنگاندن و لێوردبوونەوەت شادم بکە. هەر لێرەشدا دەستخۆشی بە کاک سۆران عەلیپور دەڵێم کە ئەرکی پێداچوونەوەی بەرهەمەکەی وەستۆگرت و بەدڵەوە سپاسی دەکەم.

١٩ی مای ٢٠١٢

---



سەرچاوە
Serchawe

## ئاناباس




خوێنەری بەڕێز، کتێبی مێژوویی ئاناباس یەکێک لەو سەرچاوە بەنرخانەیە کە زۆربەی زانا و توێژەرەکانی بواری زانستی کەڵکیان لێوەرگرتووە. لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵات و ئاسیا بە گشتی و کاردوخ و خالدی و خالیقی‌یەکان بەتایبەتی، زانیاری بەنرخی تێدا. باسی نەتەوەکانی سەر ڕێگای چوون و گەڕانەوەی لەشکری یونانی لەگەڵ لەشکرکێشییەکانی کوروشی دووهەم دەکا. کتێبەکە ناسراوە بە (ئاناباس). جیا لە وشە و ناوی ئاناباس، گەڕانەوەی دەهەزار یونانیش وەک ناو بەکارهاتووە. لە دەقی یونانییەکەدا بەو شێوەیە نیە. ئەسڵەن باسێکیش لەو ناوەی دوایی نەهاتووەتە گۆڕێ. ئەو تیترە واتە گەڕانەوەی دە هەزار یونانی تەنیا لەبەر ئەوەیە کە لەو لەشکرە گەورەیە، سەرجەم دەهەزار کەس بە زیندوویی گەیشتنەوە وڵاتی خۆیان. ئەگەر بە هەڵە نەچووبم ئەو سەردێرە تەنیا بەهۆی وەرگێڕەکان بۆ کتێبی ئاناباس دیاریکراوە.

وشەی ئاناباس (ئەناڤاسی) لە زمانی یونانیدا واتای هەڵکشان بەرەو ژوور یا سەرکەوتن دەدا. ئەبەدا بە مانای گەڕانەوە نیە، وەک لە زۆر کتێباندا بەو چەشنە لێکدراوەتەوە. یونانییەکان وەک نەتەوە خۆیان لە گەلانی‌تر بە فەرهەنگتر و خاوەن شارستانییەتی پێشکەوتووتر زانیوە. کاتێک لەشکرەکەیان بەرەو ئاسیا داگەڕاوەتە خوار، دوای شکستی کوروش ناچار بە گەڕانەوە بەرەو ژوور، واتە خاکی یونان بوو و بۆیەش گزنفۆن ناوی ئەناڤاسی (چوون بەرەو ژوور) لەسەر کتێبەکەی داناوە. بە واتایەک یونانییەکان نەک تەنیا لەباری فەرهەنگ و شارستانییەتەوە، بەڵکوو لەباری هەڵکەوتەی جۆغرافیشەوە خۆیان بەرزتر دیوە.

من دەمزانی بەشی زۆری زانیارییەکان کە لەسەر ئەو کتێبە هەن، ڕاستەوخۆ لە تەرجەمەی فارسی، عەرەبی یا تورکی


وەرگیراون. بەتایبەت فارسییەکە لە تەرجەمەی فەڕانسەویڕا و لە سەردەمی قاجار وەرگێڕدراوەتەوە سەر فارسی. بە ئاشکرا دەسکاری کراوە. کاتێک وەرگێڕاوی فارسییەکە و ئەسڵی یونانییەکەم لەبەریەکدانا، ئەوسا بۆم دەرکەوت کە بەهەڵە نەچووەمە و بۆچوونەکەم دروستە. ئەوەی ئێستا تۆی بەڕێز دەیخوێنیەوە، دەقی یونانییەکەیەتی. من دوو جۆر چاپی یونانی ئاناباسم لەبەردەستدا بوو. هەردووک چاپیان پێداچوونەوە و تەئیدی بەشێکی زۆر لە ماموستایانی بەشی مێژووی زانستگاکانی یونانیان لەسەرە. پاش فەترەیەک بەراورد لەنێوان فارسی و یونانییەکە، بۆم دەرکەوت کە ئێرانییەکان یا واباشترە بڵێم فارسەکان، ئەو کتێبەیان بەدڵی خۆیان تەرجەمە کردوەتەوە. لە هیچ شوێنێکی کتێبی ئاناباسدا وشەی ئێران و ئێرانی بەکار نەهاتووە و لەجیات ئەوانە واژەی بەربەر نووسراوە. فارسەکان لەو شوێنانەی باسی خۆیان هاتووەتەگۆڕێ، لەجیات وشەی بەربەر گورجێک فارس یا ئێرانیان نووسیوە. بەڵام لەو جێگایانەی باسی کورد و نەتەوەکانی‌تر کراوە، وشەی بەربەر وەک خۆی ماوەتەوە و دەستی لێنەدراوە. لە زۆر شوێن تێکستەکە یا هەر تەرجەمە نەکراوەتەوە، یا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و هیچ پێوەندییەکی بە ئەسڵی ماناکەوە نیە و هتد. بە باوەڕی من ئەوەندەش بۆ دابەزینی نرخ و قیمەتی وەرگێڕدراوێک بەسە.


لەهەر حاڵدا هیوادارم بە سەرکەوتوویی توانیبێتم ئەو کتێبە مێژووییە بەوەجە لە زمانی یونانی‌ڕا بێنمە سەر زمانی کوردی و کتێبخانەی نیشتمانەکەمی پێ دەوڵەمەند بکەم. هەڵبەت من وەک وەرگێڕی ئەو سەرچاوە بەنرخە، خۆم لە بەرامبەر وشە بە وشەی دەقی یونانییەکە بە بەرپرس دەزانم. هیوادارم جێگای پەسندی هاوڵاتییانم بێ. هەڵە و پەڵەش دەخەمە بەر بارەگای گەورەیی و دڵفراوانی و یارمەتی ئێوەی بەڕێز.

١١ی مارچی ٢٠٠٨

## چرکەی شادی


دایک مانگانێک چاوەڕوانی لەدایکبوونی کۆرپەیەتی. لەبەر ئازار و برک و ژان بەدڵەوە خۆڕادەگرێ. یەکەم گریانی منداڵ و چاوپشکووتنی بە جیهان، مژدەی شادی بە دایک دەبەخشێت. نووسەریش دایکێکە. زەمەنێک ماندوو دەبێ و وەک سەردەمی ئاوسبوونی دایک، لە چاوەڕوانیدا دەژی. فارس گوتەنی زەجری خوشایندە و بە دڵ و گیان دەیکڕێ. وەختێک کتێب و بەرهەمەکەی لە چاپخانە دێتەدەر، لەجیات گریانی کۆرپەی، گوێ لە قاقای لاپەڕەکانی دەگرێ و شادی لە دڵ و دەروونی دەگەڕێ. منیش بە سکێک دوو کۆرپەم دوای چاپ، گەیشتنە دەست. خۆشییەکی کەموێنە!




٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

## بیرەوەری کۆیلەیەک




ستراتیس دوکا

وەرگێڕانی لە یونانییەوە کوردی

٨ی جوولای ٢٠١٣

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧١٩ی کوردی - دێسەمبەری ٢٠١٩ی زایینی

نۆژەنکردنەوە: پووشپەڕی ٢٧٣٦ی کوردی = جوولای ٢٠٣٦ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ عەلی فەتحی بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، دیمانە و وەرگێڕاوەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

